# شـــــيبلی

# شیبلی

## (تاجی سەری عارفان)

عەلی نانەوازادە

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

هەولێر - ٢٠١٢

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **شیبلی** **(تاجی سەری عارفان)**
- **ئامادەکردن: عەلی نانەوازادە**
- **نەخشەسازی ناوەوە: ڕێدار جەعفەر**
- بەرگ: هۆگر سدیق
- نرخ: (٣٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم: ٢٠١٢
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی هێڤی (هەولێر)
- **لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٦١٣) ساڵی(٢٠١٢)ی پێ دراوە.**

**زنجیرەی کتێب (٦٥٣)**

**هەموو مافێکی بۆ دانەر پارێزراوە**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# پێرست


پێشەکی ........................................................ ٧
سەری سەقەتیی................................................... ١٥
سەری سەقەتی دەکتێبەکانی دیکەدا ................................. ٢٩
جونەیدی بەغدایی ............................................... ٣٥
جونەید دە کتێبەکانی دیکەدا ...................................... ٦٧
ئەبوولحوسێنی نووریی ............................................ ٨١
نووریی دە کتێبەکانی دیکەدا ...................................... ٩٧
ئەبوویەکری شیبلی................................................ ١٠٥
شیبلی دە کتێبەکانی دیکەدا ...................................... ١٤٥
ئیبنی عەتا ..................................................... ١٧١
حەللاج ........................................................ ١٨١
حەللاج دە کتێبەکانی دیکەدا ..................................... ١٩٩

# پێشەکی

شیبلی ناوێکی ئاشنای دونیای تەسەووف و عیرفان و پێخۆری گەلێک داستان و نەزم و هۆنراوەی عارفانەیە.

جونەید دەڵێ " هەر قەومەی تاجێکی هەیە و شیبلی تاجی ئەو قەومەیە."

منیش شیبلیم وەک تاجێک هەڵبژارد و بە تەما بووم کە ئەو کارە بەس بۆ ئەو تەرخان بکەم، بەڵام دە ڕەوتی کار دا بۆم دەرکەوت کە شیبلی تێکەڵاویی دەگەڵ کۆمەڵیک سۆفی و عارفی هاوچەرخی خۆی هەبووە. سەردەمی شیبلی (سەرەتای سەدەی سێهەمی کۆچی) سەردەمێکی پڕ لە سۆفی و عارفە کە شیبلی دەگەڵ هەندێکیان پەیوەندیی نزیک و دۆستانەی هەبووە وەک حەللاج و نووری و ئیبنی عەتا و هەروەتر خەیری نەسساج وەک یەکەمین پیر کە لە سەر دەستی تۆبەی کردووە و لە دواییش جونەید کە مامۆستایەتی وە عۆدە گرتووە کە بێ باسی ئەو کەسانە کارەکە ناتەواو دەبوو. هەر لەبەر ئەوە پێنج گەوهەری دیکەشم هەڵبژارد بۆ ڕازاندنەوەی ئەو تاجە.

سەریی سەقەتیی وەک پیر و مامۆستای جونەید و نووریی.

جونەید وەک مامۆستای شیبلی و حەللاج

نووریی وەک دۆستی نزیکی شیبلی

حەللاج وەک دۆستی نزیکی شیبلی

ئیبنی عەتا وەک دۆستی نزیکی شیبلی

شێوەی ئەم کارەش - وەک کتێبەکەی بایەزیدی بەستامیی- سەرچاوەی سەرەکی کتێبی تەزکەرەی ئەولیای فەریدەددینی عەتتارە و ماباقی کە وەک پەراوێز و پاشکۆ هاتوون کۆمەڵێک کتێبن کە سەرچاوەکانیان دەست نیشان کراوە.

شیبلی ده کتێبی تەزکەرەی ئەولیا دا ناوی به ئەبووبەکری شیبلی هاتووه بەڵام ده کتێبەکانی دیکه دا وەها هاتووه: ابوبکر دلف بن جحدر الشبلی (ترجمه رساله قشیریه) جعفر بن یونس، دلف بن جعفر، دلف بن جحدر (نفحات الانس) و به خەڵکی بەغدایان داناوه که هەشتا و حەوت ساڵ ژیاوه و له بەغدا مردووه و هەر لەوێش نێژراوه.

له باسەکان و داستانەکان دەردەکەوێ که شیبلیش هەروەک بوودا و ئیبراهیمی ئەدهەم سەرەتا میر و دەستەڵاتدار بووه و به مەیلی خۆی پشتی له دونیا و دەستەڵات کردووه و ڕووی ده تەریقەت ناوه و هەروەکی بۆ خۆی دەڵێ " من ئەگەر خزمەتی سوڵتانم نەکردبا، نەمدەتوانی خزمەتی مەشایخ بکەم و ئەگەر خزمەتی مەشایخم نەکردبا نەمدەتوانی خزمەتی خودا بکەم.". شیبلی دوای تەرکی دەستەڵات دەچێته لای خەیری نەسساج و له سەر دەستی ئەو تۆبەی دەکا.

ابوالحسن محمد بن خیر النساج یەک له گەورەکانی مەشایخی تەسەووف بووه که ده کتێبی تەزکەرەی ئەولیا دا وەها باسی هاتووه:

شیبلی و ئیبراهیمی خەوواس له مەجلیسی ئەو تۆبەیان کرد. شیبلی ناردە لای جونەید بۆ ڕاگرتنی حورمەتی جونەید و ئەو مریدی سەریی سەقەتیی (خاڵی جونەید) بوو و جونەید گەلێک ڕێزی دەگرت.

هۆی ئەوه که پێیاندەکوت خەیری نەسساج، ئەوه بوو که له زێدی خۆی سامرە به تەمای حەج ڕۆیشت، ڕێی ده کووفه کەوت. کاتێک گەیشته دەروازەی کووفه – مەرقەعێکی شڕ و دڕاوی پۆشیبوو و خۆشی ڕەشتاڵه بوو وەها که هەرکەس بینیبای، دەیکوت: ئەمه پیاوێکی گەوج دیاری دەدا – یەکێک بینی، کوتی " چەند ڕۆژان کاری لێدەکێشم. " چوو لای و کوتی " تۆ بەندەی؟ "

کوتی " ئادی! "

کوتی " له خودا ڕاتکردووه؟ "

کوتی " ئادی! "

کوتی " تۆ ڕادەگرم هەتا بتسپێرمەوه دەست خودا. "

کوتی " من خۆم هەر ئەوه تەڵەب دەکەم. "

پاشان بردیەوە ماڵ و کوتی " ناوی تۆ خەیرە. "
ئەو لەبەر باوەڕی پاک کە هەیبوو - المومن لا یکذب - دژایەتی دەگەڵ نەکرد و دەگەڵی چوو و خزمەتی پێکرد. ئەو پیاوە خەیری فێرە نەسساجی کرد و گەلێک ساڵ کاری بۆ کرد. هەرکات دەیکوت " ئەی خەیر! " ئەو دەیکوت " لەبەیک! " هەتا ئەوەکە ئەو پیاوە پەشیمان بۆوە وەختایەک ڕاستیی ئەدەب و فەراسەتی ئەوی بینی و عیبادەتی زۆری ئەوی چاو پێکەوت، کوتی " من غەڵەتم کردبوو تۆ بەندەی من نی، بۆ هەرکوێ دەتەوێ برۆ. " ئەو ڕۆیشت و چوو مەککە و گەیشتە دەرەجەیەک کە شێخ جونەید کوتی " الخیر خیرنا " و ئەو پێخۆش بوو کە پێیبڵێن خەیر. کوتی "ڕەوا نییە کە برایەکی موسڵمان ناوی لێناوم و من ئەو بگۆڕم. "
دەڵێن کە سەد و بیست ساڵ عومری کرد. کاتێک وەفاتی نزیک بۆوە، نوێژی شێوان عیزراییل سێبەری خست. سەری لە سەر باڵنج هەڵێنا و کوتی " عافاک الله! بوەستە! کە تۆ بەندەی مەئمووری و من بەندەی مەئموور. بە تۆیان کوتووە کە : گیانی ئەو بستێنە! و بە منی کوتووە: کە وەختی نوێژ داهات نوێژ بکە! ئەوەی بە تۆیان فەرمووە فەوت نابێ بەڵام هی من فەوت دەبێ. " تەهارەتی کرد و نوێژەکەی کرد پاشان وەفاتی کرد.

# شیبلی و جونەید

شیبلی بە ئیشارەی خەیری نەسساج چوو لای جونەید و پێیکوت "لای تۆ گەوهەری ئاشنایەتییمان نیشان دەدەن. یا بیبەخشە یا بیفرۆشە! "
جونەید کوتی "ئەگەر بیفرۆشم تۆ بەهاکەت پێنادرێ و ئەگەریش بیبەخشم ئەوە هاسانت دەست کەوتووە، قەدری نازانی. وەک من تەپڵی سەرت بکە هەنگاو و خۆ دەو دەریایە باوێ، هەتا بە سەبر و چاوەڕوانیی گەوهەرت دەست بکەوێ. "
جا شیبلی کوتی " ئێستا چ بکەم؟ "
جونەید بۆ پاک کردنەوە و بار هێنانی شیبلی، ئەوی بە ڕێگەیەکی سەخت و دژوار دا نارد و شیبلیش هەنگاو بە هەنگاو بەڵا و سەختییەکانی قەبووڵ کرد و

ئاکام وەهای لێهات کە جونەید خەرقەی خۆی دە بەر شیبلی کرد. لە لایەکی دیکەشەوە شیبلی هەرچەند شاگردی جونەید بوو بەڵام دە تەریقەت دا بە ڕێگەی بایەزید دا ڕۆیشت. جونەید عارفێکی سەحویی بوو کە گرینگایەتی بە وشیار بوون و حازر بوون دەدا و شیبلی هەروەک بایەزید عارفێکی سۆکریی بوو، یانی ئاشق و مەست و غایب. جونەید مامۆستایەکی جیددی و سۆفییەکی عالیم بوو هەتا عارفێکی شەیدا، کەسێک کە دەیەویست هەتا مەرزی گونجان تەسەووف وەک عیلمێک لێکبداتەوە. شێخ ئەبوو جەعفەری حەدداد دەڵێ " ئەگەر **ئەقڵ** پیاوێک با وەکوو جونەید دەبوو " (نفحات الانس ل ٨٠) هەروەتر دیسان دەو کتێبە دا هاتووە کە " زوننوون یەکەم کەس بوو کە ئیشارەکانی کرد بە عیبارەت و بەم شێوە قسەی کرد و کاتێک جونەید پەیدا بوو لە تەبەقەیەکی دیکە ئەو عیلمەی ڕێکوپێک کرد و پەرەی پێدا و کتێبی ساز کرد و کاتێک شێبلی پەیدا بوو لە تەبەقەیەکی دیکە دا ئەو عیلمەی بردە سەر مەنبەر و ئاشکرای کرد. " (ل ٣٣)

سەحو و سۆکر دوو باسن دە تەسەووف دا. بایەزیدیان بە دامەزرێنەری سۆکر داناوە و کۆمەڵێک سۆفی وەک شیبلی و نووری و حەللاج و ئەبوو عەتا بەو ڕێگەیە دا ڕۆیشتوون و ئەوە جالبە کە جونەید و شیبلی هەتا ئاخر بە خۆشەویستیی و حورمەتەوە دەگەڵ یەک بوون و کۆمەڵێک داستان لە سەر پەیوەندیی ئەو مامۆستا و شاگردە هەیە، شاگردێک کە زمانێکی تیژی هەیە و بە قەولی جونەید جاروبار خوێنی لێدەتکێ.

دە تەزکەرەی ئەولیا دا لاپەڕەی ٧١١ هاتووە:

کوتیان "جونەید وشیار هات و وشیار دەرکەوت و شیبلی مەست هات و مەست ڕۆیشت."

[خەرەقانی] کوتی " ئەگەر لە جونەید و شیبلی پرسیار بکەن کە: ئێوە چۆن هاتنە سەر دونیا و چلۆن لێیدەرچوون؟ ئەوان نە خەبەریان لە دەرچوون هەیە و نە لە هاتن. "

هەر دەستبەجێ نەدایان کردە شێخ کە " ڕاست دەکەی! لە هەردووکمان پرسی، هەر ئەوەیان کوت کە: خودا دەزانن و لە شتی دیکە خەبەریان نیە."

هەروەتر دە کتێبی کشف المحجوب دا هاتووە:

بایەزیدی بەستامیی و ئەبووبەکری شیبلی و جەماعەتێکی دیکە هەمیشە مەغلووب بوون هەتا وەختی نوێژ دادەهات و ئەوسا دەهاتنەوە سەر حاڵی خۆیان و دوای نوێژ دیسان مەغلووب دەبوونەوە.

# شیبلی و حەللاج

حەللاج عارفی یاغیی بەناوبانگ ماوەیەک مرید و شاگری جونەید بووە و خەرقەی لە دەست جونەید وەرگرتووە و هەر لەو پەیوەندییە و دەو کۆڕە دا شیبلی ناسیوە و بوونە دۆست و هاوڕا.

حەللاج هەر لە سەرەتای کاری دا گرفتێک بوو بۆ ئەهلی تەسەووف. دەو سەردەمە ناسکە دا جونەید و کۆمەڵێک سۆفی بە تەما بوون شەریعەت و تەریقەت لێکبدەن و تەسەووف بکەن بە عیلمێک و جێ پێیەک بۆ خۆیان دە نێو دەستەڵات و کۆمەڵگای شەریعەتخواز دا بکەنەوە، حەللاج ئەو کارەی پێ فریو و مەعامله بوو و خەرقەی فڕێ دا و نەترسانە بیر و ڕای خۆی دەربڕێ. دە کتێبی تلبیس ابلیس دا هاتووە:

عەمرۆ مەککی کوتوویەتی دەگەڵ مەنسوور [ی حەللاج] بە کۆڵانێکی مەککە دا دەڕۆیشتین و من قورئانم دەخوێندەوە، دەنگی بیستم و کوتی: منیش دەتوانم وەک ئەوە بڵێم!"

عەمرۆ کوتی " لەو جیا بوومەوە. "

دەگێڕنەوە کە:

هەر ئەو عەمرۆیە حەللاجی بە لەعنەت دەکرد و دەیکوت " ئەگەر توانیبام بۆ خۆم دەمکوشت. "

پرسیان " بۆچی؟ "

وڵامی داوە " ئایەتێکی قورئانم دەخوێندەوە ئەو کوتی: منیش دەتوانم وەک ئەوە بڵێم! "

هەروەتر لە ئەبووبەکر بنی مەمشاد دەگێڕنەوە کە:

کەسێک لە دینەوەر هاتە لای ئێمە و خورجینێکی پێبوو کە شەو و ڕۆژ لە خۆی جیا نەدەکردەوە. ئەو خورجینەیان پشکنی و نامەیەکی حەللاجیان تێدا

دیتەوە کە عینوانەکەی وەها بوو " من الرحمن الرحیم لە فلانەوە بۆ فلان... " نامەیان ناردە بەغدا و لەوێ حەللاجیان بانگ کرد و نامەیان نیشان دا، کوتی " ئادی ئەوە خەتی منە و من نووسیومە! "

لە ڕوانگەی منەوە حەللاج هەڵۆیەکە کە هێلکەی شەریعەتی شکاندووە و تەریقەت و باڵ وەشاندی لە سەر لووتکە و هەڵدێرەکان تێپەڕ کردووە و گەورە و بە هێز خۆی بە ئاسمان و بەرزایی مەعرەفەت داداوە و ئێستا فشەی بە دەستەڵاتی شەریعەتمەدارانی چاوقووچاوەی نێو هێلکە و بە داستان و ئەفسانە هەڵبەستنی سۆفی ڕووتەڵەکانی نێو هێلانە دێ و فڕین و ئەشق بە ڕاستی دادەنێ و بوێرانە و ڕاستوێژانە لە فڕین دەدوێ و ڕێگای ئەو مامۆستایانە کە چاویان لە سەر فڕین نووقاندووە و پەنایان بۆ قسە و باوەڕ و کەراماتی نێو کتێبەکانی شەریعەت و تەریقەت بردووە، بە فریو دادەنێ و لەم ڕێگایەش شیبلی هاوبیر و هاوباوەڕی بووە بەڵام شیبلی خۆ لە خۆ بە کوشت دان دەپارێزێ و بە شێتایەتی خۆ لەو گرفتە ڕزگار دەکا. شیبلی دەڵێ " من و حەللاج لە یەک سەرچاوەین بەڵام ئەقڵەکەی ئەوی بە کوشت دا و منیان بە شێت دانا و ڕزگارییم هات " و هەروەتر حەللاجیش لە وەختی لێپرسینەوە دا شیبلی و ئیبنی عەتا بە هاوڕا و هاوبیری خۆی ناو دەبا.

حەللاج بە هەڵبژاردنی مەرگ ئەویش نەک مەرگێکی سوقراتانە کە لە کۆڕی دۆستان دە زیندان دا، ئارام جامی شۆکەران بخواتەوە بەڵکە بە مەرگێکی سامناک کە ئازای لەشیان یەک یەک بڕی و دڕندانە لەت و پاریان کرد کە هەر سات و هەر دەمەی قۆناغێک و تاقیکردنەوەیەک بووە بۆ بە خۆ دا چوونەوە و بۆ چۆک دادان و پاشگەز بوونەوە؛ بەڵام مەردی مەردانە و دەم بە بزە حەسرەتی ئاخێکی چووکی خستە سەر دڵی تەواوی زۆرداران و دوژمنانی ڕووناکبینان و عارفان بۆ تەواوەتی مێژوو و بوو بە یەک لە شەهیدانی ئەشق.
وەختایەک حوکمەکەی دەدرێ یەک لەو کەسانەی حوکمەکەی ئیمزا دەکا جونەید بووە (لەبەر کردەوە و جووڵانەوەکەی نەک لە بەر بیر و ڕایەکەی) و شیبلیش کە ئەودەم گۆیا لە شێتخانە بووە وەک شاهیدێک دەیبەن هەتا چاو

له سێداره دانەکەی بکا و وەختایەک خەڵک بەردیان پێداداوه شیبلیش بۆ هاوڕایی دەگەڵ خەڵک گڵ یا گوڵی پێداداوه.

ده زمانی فارسی دا وشەی "**گل**" هەم به گڵ و هەم به گوڵ دەخوێندرێتەوه و هەر لەبەر ئەوەش هەرکەس بیر و بۆچوونی خۆی هەیە کە گڵ دروسته یا گوڵ. من خۆم لەبەر چەند هۆ به گڵ یا گڵمەتی دادەنێم که مەعقوولتره و دەگەڵ ئەو هەلومەرجه ناسکەی تەفتیشی بیر و باوەڕ یا **سەردەمی میحنەت** که دەستەڵات، شەمشیری له گیانی ئەهلی تەسەووف تیژ کردبۆوه و له قوربانیی دەگەڕا، دەیخوێنێتەوه کەچی گوڵ شاعیرانەتر و مۆدێرنتر و رۆمانتیکتره.

یەک: هەر سەرەتا حەللاج شیبلی وریا دەکاتەوه که لێی دوور کەوێتەوه.

ڕۆژێک [حەللاج] به شیبلی کوت " یا بابەکر! دەست هەڵگره که ئێمه به تەمای کارێکی عەزیمین ... وەها کارێک که خۆ کوشتنمان له پێشه (تذکره الاولیا ل ٥٨٩)

دوو: هەم جونەید و هەم کۆمەڵێک مەشایخ دەو سەردەمه ناسکه دا ناڕازیی لەو شۆڕشگێڕییەی حەللاجن که ژیانی سۆفیانی تووشی مەترسی کردووه و ڕەزایەتیان به حوکمی کوشتنی داوه و وەختایەک له حەللاج دەپرسن که دەو ئیدەعایه دا کێ دەگەڵ تۆ شەریکه دەڵێ: ئیبنی عەتا، ئەبوو مەحەممەدی جورەیری و شیبلی بەڵام ئەو دوویه تەقییه دەکەن و ئەگەر کەسێک به ئاشکرا دەگەڵم هاوڕا بێ ئیبنی عەتایه (تلبیس ابلیس ل ١٤٢) و هەر لەبەر ئەوەش ئەوەنده به لینگه کەوش له سەری ئیبنی عەتا دەکوتن هەتا دەیکوژن و کاتێک شیبلی بانگ دەکەن و لێدەپرسنەوه دەڵێ "هەرکەس ئەو قسەی بکا دەبێ بەری بگرن "

سێ: وەختایەک شیبلی گڵمەتی پێدادەدا ئاخێک دەکا. لێی دەپرسن " لەو هەموو بەردە بۆچ ئاخێکت نەکرد، لەو گڵه بۆ ئاخت کرد؟ " دەڵێ " ئەوان نازانن، مەعزوورن ئەوەم لەبەر گرانه که ئەو دەزانێ که: نابێ بیکا "

له حەوشی زیندان یا له سەر بازاڕ که سەدان کەس کۆ بوونەوه و زۆردارانی تووڕه و جەللادان وەستاون چ جێگەی گوڵ پێدادانه و هەر گوڵ له کوێ دەست دەکەوێ؟. ساتێکی ناسک که بەحسی سەر و گیانه و شیبلی دەبێ به جۆرێک خۆ لەو مەحکەمه و مەخمەسه ڕزگار بکا.

**ع. ن. ستۆکهۆلم - ٢٠٠٩**

# سەریی سەقەتیی

**(وەفات: ۲۵۷ی مانگیی)**

**سەریی سەقەتیی** ئیمامی ئەهلی تەسەووف بوو، لە عیلمی جۆراوجۆر دا بە کەماڵ بوو، دەریای خەفەت و دەرد بوو، کێوی سێبووریی و وەستان بوو، خەزێنەی بەزەیی و شەفەقەت بوو، لە رەمز و ئیشاڕات ئەعجووبەیەک بوو.

یەکەم کەسێک کە لە **بەغدا** باسی هەقیقەت و تەوحیدی کرد، ئەو بوو. زۆربەی مەشایخ مریدی وی بوون. خاڵی **جونەید** بوو و مریدی **مەعرووف [ی کەرخیی]** بوو و **حەبیبی راعیی** بینیبوو.

سەرەتا لە **بەغدا** دادەنیشت و دوکانی هەبوو. پەردەی دەرگای دادەداوە و نوێژی دەکرد.

یەکێک لە کێوی **لۆکام** هاتبوو زیارەتی وی و پەردەی لادا و سڵاوی کرد و بە **سەریی** کوت " فڵانە پیر لە کێوی **لۆکام** سڵاوت دەگەیەنێتێ. "

**سەریی** کوتی " ئەو لە کێو نیشتەجێ بووە؟ کارێکی گەورە نییە. پیاو دەبێ لە نێو بازاڕ خەریک بێ وەها کە یەک لەحزە لە هەق غایب نەبێ."

دەگێڕنەوە کە:

لە کڕین و فرۆتن، جگە لە دە نیو سوودی وەرنەدەگرت و جارێک بە شێست دینار بادامی کڕی. بادام گران بوو. دەڵاڵ هات و کوتی "بیفرۆشە" و کوتی " بە چەند؟"

کوتی " بە شیست و سێ دینار. "

کوتی " بایی بادام ئەوڕۆ نەوەد دینارە. "

کوتی " قەراری من ئەوەیە کە لە هەر دە دینار، نیو دینار پتر سوود وەرنەگرم، من بەڵێنی خۆم لە ژێر پێ نانێم. "

دەڵاڵ کوتی " منیش پێم ڕەوا نییە کە کاڵای تۆ بە کەم بفرۆشم. "

نە دەڵاڵ فرۆشتی و نە **سەریی**.

سەرەتا سەقەتفرۆشیی دەکرد. ڕۆژێک بازاڕی **بەغدا** سووتا. بەویان کوت "بازاڕ سووتا! "

کوتی " منیش فارغ بووم. "

پاشان که چاوی لێکرد، دوکانەکەی نەسووتابوو. کاتێک ئەو حاڵەتی بینی، ئەوەی هەیبوو دای بە دەروێشان و تەریقی تەسەووفی گرتە بەر.

لەویان پرسی کە " سەرەتای حاڵی تۆ چۆن بوو؟ "
کوتی " ڕۆژێک **حەبیبی راعیی** بە بەر دوکانی من دا هات. من شتێکم دایە کە: بیدە بە دەروێشان. کوتی: جزاک الله خیرا. لەو ڕۆژەوە ئەو دوعایەی کرد، دونیا لە سەر دڵم سارد بۆوە. هەتا ڕۆژێکی دیکە **مەعرووفی کەرخیی** هات، منداڵێکی دەگەڵ بوو، کوتی: جل بۆ ئەو منداڵە هەڵبگرە. من جلم دەبەر ئەو منداڵە کرد. **مەعرووف** کوتی: خودا دونیا لە سەر دڵت بکاتە دوژمن و تۆ لەو پیشەیە ڕزگار بکا. من بە تەواوەتی لە دونیا فارغ بووم لە بەرەکەتی دوعای **مەعرووف**. "

هەروەتر:
کەس لە ڕیازەت ئەو شێلگیرییەی نەبوو کە ئەو هەیبوو، هەتا ڕادەیەک کە **جونەید** کوتی " هیچکەسم نەبینی دە عیبادەت دا کامیلتر لە **سەریی**، کە نەود و هەشتساڵ بە سەر وی دا تێپەڕی و تەنیشتی نەخستە سەر زەوی مەگەر کاتی ئاویلکە دان. "

هەروەتر:
کوتی " ڕۆژێ چەند جار چاو لە ئاوێنە دەکەم، لە تاو ئەوەکە نەکا لە شوومیی گوناهـ ڕووم ڕەش بووبێ. "

هەروەتر:
کوتی " دەمەوێ خەفەتی سەر دڵی خەڵکە بکەوێتە سەر دڵی من، هەتا ئەوان فارغ بن لە خەفەت. "

هەروەتر:

**بێشری حافیی** کوتی " من لە کەس سوالّم نەدەکرد مەگەر لە **سەریی** کە زوهدی ویم دەزانی کە: شاد دەبیٚ لە شتێکی کە لە دەستی بچێتە دەر."

**سەریی سەقەتیی** کوتی:

ڕۆژی جەژنە **مەعرووف** -م بینی کە دەنکی خورما هەڵدەگرێتەوە. کوتم "ئەوانەت بۆ چیە؟ "

کوتی " ئەو منداڵەم بینی کە دەگری. کوتم: بۆ دەگریٚ؟ کوتی: من هەتیوم، نە دایکم هەیە و نە باوک. منداڵەکان جلی نوێیان دە بەر دایە و من نا، ئەوان گوێزیان پێیە و من نیمە. ئەو دەنکانە هەڵدەگرمەوە هەتا بیفرۆشم و گوێزی بۆ بکڕم، هەتا نەگری و کایەی بکا. "

**سەریی** کوتی " ئەو کارە من دەیکەم و دڵی تۆ فارغ دەکەم. "

ئەو منداڵەم برد و جلی نوێم دە بەر کرد و گوێزم بۆ کڕی و دڵیم شاد کرد. دەستبەجیٚ نوورێک دە دڵم دا ئەنگووت و حالّم گۆڕا.

**جونەید** کوتی:

" دەگەڵ سەریی بە لای جەماعەتی نێرەمووکان دا تێپەڕین. بە دڵی من داهات کە: حاڵی وان چۆن دەبیٚ؟ "

**سەریی** کوتی "هەرگیز بە دڵی من دانەهاتووە کە: لە خوڵقاوێک سەرترم دە کوللی عالەم دا. "

کوتم " یا شێخ! خۆت لە نێرەمووکانیش پیٚ سەرتر نییە؟ "

کوتی " هەرگیز، نا! "

دەگێرنەوە کە:

**سەریی** خوشکێکی هەبوو، ئیزنی خواست کە: بڵا ماڵەکەت بماڵم.

ئیزنی نەدەدا. کوتی " ژیانی من بەشی ئەمە ناکا. "

هەتا ڕۆژێک [خوشکەکەی] وە ژوور کەوت. پیرێژنێکی بینی کە ماڵەکەی دەماڵیٚ، کوتی "ئەی برا! منت ئیزن نەدا هەتا خزمەتت بکەم، ئێستا نامەحرەمێکت هێناوە؟ "

کوتی " خوشکم! دڵت بەوانەوە خەریک مەکە، ئەمە دونیایە کە لە ئەشقی ئێمە سووتاوە و لە ئێمە مەحرووم ماوە. ئێستا لە هەق ئیزنی خواستووە هەتا نەسیبێک لە ڕۆژگاری ئێمە بەرێ، گەسکی حوجرەی ئێمەیان داوەتە دەستی. "

دەگێڕنەوە کە:

پیاوێک سی ساڵ بوو دە موجاهیدە دا شێلگیر بوو. کوتیان " ئەوەت بە چی دەست کەوت؟ "

کوتی " بە دوعای سەریی! "

کوتیان " چلۆن؟ "

کوتی " ڕۆژێک چوومە ماڵەکەی و دەرگام کوتا. ئەو دە خەلوەت دابوو، هەرایەکی کرد کە: کێیە؟ کوتم: ئاشنا! کوتی: ئەگەر ئاشنا بای، خەریکی ئەو دەبووی، پەروای ئێمەت نەدەبوو. جا کوتی: خودایە! خەریک بە خۆی بکە وەها کە پەروای کەسی نەبێ! هەر ئەو دوعایەی کرد، شتێک کەوتە نێو سینگم و کار گەیشتە ئێرە. "

دەگێڕنەوە کە:

ڕۆژێک مەجلیسی دەکوت. یەک لە نەدیمانی خەلیفە بە ناوی **ئەحمەد یەزیدی کاتیب** بە شکۆیەکی تەواو دەگەڵ تاقمی خزمەتکار و غوڵامان تێدەپەڕی، کوتی " وەرە بچینە مەجلسی ئەو پیاوە، چەندە بچینە جێگەیەکی کە نابێ بچین؟ " پاشان وە مەجلیس کەوت. بە سەر زمانی **سەریی** دا هات کە " لە هەژدە هەزار عالەم هیچکەس نییە لە بەشەر زەعیفتر و هیچکەس لە خوڵقاوەکانی خودا بۆ فەرمان وەها سەرپێچی ناکەن کە بەشەر دەیکا. ئەگەر چاک بێ وەها چاک دەبێ کە فریشتەکان ئێرەیی پێدەبەن بە حاڵەتی و ئەگەر خراپ بێ وەهای لێدێ کە دێو پێی نەنگ دەبێ ئەو و هاودەمیی ئەو. "

ئەو قسەیە تیرێک بوو کە لە کەوانی **سەریی** دەرپەڕی و وە گیانی **ئەحمەد** کەوت. ئەوەند گریا کە لە هۆش چوو. جا بە گریان هەستا و چۆوە ماڵ و ئەو شەوە هیچی نەخوارد و قسەی نەکرد.

ڕۆژی دوایی پیادە هاتە مەجلیس، خەفەتبار و ڕوو زەرد. کاتێک مەجلیس تەواو بوو، دیسان چۆوە ماڵ.
ڕۆژی سێهەم هات، پیادە، تەنیا. کاتێک مەجلیس تەواو بوو، چوو لای **سەریی** و کوتی "ئەی ئوستاد! ئەو قسەی کە تۆ کوتت منی داگرتووە و دونیای لە سەر دڵم سارد کردۆتەوە. دەمەوێ کە لە خەڵک خۆ دوور بکەمەوە و دونیا وەلابنێم، ڕێگای سالیکانم بۆ بەیان بکە."
کوتی "ڕێگای تەریقەتت دەوێ یا ڕێگای شەریعەت؟ ڕێگای عامت دەوێ یا ڕێگای خاس؟ "
کوتی " هەردووکیان بەیان بکە. "
کوتی " ڕێگای عام ئەوەیە کە پێنج نوێژ لە پشت ئیمام ڕابگرە و زەکات بدە - ئەگەر ماڵت هەیە - و ڕێگای خاس ئەوەیە کە هەموو دونیا بخە پشت پێت و بە هیچ ڕازانەوەی ئەو خۆت خەریک نەکەی و ئەگەر بتدەنێ، وەرینەگری. ئەمەیە ئەو دوو ڕێگایە. "
جا لەوێ دەرکەوت و ڕووی لە سەحرا نا. چەند ڕۆژ تێپەڕی. پیرێژنێکی پرچ ڕناو و ڕوو داڕووشاو هات و کوتی " ئەی ئیمامی موسڵمانان! کوڕۆکەیەکم هەبوو گەنج و تازەڕوو، هاتە مەجلیسی تۆ خەندان و خەرامان و گەڕاوە سووتاو و چاو بە گریان. ئێستا چەند ڕۆژە ون بووە و نازانم لە کوێیە و دڵم لە تاوانی دەسووتێ، تەدبیری کاری من بکە. " ئەوەند گریا و پاڕاوە، **سەریی** بەزەیی پێداهات، کوتی " دڵت تەنگ مەکە کە جگە لە خێر نابێ – ئەگەر بێتەوە، من خەبەرت دەکەم – کە ئەو تەرکی دونیای کردووە و دونیا و ئەهلی دونیای بەر داوە. "
ماوەیەک تێپەڕی، شەوێک **ئەحمەد** هات. **سەریی** بە خادمی کوت " بڕۆ و پیرێژن خەبەر بکە. "
جا **سەریی**، **ئەحمەد**ی بینی ڕووی زەرد و لاواز بووە و باڵای سەروی چەمیوەتەوە، کوتی " ئەی ئوستادی موشفیق! وەها کە منت خستە ڕاحەتیی و لە تاریکیی دەرتکێشام، خوداش ڕاحەتیی دوو جەهانت پێشکەش بکا. "
ئەوان دەو قسانە دابوون کە دایکی **ئەحمەد** و خاو و خێزانی هاتن و کوڕێکی چووکە کە هەیبوو دەگەڵ خۆیان هێنابوویان. کاتێک دایک چاوی بە

**ئەحمەد** کەوت، بە حاڵێک بینی کە نەیبینیبوو، جلشڕ، سەراڵۆز، خۆی بە باوەشی دادا و خێزانی لە لایەکی دیکەوە دەگریا و کوڕ دەگریا و هەموو وە خرۆش کەوتن. **سەریی** وە گریان کەوت. دایک منداڵی خستە بەر پێی باوک. هەرچی تێکۆشان هەتا ئەو ببەنەوە ماڵ، سوودی نەبوو. کوتی " ئەی ئیمامی موسڵمانان! بۆچ ئەوانت خەبەر کرد؟ کە کاری من تووشی زیان دەکەن. "

کوتی " دایکت زۆر گریابوو و من لێم قەبووڵ کردبوو. "

جا **ئەحمەد** ویستی بگەڕێتەوە. ژن کوتی " منت دە ژیان دا کردە بێوەژن و منداڵەکانت هەتیو، ئەگەر منداڵ تۆی بوێ من چ بکەم؟ "

ناچار کوڕی وە خۆ گرت و کوتی " وەهای لێدەکەم منداڵەکەم " جلی جوانی لە بەر داکەند و کوتێک بەڕەی پێدادا و زەمبیلێکی دا بە دەست و کوتی " جا بڕۆ! "

دایک کاتێک ئەو حاڵەی بینی، کوتی " من تاقەتی ئەوەم نیە. " منداڵی فڕاند.

کوتی " تۆش ئەگەر دەتەوێ پێت بکەمەوە؟ "

جا **ئەحمەد** گەڕاوە و ڕووی لە سەحرا نا هەتا چەند ساڵێک تێپەڕی. شەوێک نوێژی خەوتنان بوو کە کەسێک هاتە خانەقا و کوتی " **ئەحمەد** منی ناردووە و دەڵێ: کارم گەیشتۆتە تەنگیی، بە فریام بگە! شێخ ڕۆیشت. **ئەحمەدی** بینی لە گۆڕخانەیەک کەوتۆتە سەر خاک و هەناسەی هاتۆتە سەر لێوی و زمان دەجووڵێنێ. گوێی گرت، دەیکوت " لمثل هذا فليعمل العاملون. " (کارگەرانی خودا وەها کار دەکەن. سوورەی ٣٧ ئایەی ٦١)

**سەریی**، سەری هەڵگرت و لە خاک پاکی کردەوە و لە سەر کۆشی دانا. **ئەحمەد** چاوی هەڵینا و شێخی بینی، کوتی " ئەی ئوستاد! وەختی چاک هاتی کە کارم گەیشتۆتە تەنگیی. " جا پشووی بڕا.

**سەریی** بە گریان ڕووی لە شار نا هەتا کارەکەی ڕاپەڕێنێ. خەڵکێکی بینی لە شار دەهاتنە دەرەوە. کوتی " بۆ کوێ دەچن؟ "

کوتیان "خەبەرت نیە کە دوێنێ شەو لە ئاسمانەوە نەدا هات کە: هەرکەس دەیەوێ نوێژ لە سەر ولییەکی خاسی خودا بکا، بڵێن بچێتە گۆڕستانی **شونیزیە**؟ "

هەروەتر:

کوتی " ئەی لاوەکان! کار بە لاوەتیی بکەن بەر لەوەی کە بگەنە پیریی و زەعیفیی و داماو بن، هەروەک من کە ماوم. " و ئەودەم کە ئەو قسەی دەکرد، هیچ لاوێک تاقەتی عیبادەتی وی نەبوو.

هەروەتر:

کوتی " سی ساڵە کە ئیستغفار دەکەم لە یەک شوکر کوتن. "

کوتیان " چلۆن؟ "

کوتی " بازاڕی **بەغدا** سووتا بەڵام دوکانی من نەسووتا. خەبەرەکەیان بە من دا، کوتم: ئەلحەملای. لە شەرمی ئەوەکە خۆم بە باشتر لە برادەرانم دەویست و بۆ خاتری دونیا حەمدم کوت، لەوە ئیستغفار دەکەم."

هەروەتر:

کوتی "دوور بنەوە لە هاوسای دەوڵەمەند و قورئانخوێنەکانی بازاڕ و عالیمان و ئەمیران. "

هەروەتر:

کوتی " مەکر قەولێکە بێ عەمەل. "

هەروەتر:

کوتی " هەرکەس کە دەیەوێ بە سڵامەت بمێنێتەوە دینی و بە ڕاحەت بگا دڵ و لەشی و کەم بێتەوە غەمی وی، بڵێ: لە خەڵک خۆ دوور بخەوە کە ئێستا زەمانی دوورییە و ڕۆژگاری تەنیایی. "

هەروەتر:

کوتی " گشت دونیا زێدەیە مەگەر پێنج شت: نانێک کە بۆ بژیو بێ و ئاوێک کە تینوایەتی ببڕێ و جلێک کە لەش داپۆشێ و ماڵێک کە سەرپەنا بێ و عیلمێک کە کاری پێبکەن. "

هەروەتر:

کوتی " هەر گوناهێک کە بە هۆی شەهوەتەوە بێ هیوا هەیە بۆ لێبووریني و هەر گوناهێک کە بە هۆی خۆ پێ زۆر بوونەوە بێ، هیوا نییە بۆ لێبووریني. چونکە گوناهی ئیبلیس لە خۆ پێ زۆر بوونەوە بوو و گوناهی ئادەم لە شەهوەت. "

هەروەتر:

کوتی " ئەگەر کەسێک بچیتە باغێکی پڕ درەخت و لە سەر هەر درەختەی مەلێک هەڵنیشتبێ و بە زمانی فەسیح بڵێن: السلام علیک یا ولی الله! و ئەو کەسە نەترسێ کە: ئەوە مەکرە و ئەفسوون، دەبێ لەو بترسی. "

هەروەتر:

کوتی " قەویترین قەووەت ئەوەیە کە بە سەر نەفسی خۆت دا زاڵ بی و هەرکەس لە ئەدەب کردنی نەفسی خۆی عاجز بێ، لە ئەدەبی غەیر عاجزترە هەزار جار. "

هەروەتر:

کوتی " ئەدەب تەرجومانی دڵە. "

هەروەتر:

کوتی " گەلێکن کە قسەیان دەگەڵ ئاکاریان یەک نییە بەڵام هەندێکن کە ئاکاریان دەگەڵ قەولیان یەکە. "

هەروەتر:

کوتی " زمانی تۆ تەرجومانی دڵی تۆیە و ڕووی تۆ ئاوێنەی دڵی تۆیە. لە سەر ڕوو دەردەکەوێ ئەوەی کە دە دڵ دا شاراوەیە. "

هەروەتر:

کوتی " دڵ سێ جۆرە: دڵێکە وەک کێو کە بە هیچ لە جێ ناجمێ و دڵێکە وەک درەخت ڕیشەی قایم، بەڵام بایەک جار جار جووڵەیەکی تێدەخا و دڵێکە وەک پەڕ، هەتا شنەیەک دەشنێ بۆ هەر لایەک دەکێشرێ."

هەروەتر:

کوتی "حەیا و ئونس دێنە بەر دەرگای دڵ، ئەگەر دە دڵێک دا زوهد و وەرەع هەبێ دادەبەزێن دەنا دەگەڕێنەوە."

هەروەتر:

کوتی " پێنج شتن کە قەرار ناگرن دە دڵ دا ئەگەر دەو دڵە دا شتێکی دیکە هەبێ: خۆف لە خودا و رەجا بە خودا و دۆستایەتی خودا و حەیا لە خودا و ئونس بە خودا. "

هەروەتر:

کوتی " ئەندازەی تێگەیشتنی هەر کەسێک لە خۆی، بە قەرا نزیکی دڵی ئەوە کەسەیە لە خودا. "

هەروەتر:

کوتی " سبەی ئوممەتەکان بەرەو ئەنبیا بانگ دەکەنەوە بەڵام دۆستان بەرەو خودا بانگ دەکەنەوە. "

هەروەتر:

کوتی " شەوق سەرووترین مەقامی عارفە. "

هەروەتر:

کوتی " عارف ئەوەیەکە خواردنی، خواردنی نەخۆشان بێ و خەوتنی، خەوتنی مارانگەستە بێ و عەیشی، عەیشی خنکاوان بێ. "

هەروەتر:

کوتی " عارف هەتاو- سفەتێکە کە بە سەر هەموو عالەم دا دەدرەوشێتەوە و زەوی- وێنەیەکە کە باری هەموو گیانداران هەڵدەگرێ و ئاو- زاتێکە کە ژیانەوەی دڵەکان بەوە و ئاگر- ڕەنگێکە کە عالەم بەو ڕووناک دەبێ."

هەروەتر:

کوتی " تەسەووف ناوێکە بۆ سێ مانا: یەک ئەوە کە مەعرەفەتەکەی نووری وەرەع دانەپۆشێ و دە عالەمی باتین دا هیچ نەڵێ کە دژی زاهیری کتێب بێ و کەرامات ئەو وا لێبکا کە بەرگری خەڵک بکا لە حەرام. "

هەروەتر:

کوتی " عەلامەتی زوهد ئارام گرتنی نەفسە لە تەلەب، قەناعەت کردنە بەوەند کە برسیایەتی لێدەرچێ، ڕازیی بوونە بەوەند خۆی پێداپۆشی، دوور بوونەوەی نەفسە لە فزوول و لێکردنەوەی کۆت و بەندە لە دڵ. "

هەروەتر:

کوتی " عەیشی زاهید خۆش نییە چون بە خۆی مەشغووڵە و عەیشی عارف خۆشە چون بە لە خۆی مەشغووڵە. "

هەروەتر:

کوتی " خولقی باش ئەوەیەکە کەس نەڕەنجێنی و هەڵگری ڕەنجی خەڵک بی، بەبێ کین و تۆڵە. "

هەروەتر:

کوتی " قەویترین خەڵک ئەوەیەکە بە تووڕەیی خۆی بوێرێ. "

هەروەتر:

کوتی " تەرکی گوناهـ کردن سێ جۆرە: یەک لە خۆفی دۆزەخ و یەک لە مەیلی بەهەشت و یەک لە شەرمی خودا. "

**جونەید** کوتی کە:

**سەریی** کوتی کە " نامەوێ لە **بەغدا** بمرم، چونکە دەترسم خاک من وە خۆی نەگرێ و ڕیسوا بم. خەڵک بە باش گومانیان لە من کردووە و بۆ وان خراپ دەبێ. "

کاتێک نەخۆش کەوت چوومە سەردانی. باوەشێنێکم بە دەستەوە گرت و باوەشێنم دەکرد، کوتی " ئەی **جونەید**! داببنێ کە ئاگر بە با تیژتر دەبێ."

**جونەید** کوتی " حاڵ چیە؟ "

کوتی " عبد مملوک لایقدر علی شیء "

کوتم " وەسیەتێکم بکە. "

کوتی " بە هۆی قسەی خەڵک غافڵ مەبە لە قسەی هەقتەعالا. "

**جونەید** کوتی " ئەگەر ئەو قسەیەت پێشتر پێکوتبام، دەگەڵ تۆش قسەم نەدەکرد. " و گەیشتە پەنای هەق.

# سەریی سەقەتی دە کتێبەکانی دیکە دا

# ترجمه رساله قشيريه

سەریی سەقەتیی کوتی " مەعرووفم دە خەو دا بینی، وەها کە لە ژێر عەرش وەستابوو. هەقتەعالا بە فریشتەکانی کوت: ئەمە کێیە؟ کوتیان: تۆ باشتر دەزانی یارەب! لە هەقتەعالاوە نەدا هات کە: ئەمە مەعرووفی کەرخییە کە لە دۆستایەتی من مەست بووە وە هۆش نایەتەوە ئیللا بە دیداری من. " (ل ٢٩)

سەریی کوتی " ڕێگایەک دەزانم کورت هەتا بەهەشت. "
کوتیان " چیە؟ "
کوتی " لە کەس هیچت نەوێ و هیچ لە کەس وەرنەگری و هیچت پێنەبێ کە بیدەی بە کەسێک. " (ل ٣١)

جونەید کوتی:
ڕۆژێک چوومە لای سەریی و ئەوم شێواو بینی، کوتم " چ بووە؟ "
کوتی " لاوێک هات و لە تۆبەی پرسی، کوتم: ئەوەیە کە گوناهـ فەرامۆش نەکەی. جوابەجەنگی دەگەڵ کردم و کوتی: تۆبە فەرامۆش کردنی گوناهە. "
جونەید کوتی " من کوتم: کار لای من ئەوەیە کە ئەو لاوە کوتی. "
سەریی کوتی " بۆ؟ "
کوتم " چونکە من کە دە حاڵی جەفا دابم و بمهێنێتەوە سەر حاڵی وەفا، یاد کردنی جەفا دە حاڵی سەفا دا جەفایە. "
[سەریی] بێدەنگ بوو. (ل ١٤١)

جونەید کوتی:
سەریی دەڵێ " هەموو کارەکانی زوهدم گرتە دەست و هەرچیم ویست لەو پێمگەیشت ئیللا زوهد لە خەڵک، کە پێینەگەیشتم و تاقەتم نەبوو. " (ل ١٨٠)

جونەید کوتی:

لە سەرییم بیست کە لەویان پرسی سەبارەت بە یەقین.

کوتی " ئارام گرتنە لەوەی کە دێتە نێو دڵتەوە چونکە یەقین زانیوتە کە حەرەکەتی تۆ هیچ مەنفەعتێکی نیە و هەرچی لە سەر تۆیان قەزا کردووە لە تۆی ناگێڕنەوە. " (ل ٢٧٥)

جونەید لە سەریی دەگێڕێتەوە کە:

کوتی " دە هەندێک دەو کتێبانە دا کە خودا نازلی کردووە نووسیویەتی کە: کاتێک زیکری من زاڵ بێ بە سەر بەندە دا، ئاشقی من دەبێ و من ئاشقی ئەو. " (ل ٣٥٣)

لە سەریی دەگێڕنەوە کە:

کوتی " ڕۆژگارێکی درێژ لە تەڵەبی سەدیقێک دابووم. بە کێوێک دا تێپەڕیم. تاقمێک بریندار و نابینا و نەخۆشم بینی. حاڵی ئەوانم پرسی، کوتیان: پیاوێک لەوێیە ساڵێ جارێک دێتە دەر و دوعا دەکا و خەڵک چاک دەبنەوە. من وەستام هەتا ئەو ڕۆژەی کە هاتە دەر و دوعای کرد و هەموو چاک بوونەوە و ڕۆیشتن. من بە دوای دا چووم و دەستەوداوێنی بووم و کوتم: من عیللەتێکی دەروونیم هەیە، دەرمانی وی چیە؟ کوتی: یا سەریی! دەست لە من هەڵبگرە کە ئەو غەیرەتمەندە هەتا تۆ ببینێ کە بێجگە لەو دەگەڵ کەسێکی دیکە ئارام دەگری، لە دیداری ئەو دەمێنیەوە." (ل ٤٢٤)

جونەید کوتی:

لە سەرییم بیست کە:

کوتی " مەحەببەت دروست دەرنایە دە نێوان دوو کەس دا هەتا یەک لەوان بەوی دیکە نەڵێ: یا من! " (ل ٥٦٤)

# تفسیر کشف الاسرار

سەریی سەقەتیی عارفی مەشهوور دەڵێ:
هەقتەعالا وەهای نواند دە خەو دا کە کوتی " بزانە کە من خەڵکم خوڵقاند، هەندێکیان دونیایان بینی و خۆیان پێهەڵواسی، هەندێک بەڵایان بینی و لە عافیەت ڕایانکرد، هەندێک بیریان لە بەڵا نەکردەوە مەینەتیان بە دڵ و بە گیان کڕی و نێعمەتی ویسالی ئێمەیان ویست، بڵێ تۆ لە کام تاقمی؟ "
وڵامی داوە " تۆ باشتر دەزانی کە من چم دەوێ. " ( ب ١ ل ١٧١)

سەریی سەقەتیی مرادی شێخ جونەید دەڵێ " هەرکات تۆ لە خودا ڕازیی نەبی چلۆن دەتەوێ خودا لە تۆ ڕازیی بێ. " ( ب ٢ ل ٦٣٠)

# نفحات الانس

سەریی کوتوویەتی " مەعرەفەت لە سەرەوە دێ وەک مەلێک بە فڕین هەتا دڵێک ببینێ کە شەرم و حەیای تێدابێ، لەوێ دەنیشێ. " (ل ٥٤)

# جونەیدی بەغدایی

**(٢٠٧ مانگیی ٨٢١ زایینی / ٢٩٧ مانگیی ٩١٩ زایینی)**

سوڵتانی تەریقەت **جونەیدی بەغدایی** شێخەلمەشایخی عالەم بوو و ئیمامەلئەئیمەی جەهان و لە فنوونی عیلم کامیل و لە ئوسوول و فرووغ مفتی و لە مەعاملات و ڕیازات و کەرامات و کەلیماتی لەتیف و ئیشاراتی عالی لە سەرووی هەموان بوو و لە ئەووەڵی حاڵ هەتا ئاخری ڕۆژگار پەسند و مەقبووڵی هەموو فیرقەیەک بوو و گشت لە سەر ئیمامەتی ئەو هاوڕا بوون و قسەی ئەو دە تەریقەت دا حوججەتە و بە هەموو زمانەکان پەسنکراو... موقتەدای ئەهلی تەسەووف بوو و پێیاندەکوت سید الطایفە و لسان القوم و اعبد المشایخ و طاوس العلماء و سلطان المحققین.

...

تەریقی ئەو تەریقی سەحو بوو بە پێچەوانەی تەیفووریان کە ئەسحابی **بایەزیدن** ... مەرجەعی مەشایخ ئەو بوو و یەکەم کەس کە عیلمی ئیشارەتی بڵاو کردەوە، ئەو بوو و بەو حاڵەوە گەلێک جار دوژمنان و حەسوودان بە کوفر و زەندەقە شاهیدییان لە سەر داوە. هەروەتر بە خزمەت [**حارس**–ی] **موحاسبی** گەیشتووە و خوشکەزای **سەریی [سەقەتیی]** بووە و مریدی وی.

ڕۆژێک لە **سەریی** – یان پرسی کە " هیچ مریدێک هەیە دەرەجەی لە دەرەجەی پیر سەرتر بێ؟ "

کوتی " هەیە و بورهانەکەی دیارە: **جونەید** دەرەجەی سەرتر لە دەرەجەی منە. "

سەرەتای حاڵی ئەو ئەوە بوو کە لە منداڵییەوە دەردەدار بوو و داواکار، بە ئەدەب و بە فەراسەت و خاوەن فکر و تیژبینێکی عەجیب بوو. ڕۆژێک لە دەبیرستان هاتەوە ماڵ. باوکی بینی دەگری، کوتی " چ بووە؟ "

کوتی " ئەوڕۆ شتێکم لە زەکاتی ماڵ بردە لای خاڵی تۆ – یانی: سەریی – وەرینەگرت. دەگریم کە عومری خۆم لە پێناو ئەو پێنج درەمە نا و بۆ هیچ دۆستێک لە دۆستانی خودا ناشێ. "

**جونەید** کوتی " بیدە بە من هەتا بیبەم، لێموەردەگرێ. "

وەریگرت و ڕۆیشت و لە دەرگای ماڵە خاڵی دا. کوتی " کێیە؟ "

کوتی " منم **جونەید**. "
دەرگای نەکردەوە.
کوتی " ئەو قورازەیە وەربگرە! "
سەریی کوتی " وەریناگرم. "
کوتی " بۆ خاتری ئەو خودایەی کە ئەو فەزلەی دەگەڵ تۆ کرد و ئەو عەدلەی دەگەڵ باوکم کرد، وەریدەگری. "
سەریی کوتی " ئەی **جونەید!** چ فەزلێکی بە من کردووە و چ عەدلێکی بەو کردووە؟"
**جونەید** کوتی " ئەو فەزلەی دەگەڵ تۆ کرد کە دەروێشیی پێدای و ئەو عەدلەی بە باوکم کردووە کە ئەوی خەریکی دونیا کردووە. تۆ ئەگەر دەتەوێ وەرییبگری یا دەتەوێ ڕەددی بکەیەوە و ئەو ئەگەر بیەوێ یا نا، زەکاتی ماڵ دەبێ بە موستەحەق بگا. "
سەریی ئەو قسەیەی پێخۆش بوو، کوتی " ڕۆڵە! بەر لەوەی کە ئەو زەکاتە قەبووڵ بکەم تۆم قەبووڵ کرد. " و دەرگای کردەوە و دراوی وەرگرت و ئەو چوو نێو دڵییەوە.

**جونەید** حەوتساڵە بوو کە **سەریی** ئەوی بردە حەج و لە مسجد الحرام لە سەر شوکر دەدوان چوارسەد پیر و چوارسەد قەولیان کوت لە شەرح و بەیانی شوکر، هەرکەس قەولێک. سەریی بە **جونەیدی** کوت " تۆش شتێک بڵێ. "
**جونەید** کوتی " شوکر ئەوەیە کە نێعمەتێک کە خودا داویە بە تۆ، بەو نێعمەتە نافەرمانیی وی نەکەی و نێعمەتی ئەو نەکەیە سەرمایەی گوناهـ "
کاتێک **جونەید** ئەوەی کوت، هەر چوارسەد کوتیان " احسنت یا قرة عین الصدیقین " و هەموو ڕێککەوتن کە لەوە باشتر ناکرێ بیلێن.
سەریی کوتی " ئەوەت لە کوێ هێنا؟ "
کوتی " لە مەجلیسەکانی تۆ! "

پاشان هاتەوە بەغدا و شووشەفرۆشی دەکرد و هەموو ڕۆژێ دەچوو دوکان و پەردەی دادەداوە و چوارسەد ڕەکەعەتی نوێژ دەکرد. ماوەیەک وەها تێپەڕی

پاشان دوکانی بەردا و لە دالآنی ماڵە سەریی چاوەیەک بوو لەوێ نیشتەجێ بوو و خەریکی پاسەوانیی دڵ بوو و بەرماڵی مراقبەی ڕاخست هەتا هیچ شتێکی غەیری هەقی بە خاتر دانەهات و چل ساڵ وەها دانیشت... کوتی: کاتێک چل ساڵ تەواو بوو پێموابوو کە بە مەقسوود گەیشتووم. دەستبەجێ هاتفێک دەنگی هات کە " یا **جونەید**! کاتی ئەوە داهات کە گۆشەیەکی زوننارت بکەینەوە. " کاتێک ئەوەم بیست، کوتم " خودایا! **جونەید** چ گوناهێکی کردووە کە وەهایە؟ " نەدایەکم بیست کە " گوناهێکی لەوە پترت دەوێ کە تۆ، هەی؟ " ئاخێکی هەڵکێشا و سەری بردە نێو خۆوە و کوتی " من لم یکن للوصل اهلا، فکل احسانه ذنوب. "

جا **جونەید** لەو ماڵە دانیشت و تەواوەتی شەو ئەڵڵا ئەڵڵای دەکوت.

دەستیان کرد بە غەیبەت کردن و حەکایەتی ویان بۆ خەڵیفە گێڕاوە. خەڵیفە کوتی "  بێ بەڵگەیەک ناکرێ بەری بگرین. "

کوتیان " خەڵک بە قسەکانی ئەو فیتنەیەک پێکدێنن. "

خەڵیفە کەنیزێکی هەبوو کە بە سێ هەزار دینار کڕیبووی و دە جوانیی دا وێنەی نەبوو و خەڵیفە ئاشقی بوو، فەرمووی هەتا ئەو بە جلی فاخیر و جەواهیری گرانبایی بڕازێننەوە و پێیانکوت " بڕۆ لای **جونەید** و ڕووو بکەوە و خۆت و جل و جەواهیری پێشکەش بکە و بڵێ کە: من ماڵی زۆرم هەیە و دڵم لە کاری جەهان گیراوە، هاتووم هەتا من بخوازی هەتا لە هاودەمیی تۆ ڕوو لە تاعەت بنێم کە دڵم دەگەڵ هیچکەس قەرار ناگرێ، و خۆت پێشکەش بکە و حیجاب هەڵبگرە و لەم بارەوە گەلێک پێ دابگرە. " جا خزمەتکارێکیان دەگەڵ نارد.

کەنیز دەگەڵ خزمەتکار هاتنە لای شێخ و ئەوەی کە پێیانکوتبوو، بە زیادەوە بە جێی هێنا. **جونەید** بێ ئیختیار چاوی پێیکەوت. بێدەنگ بوو و هیچ جوابی نەداوە و کەنیز پەیتا پەیتا دووپاتی دەکردەوە و **جونەید** سەری داخستبوو، لەپڕ سەری هەڵێنا و کوتی " ئاخ! " و فووی کردە کەنیز. دەستبەجێ کەوت و مرد. خزمەتکار چۆوە و حاڵی بۆ خەڵیفە گێڕاوە. خەڵیفە ئاگری دە گیان بەربوو و پەشیمان بۆوە و کوتی " هەرکەس دەگەڵ پیاوان ئەوەی بکا کە نابێ بیکا، ئەوە دەبینێ کە نابێ ببینێ. " هەستا و چوو لای

**جونەید** و کوتی " وەها کەسێک دەبێ بچینە لای! " جا بە **جونەیدی** کوت "ئەی شێخ! ئاخر دڵت هات وەها ڕوخسارێک بسووتێنی؟ "

**جونەید** کوتی " ئەی ئەمیری موسڵمانان! تۆ وەها دڵسۆزی موسڵمانانی کە دەتەویست ڕیازەت و بێخەویی و گیان دانی چل ساڵەی من بە با بدەی؟ "

دوای ئەوە کاری **جونەید** سەری گرت و ناوبانگی گەیشتە عالەم و دە هەرچی دا بە تاقیان کردەوە، هەزار هێندە بوو و دەستی کرد بە قسە کردن و کوتی کە " بۆ خەڵک قسەم نەکرد هەتا سی کەس لە ئەبدال ئیشارەیان نەکرد کە: لەوانەیە تۆ خەڵک بەرەو خۆت بانگ بکەی.

هەروەتر کوتی " دووسەد پیرم خزمەت کرد کە پتر لە حەوت لەوان بۆ ئیقتدا نەدەبوون.

هەروەتر:

کوتی " ڕۆژگارێکم وەها تێپەڕ کرد کە ئەهلی زەوی و ئاسمان لە حەیرەتم گریان، پاشان وەهام لێهات کە من بۆ عەیبی وان دەگریام، ئێستا وەهام لێهاتووە کە نە ئاگام لەوانە و نە لە خۆم. "

هەروەتر:

کوتی " ئێمە ئەو تەسەووفەمان بە قیل و قاڵ دەست نەکەوتووە و بە جەنگ و شەڕ دەستمان نەخستووە، بەڵکە بە برسیایەتی و بێخەویی دەستمان کەوتووە و بە دەست هەڵگرتن لە دونیا و هەڵبڕان لە هەرچی کە خۆشمان ویستووە و چاومان لێیبووە. "

---

**دە کتێبی ترجمە رسالە قشیریە دا وەها هاتووە:**

**جونەید دەڵێ " ئێمە تەسەووفمان لە قیل و قال دەست نەکەوتووە، لە برسیایەتی دەست کەوتووە و لە دەست هەڵگرتن لە ئارەزووکان و هەڵبڕان لەوەی کە خۆشمان دەویست و لە بەر چاوی ئێمە ڕازاوە بوو. " (ل ٥١)**

هەروەتر:

کوتی " دە ساڵ لە بەر دەرگای دڵ دانیشتم و خەریکی پاسەوانیی دڵ بووم و دە ساڵ دڵ ئاگای لە من بوو، ئێستا بیست ساڵە کە نە من ئاگام لە دڵە و نە دڵ ئاگای لە منە. "

هەروەتر:

کوتی " خودای تەعالا سی ساڵ بە زمانی **جونەید** بۆ خەڵک قسەی کرد و **جونەید** دە ئارا دا نییە و خەڵک خەبەری نیە. "

هەروەتر:

کوتی " بیست ساڵە لە سەر پەراوێزی ئەو عیلمە قسەم کردووە، بەڵام ئەوەی لە نێوەرۆک بووە نەمکوتووە چونکە زمانەکانیان لە دەربڕینی مەنع کردووە و دڵەکانیان لە دەرکی مەحرووم. "

هەروەتر:

کوتی " ئەگەر سبەی خودا بە من بڵێ کە: من ببینە! دەڵێم: چاو بۆ دۆستایەتی غەیرە و بێگانە و غەیرەت بەری دیدارم لێدەگرێ کە من لە دونیا بێ واسیتەی چاو دەمبینی. "

دەگێڕنەوە کە:

دە نێوان **جونەید** و **ئەبووبەکری کەتتانی** هەزار مەسەلە بە نامە هەبوو. کاتێک **کەتتانی** وەفاتی کرد، فەرمووی کە " ئەو مەسەلانە مەدەنە دەست کەس و دەگەڵ من بینێژن. " **جونەید** کوتی " من وەهام پێخۆش بوو کە ئەو مەسەلانە نەکەونە دەست کەس. "

دەگێڕنەوە کە:

**جونەید** جلی وەکوو عولەما دە بەر دەکرد. ئەسحاب کوتیان " ئەی پیری تەریقەت! چ دەبێ ئەگەر بۆ خاتری ئەسحاب مەرقەع دە بەر بکەی؟ "

کوتی " ئەگەر زانیبام بە مەرقەع کارێک جێبەجێ دەبێ، لە ئاگر و ئاسن لیباسم ساز دەکرد و دە بەرم دەکرد. بەڵام هەردەم دە دەروونم دا نەدا دەکەن کە: لیس الاعتبار بالخرقة، انما الاعتبار بالحرفة. "

کاتێک قسەی **جونەید** بەرز بۆوە، **سەریی سەقەتیی** کوتی " تۆ دەبێ وەعز بکەی. "

**جونەید** دوودڵ بوو و مەیلی نەدەکرد و دەیکوت " سەرەڕای هەبوونی شێخ ئەدەب نییە قسە کردن. "

هەتا شەوێک **مستەفای** دە خەو دا بینی کە کوتی " قسە بکە! "

بەیانی هەستا هەتا بۆ **سەریی** بگێڕێتەوە. **سەریی** بینی لە بەر دەرگا وەستاوە. کوتی " دەتەویست ئیدیکە بە تۆ بڵێن: قسە بکە؟ ئێستا دەبێ بیڵێی کە قسەی تۆیان کردۆتە هۆی نەجاتی عالەمیان. مادام بە قسەی مریدانت نەکرد و بە شەفاعەتی مەشایخی بەغدا نەتکوت و من کوتم و نەتکوت، ئێستا چونکە پێغەمبەر فەرموویەتی، دەبێ بیڵێی. "

بە **سەریی** کوت " تۆ چۆنت زانی کە من دە خەو دا پێغەمبەرم بینیوە؟"

**سەریی** کوتی " من خودام دە خەو دا بینی و فەرمووی کە: ڕەسووڵم ناردووە هەتا بە **جونەید** بڵێ لە سەر مەنبەر قسان بکا.

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی کشف المحجوب دا وەها هاتووە:**

**مریدان بە جونەیدیان کوت کە " شێخی ئێمە بڵا قسان بکا هەتا دڵەکانمان ڕاحەتیی تێبکەوێ. "**

**ئەو بە قسەی نەکردن و کوتی " هەتا شێخی من ماوە قسە ناکەم. "**

**شەوێک خەوتبوو. پێغەمبەری دە خەو دا بینی کە کوتی " جونەید بۆ خەڵک قسە بکە! قسەی تۆ هۆی ڕاحەتیی دڵی خەڵکە و خودای تەعالا کەلامی تۆی کردۆتە سەبەبی نەجاتی عالەم. "**

**کاتێک وە خەبەر هات بە دڵی داهات کە " دەرەجەی من لە سەریی تێپەڕی کە بۆ من لە ڕەسووڵەوە دەعوەت هات. بەیانی سەریی مریدێکی نارد کە وەختایەک جونەید سڵاوی نوێژ دەداتەوە پێیبڵێ کە: بە قسەی مریدان قسەت بۆ نەکردن و شەفاعەتی مەشایخی بەغدات ڕەد کردەوە و من پەیامم نارد هەر نەتکوت، ئێستا پێغەمبەر فەرمووی، فەرمانەکەی بەجێ بێنە. "**

**جونەید کوتی " ئەو بیرە لە سەرم چوو دەرێ و زانیم کە سەریی دە هەموو حاڵەکان دا ئاگاداری زاهیر و باتینی منە و دەرجەی وی سەرتر لە دەرەجەی منە و ئەو ئاگاداری سیرڕەکانی منە. " (ل ١٦٢)**

**هەروەتر دە کتێبی تفسیر کشف الاسرار دا وەها هاتووە:**

**سەریی ئوستادی شێخ جونەید ڕۆژێک پێیکوت " قسە بۆ خەڵک بکە و نەسیحەتیان بکە کە تۆ وەختت گەیشتووە. "**

**جونەید کوتی " خۆم شیاوی ئەو کارە نابینم و خۆم پێ موستەهەقی ئەو کارە نییە. "**

**هەتا ئەوە کە شەوێک پێغەمبەری دە خەو دا بینی کە پێیکوت " قسە بۆ خەڵک بکە!"**

**جونەید کوتی " هەر ئەو شەوە بەر لە بەیانی هەستام و چوومەوە ماڵە سەریی و دەرگام کوتا. سەریی هات و کوتی " قسەی ئێمەت قەبووڵ نەکرد هەتا ئاقیبەت پێیانکوتی: بڕۆ قسە بۆ خەڵک بکە! " (ب ١ ل ٧)**

ماوەیەک مەجلیسی کوت، [ئاکام] تەرکی کرد و لە ماڵ نەهاتە دەر. هەرچی داوایان لێکرد، بە قسەی نەکردن. کوتی " وام پێخۆشە، نامەوێ خۆم بفەوتێنم. " دوای ماوەیەک چۆوە سەر مەنبەر و دەستی بە قسە کردەوە، بێ ئەوەی کە پێیبڵێن. جا لەوە پرسیاریان لێکرد کە " ئەوە چ حیکمەتێکی تێدابوو؟ "

کوتی " دە حەدیس دا چاوم پێکەوت کە ڕەسووڵ فەرموویەتی کە: لە ئاخری زەمان زەعیمی قەومی من ئەو کەسە دەبێ کە خرابترینی ئەوان بێ و وەعز بۆ وان بکا. و من خۆم پێ خرابترینی خەڵکە. بۆ خاتری قسەی پێغەمبەر قسە دەکەم هەتا دژایەتی قسەی ویم نەکردبێ. "

هەروەتر:

لێیانپرسی " بە چی گەیشتیە ئەو دەردەجە؟ "

کوتی " بەوە کە چل ساڵ لە بەر ئاستانەی وی لە سەر پێی موجاهیدە وەستابووم " – یانی لە بەر ئاستانەی **سەریی**.

دەگێڕنەوە کە:

کوتی " ڕۆژێک دڵم ون ببوو، کوتم: خودایە! دڵەکەم بدەوە. نەدایەکم بیست کە: یا **جونەید!** ئێمە دڵمان لەبەر ئەوە ڕفاندووە کە دەگەڵ ئێمە بی، تۆ دیسان دەتەوێ دەگەڵ غەیری ئێمە بی؟ "

دەگێڕنەوە کە:

کاتێک **حوسێن ئیبنی مەنسوور** لە غەڵبەی حاڵات لە **عەمرۆ بنی عوسمانی مەککی** خۆی کێشاوە و هاتە لای **جونەید**، **جونەید** کوتی "بۆچی هاتووی؟ نەدەبا دەگەڵ **سەهلی تۆستەریی** و **عەمرۆی عوسمان** وەهات کردبا. "

**حوسێن** کوتی " سەحو و سۆکر دوو سفەتی بەندەن و بەندە هەمیشە لە خودای خۆی مەحجووبە هەتا سفەتەکانی ئەو فانی نەبن. "

**جونەید** کوتی " ئەی **ئیبنی مەنسوور**! خەتا دەکەی. دە سەحو و سۆکر دا لەبەر ئەوە خەلاف نییە کە سەحو بریتییە لە سیحەتی حاڵ دەگەڵ هەق و ئەمە نایەتە نێو ڕێزەی سفەت و ئیکتسابی خەڵکەوە. من ئەی کوڕی **مەنسوور**! دە کەلامی تۆ دا فزوول زۆر دەبینم و قسەی بێمەعنا. "

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**عەتتار ئەو بەشەی لە کتێبی کشف المحجوب وەرگرتووە و کوتێکی پەڕاوە کە وەهایە:**

**... جونەید پێیکوت " بۆچی هاتووی؟ "**

**کوتی " هەتا دەگەڵ شێخ قسە بکەم. "**

**کوتی " ئێمە دەگەڵ شێتان قسەیەکمان نیە. سوحبەت، سیحەتی دەوێ..." (ل ٢٣٥)**

دەگێڕنەوە کە:

**جونەید** کوتی " لاوێکم بینی لە بادیە لە ژێر درەەختێکی موغیلان. کوتم: چ تۆی لێرە دانیشاندووە؟ کوتی: حاڵێکم هەبوو لێرە لێم ون بوو. دانیشتووم هەتا بیدۆزمەوە. "

**جونەید** کوتی " چوومە حەج. کاتێک گەڕامەوە، هەروا دانیشتبوو. کوتم: هۆی نیشتەجێ بوونت چیە؟ کوتی: ئەوەی لێیدەگەڕام، لێرە دۆزیمەوە ناچار لێرە نیشتەجێ بووم. "

**جونەید** کوتی " نازانم کام شەریفترە لەم دوو حاڵە: نیشتەجێ بوون دە تەڵەب دا یا نیشتەجێ بوون دە دۆزینەوەی حاڵ دا؟ "

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی کشف المحجوب دا وەها هاتووە:**

**لە جونەید دەگێڕنەوە کە:**

**دەروێشێکم بینی لە بادیە لە ژێر درکێکی موغیلان دانیشتبوو لە جێگەیەکی سەخت و بە ڕەنجێکی زۆر. کوتم " ئەی برا! چ شتێک تۆی لێرە دانیشاندووە؟ "**

**کوتی " بزانە کە وەختێکم هەبوو لێرە لێم زایە بوو، ئێستا لێرە دانیشتووم و خەفەت دەخۆم. "**

**کوتم " چەند ساڵە؟ "**

**کوتی ' دوازدە ساڵ. ئێستا شێخ هیممەتێک بکا بەشکەم بە مرادی خۆم بگەم و وەخت دەست بخەمەوە. "**

**جونەید کوتی " چووم و حەجم کرد و دوعام بۆ کرد و ئیجابەت گەڕاوە و ئەو بە مرادی خۆی گەیشت. کاتێک گەڕامەوە دیتم هەر لەوێ دانیشتووە، کوتم: ئەی جوامێر! ئەو وەختەت دەست کەوتەوە بۆ لێرەوە ئەولاتر نەچووی؟ "**

**کوتی " ئەی شێخ! لە جێگەیەک نیشتەجێ بووم کە شوێنی وەحشەتی من بوو و سەرمایەم لێ ون کردبوو، ڕەوایە کە جێگەیەک کە سەرمایەم لەوێ دۆزیوەتەوە و شوێنی ئونسی منە، جێ بهێڵم. شێخ بە سلامەت بڕوا کە من خاکی خۆم دەگەڵ خاکی ئەو شوێنە تێکەڵاو دەکەم هەتا قیامەت سەر لەم خاکە دەرکێشمەوە کە شوێنی ئونس و سرووری منە. " (ل ٤٨١)**

دەگێڕنەوە کە:

**شیبلی** کوتی " ئەگەر هەق لە قیامەت ئیختیار بداتە من لە نێوان بەهەشت و دۆزەخ، من دۆزەخ هەڵدەبژێرم چونکە بەهەشت مرادی منە و دۆزەخ مرادی دۆست. هەرکەس ئیختیاری خۆی بە ئیختیاری دۆست هەڵنەبژێرێ، نیشانەی مەحەببەت نییە. "

ئەو قسەیان بۆ **جونەید** گێڕاوە. کوتی " **شیبلی** منداڵەتی دەکا، ئەگەر ئیختیار بدەنە دەست من، من هەڵنابژێرم، دەڵێم: بەندە چ کاری بە ئیختیارە؟ بۆ هەرکوێم بنێری دەچم و لە هەرکوێم دابنێی دەبم. ئیختیاری من ئەوەیە کە تۆ دەتەوێ. "

دەگێڕنەوە کە:

ڕۆژێک کەسێک هاتە لای **جونەید** و کوتی " سەعاتێک حازر بە هەتا قسەیەک بڵێم. "

**جونەید** کوتی " ئەی عەزیز! تۆ شتێک لە من تەڵەب دەکەی کە دەمێکە من تەڵەبی دەکەم و دەمەوێ یەک نەفەس دەگەڵ هەقتەعالا حازر بم، نەمتوانیوە. ئەو ساعەتە بۆ تۆ کوا دەتوانم حازر بم؟ "

دەگێڕنەوە کە:

**ڕۆوەیم** کوتی " لە بادیە، پیرێژنێکم بینی گۆچان بە دەست و قۆچاغ، کوتی: کاتێک گەیشتیە **بەغدا** بە **جونەید** بڵێ کە: شەرم ناکەی حەدیس ئەو لای عەوام دەکەی؟ کاتێک پەیامەکەم گەیاندە جێ، **جونەید** کوتی: مەعازەڵڵا کە ئێمە حەدیسی ئەو بکەین، کە حەدیس ئەو ناکرێ. "

دەگێڕنەوە کە:

جارێک نەخۆش کەوت و کوتی " اللهم اشفنی! "

هاتفێک دەنگی دا کە " ئەی **جونەید!** دە نێوان خودا و بەندە دا چ کارێکت هەیە؟ تۆ خۆت تێوەرمەدە و بەوەی کە بە تۆیان فەرمووە خەریک بە و بەوەی کە موبتەلایان کردووی سەبر بگرە. تۆ چ کارت بە ئیختیار داوە؟ "

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی کشف المحجوب دا وەها هاتووە:**

**جارێک نۆبەتێی گرت، کوتی " خودایە! عافیەتم بدە! "**

**نەدایەک هاتە سەریەوە کە " تۆ کێی کە لە سەر ملکی ئێمە قسە دەکەی و ئیختیار هەڵدەبژێری؟ من تەدبیری ملکی خۆم باشتر لە تۆ دەزانم. تۆ ئیختیاری من ئیختیار بکە نەک ئیختیاری خۆت نیشان بدە. " (ل ٥٠٣)**

دەگێڕنەوە کە:

جارێک **جونەید** لاقی دێشا. فاتحەی خوێند و فووی کردە لاقی. هاتفێک دەنگی دا کە " شەرم ناکەی کە کەلامی ئێمە دە هەق خۆت دا بە کار دێنی؟"

دەگێڕنەوە کە:

جارێک چوو عەیادەتی دەروێشێک و دەروێش دەینالاند، کوتی " لە کێ دەناڵی؟ "

دەروێش بێدەنگ بوو. کوتی " ئەو سەبرە لە کێ دەگری؟ "

دەرویش هاواری کرد و کوتی " نە توانای ناڵینم هەیە و نە قەووەتی سەبر گرتن. "

دەگێڕنەوە کە:

گەورەیەک هاتە لای **جونەید**، ئیبلیسی بینی کە لە لای ڕادەکا. کە چوو لای **جونەید**، دیتی ئەو گەرم داهاتووە و تووڕەیی لێدەباریٚ و یەکێک دەڕەنجێنیٚ. کوتی " یا شێخ! من بیستوومەوە کە ئیبلیس پتر ئەودەمانە دەستی بە منداڵانی ئادەم ڕادەگا کە تووڕە دەبن و تۆ ئێستاکە تووڕەی و ئیبلیسم بینی کە لە تۆ ڕایدەکرد. "

**جونەید** کوتی " نەتبیستووە و نەتزانیوە کە ئێمە بۆ خۆمان تووڕە نابین بەڵکە بۆ هەق تووڕە دەبین. هەر بۆیە ئیبلیس هیچکات وەها لە ئێمە ڕاناکا کە ئەودەم تووڕە دەبین. تووڕەیی خەڵک هی حەزی نەفسیانە . "

دەگێڕنەوە کە:

ویستم هەتا ئیبلیس ببینم. لە مزگەوت وەستابووم. پیرێکم بینی کە لە دوورەوە دەهات. کاتێک چاوم پییکەوت، سامێک دایگرتم. کوتم " تۆ کێی؟ "

کوتی " من، ئارەزووی تۆ! "

کوتم " ئەی مەلعوون! چ شتێک لە سوجدەی ئادەم بەری گرتی؟ "

کوتی " یا **جونەید!** تۆ چۆن بە خەیاڵت دادیٚ کە من سوجدە بۆ غەیری وی بەرم؟ "

**جونەید** کوتی " من سەرم سوڕما لە قسەکەی. بە سەرم دا نەدایەک هات کە بڵیٚ: درۆ دەکەی کە ئەگەر تۆ بەندە بای ئەمری ئەوت ڕەچاو دەکرد و لە ئەمری ئەو نەدەچوویە دەر و خۆت تووشی نەهی نەدەکرد. "

ئیبلیس کاتێک ئەوەی بیست، هاواری کرد و کوتی " بیللا کە منت سووتاند " و ون بوو.

دەگێڕنەوە کە:

**شیبلی** ڕۆژێک کوتی " لا حول و لا قوه الا بالله. "

**جونەید** کوتی " ئەو قسەی تەنگدڵانە و تەنگدڵیی لە دەست دانی ڕەزایە بە قەزا. "

یەکێک هاتە لای **جونەید** و کوتی " لە مریدەکانی خۆت کەسێک بنوێنە کە شیاوی قسە کردن بیٚ. "

**جونەید** کوتی " ئەگەر کەسێکت دەوێ کە بار و خەمت بکێشێ، عەزیزە  و ئەگەر کەسێکت دەوێ کە تۆ بار و مەینەتی بکێشی، لەو جنس برادەرانە زۆرن لای من. "

دەگێڕنەوە کە:
شەوێک دەگەڵ مریدێک بە ڕێ دا دەڕۆیشت، وەڕینی سەگێکی گوێ لێبوو، **جونەید** کوتی " لەبەیک! لەبەیک! "
مرید کوتی " ئەوە چ حاڵێکە؟ "
کوتی " توانایی و تووڕەیی سەگم لە قەهری خوداوە بینی و وەڕینی ئەوم لە قودرەتی خوداوە بیست و سەگم دە ئارا دا نەبینی بۆیە بە لەبەیک جوابم داوە. "

هەروەتر:
ڕۆژێک زار دەگریا. پرسیاریان لێکرد کە " هۆی گریانت چیە؟ "
کوتی " ئەگەر بەڵا ببێتە ئەژدیها یەکەم کەس من دەبم کە خۆم دەکەم بە خۆراکی ئەو و سەرەڕای ئەوە کە عومرێکم دە تەڵەب بەڵا دا تێپەڕ کردووە هێشتا بە من دەڵێن کە: تۆ ئەوەند بەندەییت نیە کە شیاوی بەڵای ئێمە بی."

کوتیان " **ئەبووسەعیدی خەرراز** کاتی ئاویلکە دان وەجدێکی زۆری نواند."
**جونەید** کوتی " سەیر نییە ئەگەر لە تاو شەوق، گیانی ئەو بفڕێ. "
کوتیان " ئەوە چ مەقامێکە؟ "
کوتی " غایەتی مەحەببەت. " و ئەمە مەقامێکی عەزیزە کە گشت ئەقڵ نوقم دەکا و گشت خەڵک فەرامۆش دەکا و ئەمە عالیترین مەقامە دە مەعرەفەت دا و عیلم و مەعرەفەت دەو کاتە دا مەقامێکیان نیە کە بەندە بگاتە جێگەیەک کە بزانێ خودا ئەوی خۆش دەوێ. "
هەروەتر کوتی " ئەوانە قەومێکن کە ناز لە سەر خودا دەکەن و خوو بەو دەگرن و دە نێوان ئەوان و خودا دا شەرم و حەیا نامێنێ. ئەوان قسەی وادەکەن کە لای عامە کرێت و ناحەزە. "

دەگێڕنەوە کە:

**ابن شریح** بە مەجلیسی **جونەید** دا تێپەڕی، کوتیان " ئەوەی **جونەید** دەیڵێ دەگەڵ عیلم دەیخوێنێتەوە؟ "

کوتی " ئەوەی نازانم بەڵام دەزانم کە قسەکەی هەیبەتێکی هەیە کە دەڵێی هەق لە زمان ئەوەوە دەیڵێ. "

وەها کە دەگێڕنەوە کە **جونەید** کاتێک باسی تەوحیدی دەکرد هەرجارەی بە جۆرێکی دیکە دەستی پێدەکرد کە کەس ئەقڵی پێینەدەگەیشت.

ڕۆژێک **شیبلی** لە مەجلیسی **جونەید** کوتی " ئەڵڵا! "

**جونەید** کوتی " ئەگەر خودا غایبە، باسی غایب غەیبەتە و غەیبەت حەرامە و ئەگەر حازرە، لە موشاهیدەی حازر، ناوی ئەو بردن تەرکی حورمەتە."

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی تفسیر کشف الاسرار دا وەها هاتووە:**

**شیبلی ڕۆژێک لە خزمەت جونەید دا کوتی " ئەڵڵا "**

**جونەید کوتی " ئەوەیکە دەیڵێی ویردی زمانە یا زیکری گیان؟ ئەگەر ویردی زمانە، زمان خۆی تابیعی ئەوە دەنا قسەی سەر زارە و ئەمە کارێکی هاسانە. چونکە ئیبلیسیش هەر ئەوە دەڵێ کە تۆ دەیڵێی. کەوایە تۆ چ سەر و فەزیلەتێکت هەیە؟ ئەمە بارگای عامە، هەم دۆست لێیدادەبەزێ و هەم دوژمن، هەم ئاشنا هەم بێگانە. پیاو دەبێ لە سەر خوانی پادشایان دە دەروونی پەردە دا جێگەی دەست بکەوێ دەنا بۆ بارگای عام هەرکەسێک و هەر خەسێک ڕێ دەدرێ. " (ب ٢ ل ٦٤٢)**

**هەروەتر دە کتێبی کشف المحجوب دا هاتووە:**

**لە مەجلیسی جونەید، شیبلی هەستا و بە دەنگی بڵند کوتی " یا مرادی! " و ئیشارەی بە هەق کرد.**

**جونەید کوتی " یا بابەکر! ئەگەر مرادت هەقە ئەم ئیشارەت بۆ کرد؟ کە ئەو لەمە بێنیازە و ئەگەر مرادت نە هەقە بۆ بە خەلاف دەیڵێی کە بە قەولی تۆ عەلیمە؟ " (ل ٤٦٤)**

هەروەتر:

ڕۆژێک قسەی دەکرد. یەکێک هەستا و کوتی " لێی حاڵی نابم. "

کوتی " تاعەتی حەفتا ساڵە لە ژێر پێ بنێ! "
کوتی " دامنا و نایگەمێ. "
کوتی " سەر بنێ ژێر پێت، ئەگەر نەگەیشتی من بە خەتاکار دابنێ. "

هەروەتر:
یەکێک لە مەجلیس زۆر مەدحی **جونەیدی** کرد.
**جونەید** کوتی " ئەوەی کە تۆ دەیلێی لام هیچە، تۆ باسی خودا دەکەی و پەسنی ئەو دەکەی. "

دەگێڕنەوە کە:
یەکێک لە مەجلیسی ئەو هەڵستا و کوتی " دڵ چ کاتێک خۆش دەبێ؟ "
کوتی " ئەودەم کە ئەو دڵ بێ. "

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی تفسیر کشف الاسرار دا وەها هاتووە:**
**لە جونەیدیان پرسی " دڵ کەی خۆش دەبێ؟ "**
**کوتی " ئەودەم کە ئەو دە دڵ دابێ! " (ب ٢ ل ١٤٩)**

هەروەتر:
یەکێک پێنجسەد دیناری هێنا لای **جونەید**، کوتی " جگە لەمە شتی دیکەت هەیە؟"
کوتی " گەلێک. "
کوتی " پترت دەوێ؟ "
کوتی " دەمەوێ. "
کوتی " هەڵیگرە کە تۆ بۆ ئەمە شیاوتری، کە من هیچم نیە و من نامەوێ."

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی ترجمە رسالە قشیریە دا وەها هاتووە:**
**عەبدولوەهاب دەڵێ:**
**لای جونەید بووم...کۆمەڵێک عەجەم و مرید لە دەورەی دانیشتبوون. پیاوێک پێنجسەد دیناری هێنا و لە پێشی دانا و کوتی " بە سەر ئەو قەومەی دا دابەش بکە! "**
**جونەید کوتی " جگە لەوە ماڵی دیکەت هەیە؟ "**

**کوتی " هەمە و زۆرم هەیە "**
**کوتی " ماڵی دیکەت دەویٚ؟ "**
**کوتی " دەمەویٚ! "**
**کوتی " هەڵیگرە کە تۆ شیاوتری بەوە. "**
**قەبووڵی نەکرد. (ل ٢٤٣)**

دەگێڕنەوە کە:

**جونەید** دوای نوێژ لە جامیع هاتە دەرێ و خەڵکێکی زۆری بینی. **جونەید** ڕووی دە ئەسحاب کرد و کوتی " ئەوانە هەموو حەشیمەتی ئاسایی بەهەشتن بەڵام هاونشینانی هەق قەومێکی دیکەن. "

دەگێڕنەوە کە:

پیاوێک لە مەجلیسی **جونەید** هەستا و سواڵی کرد. **جونەید** بە زەینی داهات کە: ئەو پیاوە لەشساغە و دەتوانێ کەسبێک بکا، بۆ سواڵ دەکا؟ و ئەو مەزەممەتە بۆ لە خۆی دەنێ؟

ئەو شەوە دە خەو دا بینی کە تەبەقێکی سەرداپۆشراویان لە پێش دانا و پێیانکوت " بخۆ! " کاتێک سەرپۆشی لابرد، سواڵکەری بینی کە مردووە و لە سەر ئەو تەبەقەیان ناوە. کوتی " من گۆشتی مردوو ناخۆم. "

کوتیان " ئەی بۆچ دوێنێ لە مزگەوت خواردت؟ "

**جونەید** زانی کە غەیبەتی کردووە بە دڵ. کوتی " لە هەیبەتان هەستام و تەهارەتم کرد و دوو ڕەکەعەت نوێژم کرد و بۆ دیتنەوەی دەروێش وە دەر کەوتم. ئەوم بینی لە لێوار دیجلە لەو وردە سەوزەیانە کە شوشتبوویانەوە لە سەر ئاو دەیگرتنەوە و دەیخوارد. سەری هەڵێنا و منی بینی کە دەچمە لای، کوتی: ئەی **جونەید!** تۆبەت نەکرد لەوەی کە دە هەق ئێمە دا بیرت دەکردەوە؟ کوتم: کردم. کوتی: ئێستا بڕۆ، و هو الذی یقبل التوبە عن عبادە، و ئەم تۆبەی خاتری خراپ لە بیر مەکە. "

دەگێڕنەوە کە:
کوتی " ئیخلاس لە حیجامییەک فێر بووم وەختێک لە مەککە بووم. حیجامیی مووی خواجەیەکی چاک دەکرد، کوتم " بۆ خاتری خودا دەتوانی مووی سەرم بتاشی؟ "
کوتی " دەتوانم. " و چاوی پڕ بوو لە ئاو و دەستی لە خواجە هەڵگرت ناتەواو، کوتی " هەستە کە باسی خودا هات، هەموو پاش دەکەون. "
منی دانا و سەری ماچ دەکردم و مووی کردمەوە. پاشان کاغەزێکی دامێ. چەند قورازەیەکی تێدابوو و کوتی " ئەوەی لە حاجەتت خەرج بکە."
دەگەڵ خۆم نییەتم کرد کە یەکەم فتووحێک کە دەستم بکەوێ، لەو پیاوەتییەی بدەم. هێندە تێنەپەڕی کە لە بەسرەوە کیسەیەک زێڕ گەیشت. بردمە لای، کوتی " چیە؟ "
کوتم " نییەتم کردبوو یەکەم فتووحێک کە بگا بیدەم بە تۆ. "
کوتی " ئەی پیاو! شەرم لە خودا ناکەی؟ کە بە منت کوت: بۆ خاتری خودا موویەکانم بکەوە و ئیستا شتێکم دەدەیەی؟ کێت بینیوە کە بۆ خاتری خودا کارێکی کردبێ و حەقدەستەکەی وەرگرتبێ؟ "

هەروەتر کوتی:
جارێک شەو خەریکی نوێژ بووم، هەرچی هەوڵم دا نەفس لە سوجدەیەک دەگەڵ من هاوڕایی نەکرد و هیچ چارەیەکیشم پێنەدەکرا. دڵتەنگ بووم. ویستم لە ماڵ بچمە دەر. کاتێک دەرگام کردەوە، لاوێکم بینی پەستەکێکی پۆشیوە و لە بەر دەرگا سەری دە پەستەک ناوە. کاتێک منی بینی، کوتی "هەتا ئێستا چاوەڕوانی تۆ بووم. "
کوتم " کەوایە ئەوە تۆ بووی کە منت بێقەرار کردبوو؟ "
کوتی " ئادی! مەسەلەی من جواب بدەوە: دەڵیی چی لە سەر نەفس، ئایا هەرگیز دەردەکەی لێدەبێتە دەرمان؟ "
کوتم " دەبێ، ئەگەر دژایەتی هەوای خۆی بکا. "
کاتێک ئەوەم کوت، ڕووی دە بەرۆکی خۆی کرد و کوتی " ئەی نەفس! چەندین کەڕەت ئەو جوابەت لە من بیست، ئێستا لە **جونەید** بیبیسە."

هەستا و ڕۆیشت و نەمزانی لە کوێوە هاتبوو و بۆ کوێ چوو؟

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی رسالەی قوشیریە دا وەها هاتووە:**

**جونەید کوتی:**

**شەوێک خەوم لێنەدەکەوت هەستام هەتا ویرد تەواو بکەم، ئەو چێژەم نەبرد کە پێشتر دەمبرد، ویستم کە بخەوم تواناییم نەبوو. دانیشتم، تاقەتی دانیشتنم نەبوو. دەرگام کردەوە و وە دەر کەوتم. پیاوێکم بینی خۆی لە بەرەیەک پێچاوە و لە سەر ڕێگا کەوتووە. کاتێک زانی سەری هەڵێنا، کوتی " یا اباالقاسم وەرە لای من! "**

**کوتم " یا سەییدیی درەنگە. "**

**کوتی " ئادی، داوام لە محرک القلوب کرد هەتا دڵی تۆ وە حەرەکەت بخا بۆ خاتری من. "**

**جونەید کوتی " چ حاجەت؟ "**

**کوتی " کەی دەبێ کە نەخۆشیی نەخۆش ببێتە دەرمانی نەخۆش؟ "**

**من کوتم " ئەودەم کە دژایەتی هەوای خۆی بکا نەخۆشیی ئەو دەبێتە دەرمانی وی."**

**بە خۆی کوت " ئەی لەش ببیسە، حەوت جارم پێکوتی، قەبووڵت نەکرد ئێستا لە جونەید ببیسە. " و لە لام ڕۆیشت و نەمزانی کە کێ بوو. (ل ٢٢٦)**

دەگێڕنەوە کە:

**عەلی سەهل** نامەیەکی نووسی بۆ **جونەید** کە " خەو غەفلەتە، موحیب دەبێ خەو و قەراری نەبێ، ئەگەر بخەوێ لە مەقسوود جێ دەمێنێ و لە خۆ و وەختی خۆی غافڵ دەبێ وەها کە هەق وەحی بۆ **داود** نارد کە: درۆ دەکا ئەوەی کە ئیدعای مەحەببەتی ئێمە دەکا و کە شەو دادێ دەخەوێ و دەست لە دۆستایەتی من هەڵدەگرێ. "

**جونەید** جوابی نووسیوە کە " بێداریی ئێمە مەعاملەی ئێمەیە دە ڕێگەی هەق دا و خەوی ئێمە فیعلی هەقە لە سەر ئێمە؛ کەوایە ئەوەی کە بێ ئیختیاری ئێمە و لە هەقەوە بۆ ئێمە بێ، باشتر لەوەیە کە بە ئیختیاری ئێمە بێ لە ئێمەوە بۆ هەق. و النوم موهبة من الله علی المحبین. ئەوە خەڵاتێکە لە هەقەوە بۆ دۆستان. "

دەگێڕنەوە کە:

یەکێک هاتە لای **جونەید** سکاڵای لە برسیایەتی و ڕووتیی کرد.

**جونەید** کوتی " برۆ و هێمن بە! کە ئەو برسیایەتی و ڕووتیی ناداتە کەسێک کە لاتاوی پێدابدا و جەهان پڕ لە شکایەت بکا، دەیدا بە سەدیقان و دۆستانی خۆی، تۆ شکایەت مەکە! "

دەگێڕنەوە کە:

لە **بەغدا** دزێکیان لە دار دابوو. **جونەید** چوو و پێی ڕاموسی. لێیانپرسی، کوتی " هەزار ڕەحمەتی لێبێ کە دە کاری خۆی دا مەرد بوو و وەها ئەو کارەی بە کەمال گەیاند کە سەری لە سەر دانا. "

دەگێڕنەوە کە:

شەوێک دزێک چوو ماڵی **جونەید،** جگە لە کراسێک چی دەست نەکەوت. هەڵیگرت و ڕۆیشت. ڕۆژی دوایی بە بازاڕ دا تێدەپەڕی. کراسی خۆی بە دەست دەلاڵێکەوە بینی کە دەیفرۆشت. کڕیار داوای ئاشنای دەکرد و شاهید هەتا لێی یەقین بێ کە هی ئەوە هەتا لێیبکڕێ.

**جونەید** چوو پێش و کوتی " من شاهیدیی دەدەم کە: هی ئەوە! " هەتا بیکڕێ.

دەگێڕنەوە کە:

پیرێژنێک چوو لای **جونەید** و کوتی " کوڕەکەم غایبە، دوعایەک بکە هەتا بێتەوە. "

کوتی " سەبر بگرە! "

پیرێژن ڕۆیشت و چەند ڕۆژان سەبری گرت.

شێخ کوتی " سەبر بگرە! "

ڕۆژێک پیرێژن هات و کوتی " هیچ سەبرم نەماوە، دوعا بکە! "

**جونەید** کوتی " ئەگەر ڕاست دەکەی، کوڕەکەت هاتۆتەوە کە هەقتەعالا دەفەرموێ: امن یجیب المضطر اذا دعاه " جا دوعای کرد.

دەگێڕنەوە کە:

**ئەبووحەفس** تەمای حەجی گرت و ئەو عامیی بوو و عەرەبیی نەدەزانی. کاتێک گەیشتە بەغدا، مریدەکان بە یەکتریان کوت کە " عەیبێکی گەورەیە کە: شێخی مەشایخی خوراسان پێویستی بە تەرجومان هەیە هەتا لە زمانی وان بگا."

**جونەید** مریدەکانی بەرەو پیری نارد و شیخ زانی کە ئەسحاب چ بیر دەکەنەوە، دەستبەجێ دەستی کرد بە عەرەبیی قسە کردن وەها کە ئەهلی بەغدا لە فەساحەتی سەریان سوڕما. جەماعەتێک لە ئەکابیر لای کۆ بوونەوە و پرسیاریان لە جوامیریی کرد. **ئەبووحەفس** کوتی " قسەی خۆتانە و خۆتان بیڵێن."

**جونەید** کوتی " جوامێریی لای من ئەوەیە کە جوامێریی لە خۆتەوە نەبینی و هەرچی کە کردبێت نەیخەیە سەر خۆت کە: ئەوە من کردم. "

**ئەبووحەفس** کوتی " جوانە. بەڵام جوامێریی لای من ئەوەیە کە ئینساف بدەی و ئینساف نەخوازی. "

**جونەید** کوتی " عەمەلی پێبکەن، ئەی ئەسحاب. "

**ئەبووحەفس** کوتی " ئەمە بە قسە جێبەجێ نابێ. "

**جونەید** کاتێک ئەمەی بیست کوتی " هەستن ئەی ئەسحاب! کە زیادەی هێناوە **ئەبووحەفس** لە ئادەم و بەرەی ئادەم دە جوامێریی دا. " – یانی خەتێکی بە سەر ئەولادی ئادەم دا کێشاوە دە جوامێریی دا.

**جونەید** کوتی " ڕۆژێک **حارس [موحاسبیی]** هاتە لای من. حاڵەتی برسیایەتییم تێدابینی، کوتم " یا عەم! تەعامێکی بێنم؟ "

کوتی " خێرە! "

بە داوای شتێک دا چوومە ژوور. شەو لە زەماوەند شتێکیان هێنابوو. لە پێش ویم دانا. دەست فەرمانی لێنەدەبرد. پاروویەکی دە زار نا. هەرچی هەوڵی دا بۆی قووت نەدرا. دە زار دا دەیگێڕا هەتا ماوەیەک. هەستا فڕێی دا حەوش و ڕۆیشت. پاشان لەو حاڵەم پرسی. **حارس** کوتی " برسیم بوو. ویستم کە دڵت ڕاگرم، بەڵام من دەگەڵ خودا نیشانێکم هەیە کە هەر تەعامێک

شوبهەی تێدابێ بۆم قووت نەدرێ و دەستم فەرمان نەبا. هەرچی هەوڵم دا، بۆم قووت نەدرا، ئەو تەعامە هی کوێ بوو؟ "

کوتم " هیماڵی خزمێک! "

کوتی " ئەورۆ دێیە ماڵە من؟ "

کوتم " دێم! "

چوو ژوور و کوتێک نانی ویشکی هێنا. خواردمان. کوتی " شتێک کە بۆ دەروێشی دێنی، وەهای بێنە. "

دەگێڕنەوە کە:

**جونەید** دەگەڵ ئەسحاب دانیشتبوو. دونیادارێک هات و دەروێشێکی بانگ کرد و دەگەڵ خۆی بردی. دوای ماوەیەک هاتەوە، زەمبیلێکی لە دەروێش نابوو پڕ لە تەعامی جۆراوجۆر. کاتێک **جونەید** بینی، غەیرەتی بزووت، فەرمووی هەتا زەمبیل بە ڕووی دونیادار دابدەنەوە، کوتی " دەروێشێکی دەویست هەتا حەمباڵیی بۆ بکا؟ " ئەوسا کوتی " ئەگەر دەروێشان نێعمەتیان نیە، هیممەتیان هەیە و ئەگەر دونیایان نیە ئاخیرەتیان هەیە. "

دەگێڕنەوە کە:

یەک لە دەوڵەمەندان سەدەقەی خۆی نەدەدا بە جگە لە سۆفیان، دەیکوت "ئەوانە قەومێکن کە هیچ هیممەتیان نیە جگە لە خودا. ئەوان ئەگەر حاجەتێکیان هەبێ، هیممەتیان پەراکەندە دەبێ و لە هەق دەمێننەوە و من ئەگەر دڵێک بۆ حەزرەتی خودا ببەم پێم خۆشترە لە هەزار دڵ کە هیممەتی ئەوان دونیا بێ. "

ئەو قسەیان بۆ **جونەید** گێڕاوە، کوتی " ئەوە قسەی دۆستێکە لە دۆستانی خودا."

پاشان وەها رێککەوت کە ئەو پیاوە موفلیس بوو، لەبەر ئەوەیکە هەرچی دەروێشان کڕیبایان پارەکەی وەرنەدەگرت. **جونەید** هەندێکی ماڵ دایە و کوتی " بۆ پیاوێکی وەک تۆ تەجارەت زیانی نیە. "

دەگێڕنەوە کە:

مریدێکماڵی زۆر بوو و هەمووی لە ڕێگەی شیخ دا بەتاڵاندبوو و هیچی بۆ نەمابوو ئیللا خانوویەک. کوتی " یا شێخ! چ بکەم؟ "

کوتی " بیفرۆشە و زێڕەکە بێنە هەتا کارەکەت جێبەجێ بێ. "

چوو و فرۆشتی.

شێخ کوتی " ئەو زێرە دە دیجلە باوێ. "

ڕۆیشت و دە دیجلەی هاویشت و گەڕاوە خزمەت شێخ.

شێخ ئەوی دەرکرد و خۆی لێ بێگانە کرد و کوتی " لێم دوور بکەوە."

هەرچەند دەهات دووری دەکردەوە - یانی" هەتا لێت نەبێتە خۆبینیی کە من ئەوەندە زێڕەم بەخت کردووە - هەتا ئەوەکە ڕێگاکەی بە ئاکام گەیشت.

دەگێڕنەوە کە:

لاوێک لە مەجلیسی **جونەید** حاڵەتێکی بە سەر داهات، تۆبەی کرد و هەرچی هەیبوو بە تاڵانی دا و هەقی خەڵکی داوە و هەزار دیناری هەڵگرت و بردیە خزمەت **جونەید**.

کوتیان " حەزرەتی من حەزرەتی دونیا نییە، ناکرێ ئەو حەزرەتە گڵاو بکەی. "

لە سەر لێواری دیجلە دانیشت و یەک یەک دیناری دە ئاو هاویشت و هیچ نەما. جا هەستا و چۆوە خانەقا. کاتێک **جونەید** ئەوی بینی، کوتی "هەنگاوێک کە دەبێ بە جارێک هەڵیبگرن، بە هەزار جار هەڵیدەگرن؟ بڕۆ کە شیاوی ئێمە نی. دڵت نەهات کە بە جارێک تێیانباوێی. دەو ڕێگایەش دا هەروا حیساب دەکەی، بڕۆ کە ناگەیە هیچ جێگایەک. بگەڕێوە و بچۆوە بازاڕ، کە حیساب و قازانج لە بازاڕ دروست دەردێ. "

دەگێڕنەوە کە:

مریدێک خەیاڵی بە سەر دا زاڵ بوو کە " من گەیشتوومە دەرەجەی کەمال و تەنیا بوون بۆ من باشترە. " چوو گۆشەیەک و ماوەیەک دانیشت هەتا وەهای لێهات کە هەموو شەوێک وشتریان دەهێنا و دەیانکوت کە " تۆ دەبەینە بەهەشت. " ئەویان لە سەر ئەو وشترە دادەنا و دەڕۆیشتن هەتا دەگەیشتنە جێگایەکی خۆش

و خوررەم و قەومێک بە روخساری جوان و تەعامی خاوێن و ئاوی ڕەوان و هەتا بەیانی لەوێ دەبوو. پاشان خەوی لێدەکەوت. خۆی لە سەومەعە دەدیتەوە. هەتا خۆخوازیی تێدا پێکهات و گومانێکی عەزیم سەری هەڵدا و ئیدعای کرد کە " هەموو شەوێک من دەبەنە بەهەشت. "

ئەو قسەیە گەیشتەوە **جونەید**. هەستا و چوو سەومەعەی وی. ئەوی بینی بە غرووریکی زۆرەوە. حاڵی پرسی. هەمووی بۆ شێخ گێڕاوە. شێخ کوتی " ئەوشۆ ئەگەر تۆیان بردە وێ، سێ جار بڵێ: لا حول و لا قوة الا بالله العلی العظیم. "

کاتێک شەو داهات و ئەویان برد، ئەو بە دڵ ئینکاری شێخی دەکرد. کاتێک گەیشتنە ئەو جێگایە، بۆ تاقی کردنەوە لا حەولی کوت. ئەو قەومە تێکڕا خرۆشان و ڕۆیشتن و ئەو خۆی لە سەر کەلاوەیەک بینیوە ئیسکی مردوو لە پێش نراو. پەی بە خەتای خۆی برد و تۆبەی کرد و چۆوە خزمەت شێخ و زانی کە تەنیا بوون بۆ مرید ژەهرە. "

دەگێڕنەوە کە:

لە مریدێک تەرکی ئەدەبێک سەری هەڵدا. سەفەری کرد و چوو مزگەوتی **شونیزیە** جێگر بوو. ڕۆژێک **جونەید** بەوێ دا تێپەڕی. چاوی لێکرد. ئەو مریدە لە هەیبەتی شێخ کەوت و سەری شکا و خوێنی لێڕژا و لە هەر دڵۆپێک نەقشی ئەڵڵا پەیدا بوو. **جونەید** کوتی " خۆ دەنوێنی؟ یانی: گەیشتوومە مەقامی زیکر؟ کە هەموو منداڵێک دەگەڵ تۆ دە زیکر دا بەرابەرە. پیاو دەبێ کە بە مەزکوور بگا. " ئەو قسە دە گیانی کەوت و دەستبەجێ فەوتی کرد.

دوای ماوەیەک دە خەونیان دا دیتیان و پرسیان کە " خۆت چۆن بینی؟"

کوتی " گەلێک ساڵە ڕێگە دەبڕم تازە گەیشتوومە سەر کوفری خۆم و کوفر و دینی خۆم بینی. دووری دوورە. ئەو هەموویە مەکر بوو. "

دەگێڕنەوە کە:

لە بەسرە **جونەید** مریدێکی هەبوو. دە خەلوەت دا جارێک بیرێکی گوناهی کردەوە. سەیری ئاوێنەی کرد ڕووی خۆی ڕەش بینی. حەیران بوو. هەرچی کرد،

سوودێکی نەبوو. لە شەرمان ڕووی خۆی بە کەس نەنواند هەتا سێ ڕۆژ تێپەڕی. بەرە بەرە ئەو ڕەشاییە کەم بۆوە. لەپڕ یەکێک لە دەرگای دا، کوتی " کێیە؟ "

کوتی " نامەیەکم لە **جونەید**ەوە هێناوە. "

نامەی خوێندەوە. نووسیبووی کە " بۆچی لە حەزرەت عیززەت بە ئەدەب نابی؟ کە سێ شەو و ڕۆژە من دەبێ گازریی بکەم هەتا ڕەشایی ڕووت سپی بکەمەوە. "

دەگێڕنەوە کە:

**جونەید** مریدێکی هەبوو، ڕۆژێک نوکتەیەکیان لێگرت، لە خەجاڵەتییان ڕۆیشت و نەگەڕاوە خانەقا. هەتا ڕۆژێک **جونەید** دەگەڵ ئەسحاب بە بازاڕ دا تێدەپەڕی. شێخ چاوی بە مرید کەوت. مرید لە شەرمان ڕایکرد. **جونەید** ئەسحابی گێڕاوە و کوتی " من مەلێکم لە داو ڕەویوە. " و بە دوای دا چوو. مرید ئاوڕی داوە شێخی بینی کە دێ. هەنگاوی خێراتر کرد و ڕۆیشت هەتا گەیشتە جێگەیەک کە ڕێ نەبوو. ڕووی دە دیوار کرد لە شەرمی شێخ. لەپڕ شێخ گەیشتەوە سەری. مرید کوتی " بۆ کوێ دێی؟ "

شێخ کوتی " جێگەیەک کە نێوچاوانی مرید بگاتە دیوار، شێخ لەوێ بە کار دێ. "

پاشان ئەوی بردەوە خانەقا.

دەگێڕنەوە کە:

مریدێکی هەبوو کە لە هەموانی پتر لا عەزیز بوو. ئەوانی دیکە غەیرەتیان بزووت. شێخ بە فەراسەت زانی، کوتی " ئەدەب و فامی ئەو لە هەموان زیادترە، ئێمە نەزەرمان لەوە بە تاقی دەکەینەوە هەتا لێتان مەعلووم بێ. "

فەرمووی هەتا بیست مریشکیان هێنا و کوتی " هەر مریدێک یەکێک هەڵبگرێ و بیبەنە جێگایەک کە کەس ئێوە نەبینێ و بیکوژنەوە و بیهێننەوە. "

هەموو چوون و کوشتیانەوە و گەڕانەوە، ئێللا ئەو مریدە کە مریشکی بە زیندوویی هێناوە. شێخ پرسی کە " بۆچ نەتکوشتەوە؟ "

کوتی " چونکە شێخ فەرمووبووی کە" جێگایەک کە کەس نەیبینێ و من چوومە هەرکوێ هەقم دەبینی. "
شێخ کوتی " بینیتان کە فامی ئەو چۆنە و هی ئەوانی دیکە چۆن؟ "

لاوێک لە نێوان ئەسحابی **جونەید** پەیدای بوو و چەند ڕۆژان سەری هەڵنەهێنا مەگەر بۆ نوێژ، پاشان ڕۆیشت. **جونەید** مریدێکی بە دوا دا نارد کە " لێپرسە: سۆفییەکە کە وەسفی بە سەفا دەکەن، چلۆن شتێک کە وەسفی نەبێ، بۆی دەردەکەوێ؟ "
مرید ڕۆیشت و لەو دەروێشەی پرسی. جوابی داوە کە " کن بلا وصف، حتی تدرک ما لا وصف لە - بێ وەسف بە هەتا بێ وەسفت بۆ دەربکەوێ.-
**جونەید** کاتێک ئەوەی بیست، چەند ڕۆژان نوقمی عەزەمەتی ئەو قسەیە بووو کوتی " مخابن، مەلێکی عەزیم بوو و من قەدرم نەزانی. "

دەگێڕنەوە کە:
سەییدێک بوو کە ناسریی – یان پێدەکوت. تەمای حەجی کرد. کاتێک گەیشتە بەغدا، چوو زیارەتی **جونەید** و سڵاوی کرد.
**جونەید** پرسی " سەیید لە کوێوە دێ؟ "
کوتی " گیلان! "
کوتی " منداڵی کێی؟ "
کوتی " لە منداڵەکانی ئەمیری موئمینان عەلی! "
کوتی " باوکی تۆ دوو شەمشیری دەوەشاند: یەک دەگەڵ کافران و یەک دەگەڵ نەفس. ئەی سەیید کە کوڕی وی، لەو دوانە کامە کار دەکەی؟ "
سەیید کە ئەوەی گوێ لێبوو زۆر گریا و لە پێش **جونەید** دەگەوزی. کوتی " ئەی شێخ! حەجی من ئێرە بوو، من بەرەو خودا ڕێنوێنی بکە. "
کوتی " ئەو سینگەی تۆ حەرەمی خاسی خودایە، تا دەتوانی هیچ نامەحرەمێک رێ مەدە حەرەمی خاس. "

هەروەتر:
کوتی " لەم ڕێگایە ڕێبوار زۆرن و لە ڕێ سێ جۆرە داو دەنێنەوە: داوی مەکر و ئەفسوون، داوی قەهر و داوی لوتف. و ئەمە نەهایەتی نییە. جا ئێستا مریدێکی دەوێ هەتا فەرقی ئەو داوانە بکا. "

هەروەتر:
کوتی " فتووەت لە شامە و فەساحەت لە عێراق و سیدق لە خوراسان."

هەروەتر:
کوتی " نەفەسی ڕەحمانیی کاتێک لە سیرڕ دەربکەوێ، نەفەسی سینە و دڵ دەمرێنێ و لە هیچ ناگوزەرێ هەتا ئەو شتە پاک نەسووتێنێ ئەگەر تەنانەت عەرشیش بێ. "

هەروەتر:
کوتی "خۆزگە بەو کەسەی کە دە هەموو عومری دا یەک ساعەت حوزووری هەبووە. "

هەروەتر:
کوتی "بەندەکان دوو جۆرن: بەندەکانی هەق و بەندەکانی هەقیقەت. بەڵام بەندەکانی هەق لەو جێگایەن کە: اعوذ برضاک من سخطک (لە تووڕەییت پەنا بۆ ڕەزات دەبەم) بەڵام بەندەکانی هەقیقەت لەو جێگایەن کە: اعوذ بک منک. " (لە تۆوە پەنا بۆ تۆ دەبەم)

هەروەتر:
کوتی " خودا لە بەندەکان دوو عیلمی دەوێ: یەک ناسینی عەبدایەتیی دووهەم ناسینی ڕەببایەتیی و هەر شتێک جگە لەمەیە، حەزی نەفسە. "

هەروەتر:

کوتی " نێوان بەندە و هەق چوار دەریایە کە هەتا بەندە نەیبڕێ، ناگاتە هەق: یەکێک دونیایە و کەشتییەکەی زوهدە، یەکێک ئادەمییە و کەشتییەکەی دوور بوونەوەیە لەوان، یەکێک ئیبلیسە و کەشتییەکەی بوغزە، یەکێک هەوایە و کەشتییەکەی دژایەتییە. "

هەروەتر:

کوتی " پیاو بە سیرەت پیاوچاک دەبێ نەک بە سوورەت. "

هەروەتر:

کوتی " دڵی دۆستانی خودا، جێگەی سیرڕی خودایە و خودا سیرڕی خۆی دە دڵێک نانێ کە دۆستایەتی دونیای تێدابێ. "

هەروەتر:

کوتی " دونیا دە دڵی مریدان دا تاڵترە لە کەکرە، کاتێک مەعرەفەت بگاتە دڵیان، ئەو کەکرەیە شیرینتر لە هەنگوینی لێدێ. "

هەروەتر:

کوتی " بەڵا چرای عارفانە و وەئاگاهێنەری مریدان و فەوتێنەری غافڵان. "

هەروەتر:

کوتی " هەرکەس هیممەتی هەیە، بینایە و هەرکەس ئیرادەتی هەیە، نابینایە. "

هەروەتر:

کوتی " هیچ کەسێک وە پێش کەسی دیکە ناکەوێ و هیچ عەمەلێک لە پێشەوەی عەمەلی دیکە نییە، بەڵام پێش کەوتن ئەوەیە کە سیاحەب هیممەت وە پێش هیممەتەکانی دیکە بکەوێ و هیممەتەکان لە عەمەلی غەیر پێش بکەون. "

هەروەتر:

کوتی " تەسەووف ئەوەیە کە هەق تۆ لە تۆ بمرێنێ و بە خۆی زیندووی بکاتەوە."

هەروەتر:

کوتی "سۆفی وەک زەوییە کە هەموو پیسایی تێدەکەن و هەموو چاکەی لێدەر دێنن."

هەروەتر:

کوتی "تەسەووف زیکرێکە بە تێکڕایی و وەجدێکە بە گوێ گرتن و عەمەلێکە بە وەدوو کەوتن. "

هەروەتر:

کوتی " تەسەووف سفەتێکە کە بەندە تێیدا جێگرە. "

کوتیان " سفەتی هەقە یا سفەتی خەڵکە؟ "

کوتی " هەقیقەتەکەی سفەتی هەقە و ناوەکەی سفەتی خەڵک. "

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی کشف المحجوب دا هاتووە:**

**جونەید دەڵێ " التصوف نعت اقیم العبد فیە قیل نعت للعبد ام نعت للحق فقال نعت الحق حقیقة و نعت العبد رسما. تەسەووف سفەتێکە کە بەندە تێیدا جێگرە. کوتیان: سفەتی هەقە یا سفەتی خەڵک؟ کوتی: هەقیقەتەکەی سفەتی هەقە و رەسمەکەی سفەتی خەڵک. "  (ل ٤١)**

هەروەتر:

کوتی " عارف حەفتا مەقامی هەیە: یەک لەوان نەدیتنەوەی ئاواتە لە ئاواتەکانی ئەو جەهانە. "

هەروەتر:

کوتی " عارف ئەوەیەکە هەق ئەو پلەی بداتێ کە لە سیڕڕی ئەو بدوێ و ئەو خامۆش بێ. "

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی ترجمە رسالە قشیریە دا وەها هاتووە:**

**لە جونەیدیان پرسی عارف کێیە؟ "**

**کوتی " ئەو کەسە کە لە سیڕڕی تۆ بدوێ و تۆ خامۆش بی. " (ل ٥١)**

**هەروەتر هەر دەو کتێبە دا وەها هاتووە:**

**جونەید دەڵێ " عارف ئەوەیە کە هەق لە سیڕڕی ئەو بدوێ و ئەو خامۆشە. " (ل ٥٤٨)**

هەروەتر:

کوتی " مەحەببەت ئەمانەتی خودایە. "

هەروەتر:

کوتی " مەحەببەت پێکنایە دە نێوان دوو کەس دا هەتا یەکێکیان بەوی دیکە نەڵێ: ئەی من! "

هەروەتر:

کوتی " هەقیقەتی سیدق ئەوەیە کە ڕاست بڵێی لە گرینگترین کارێک کە خڵاسییت نەیە مەگەر بە درۆ. "

هەروەتر:

کوتی " سادق ڕۆژێ چل جار لە حاڵیکەوە بۆ حاڵێک دەگۆڕێ و ریاکار چل ساڵ لە سەر یەک حاڵ دەمێنێتەوە. "

هەروەتر:

کوتی " عەلامەتی فەقیری (دەرویێشی) سادق ئەوەیە کە پرسیار نەکا و جوابەجەنگی نەکا و ئەگەر کەسێک جوابەجەنگی دەگەڵ کرد، بێدەنگ بێ. "

هەروەتر:
کوتی " تەوەککول نە کەسب کردنە و نە نەکردن، بەڵکە سکوونی دڵە بە وەعدەی هەق. "

هەروەتر:
کوتی " تەوەککول خواردنی بێ تەعامە " – یانی تەعام دە ئارا دا نەبینێ.

هەروەتر:
کوتی " غایەتی سەبر تەوەککولە. "

هەروەتر:
کوتی " سەبر قووت دانی تاڵییە و ڕوو ترش نەکردنە. "

هەروەتر:
کوتی " جوامێریی ئەوەیە کە باری خەڵک بکێشی و ئەوەی کە هەتە بیبەخشی. "
پرسیان کە: " ئەوە چ حاڵێکە کە پیاو خەریکی حەسانەوەیە، کاتێک سەماع بگاتە گوێی جووڵەی تێدەکەوێ؟ "
کوتی " هەق لە میساق خیتابی کردە بەرەی بەشەر کە: الست بربکم؟ هەموو ئەرواح نوقمی لەززەتی ئەو خیتابە بوون، کاتێک لەم عالەمە سەماع دەبیسن، وە حەرەکەت و جووڵە دەکەون. "

کوتیان " تەنیا بوون کەی دروستە؟ "
کوتی " کاتێک لە نەفسی خۆت گۆشەگیر بی و ئەوەیکە دوێنێ بۆ تۆیان نووسیوە، ئەوڕۆ دەرسی تۆ بێ. "
کوتیان " عەزیزترین خەڵک کێیە؟ "
کوتی ' دەروێشی ڕازیی. "
کوتیان " هاوسوحبەتی کێ بین؟ "

کوتی " دەگەڵ کەسێک کە هەر چاکەیەکی دەگەڵ تۆ کردووە، فەرامۆشی کردبێ و ئەوەی لە سەر ئەو بێ بەجێی بێنێ. "

کوتیان " بەندە کێیە؟ "

کوتی " ئەو کەسەی کە لە بەندەیی کەسانی دیکە ئازاد بێ. "

کوتیان " فەرقی نێوان دڵی ئیماندار و مونافق چیە؟ "

کوتی " دڵی ئیماندار هەر ساعەتەی حەفتا جار دەگۆڕێ و دڵی مونافق حەفتا ساڵ لە سەر یەک حاڵە. "

کاتێک وەفاتی نزیک بۆوە کوتی " خوان بێنن و سفرە ڕابخەن هەتا بە مڵچەمڵچی خواردنی ئەسحاب گیان بدەم. "

کاتێک جەنازەیان هەڵگرت، کۆترێکی سپی لە سەر گۆشەی جەنازەکەی نیشت. هەرچەند دەریان دەکرد، نەدەڕۆیشت هەتا وە دەنگ هات کە "خۆتان و من ئەزیەت مەکەن کە چنگی منیان بە بزماری ئەشق لە گۆشەی جەنازە کوتاوە. من بۆیە نیشتووم چونکە ئەورۆ قالبەکەی نەسیبی کەرروبیان دەبێ. ئەگەر غەوغای ئێوە نەبا، قالبی وەک بازێکی سپی بە حەوا دا دەفڕی. "

دەگێڕنەوە کە:

ڕۆژێک شیبلی لە سەر خاکی جونەید وەستابوو، یەکێک مەسەلەیەکی لێپرسی. جوابی نەداوە و کوتی " گەورەکان دە حاڵی حەیات و مەمات دا یەکن. من شەرم دەکەم لە پێش خاکی ئەو جوابی مەسەلە بدەمەوە وەها کە دە حەیاتیشی دا شەرمم دەکرد.

# جونەید دە کتێبەکانی دیکە دا

# تفسير كشف الاسرار

جونەید کوتی " هەرکەس بە زمان یادی خودا بکا و بە ناوی ئەو بنازێ و بچێ دڵی خۆی بە مێهرێکی دیکە بسپێرێ، شەللاقی عیتابی سیاسەتی لە قیامەت ویدەکەوێ. " (ب ١ ل ١٠٧)

جونەید کوتی " داوایەکم لە خودا کرد، نەدا گەیشت: کەسانێک کە گەیشتوونە مەقامی تەهقیق و لە جامی وەسڵ شەربەتێکیان خواردۆتەوە و لە مەشغەڵەی خەڵک و نەفس ڕزگارییان هاتووە، هیچیان بە سەر زار دانایە. " (ب ١ ل ١١٥)

لە شێخ جونەیدیان پرسی " دوو رەکەعەت نوێژی موستەحەبت پێخۆشترە بیکەی یا یەک ساعەت موشاهیدەی دەروێشان و دۆستانی خودا؟ "
کوتی " یەک ساعەت موشاهیدەی دەروێشان! چونکە بینینی دەروێشان، دۆستایەتی خودایە کە دەڵێ: دەست خستنی دۆستایەتی خودا عەینی فەرز و فەرزی عەینە و وەها فەرزێک وەلانان و تەرکی واجب کردن و خەریکی ناواجب و موستەحەب بوون کاری زیرەکان و سیرەتی جوامێران نییە. " (ب١ ل ٢١٣)

پیاوێک هاتە لای جونەید و کوتی " فڵان عارف چەند ڕۆژە نوقمی عالەمی وەجدی خۆی بووە، شەیدایی و حاڵێکی قورس دایگرتووە وەها کە گەیشتۆتە نوقتەی جەمع. "
جونەید کوتی " وەختی نوێژ چۆنە و چ دەکا؟ "
کوتی " کاتێک وەختی نوێژ دادێ تەکبیر دەنێرێ و نوێژ دەکا. "
جونەید کوتی " حەمد بۆ خودا کە شەیتان دەستی بە سەر دانەگرتووە. ئەو سرنجەی عەینی هەقیقەت و حەرەکەتی وی جەماڵی تەریقەت و نەفەسی وی نوقتەی جەمعە. " (ب ١ ل ٢١٥)

شێخ جونەید دەڵێ " گەورەترین گوناهی کەس، ناسینی خودایە! " — یانی ئەو پێی وایە و ئیدعا دەکا ئەوم بە هەقیقەتی هەق و بەوجۆرەی کە شیاوەی ئەوە ناسیوە و ئەم جۆرە ناسینە لە بەشەر ناوەشێتەوە و فەهم و وەهمی بەو ناگا. (ب ١ ل ٢٩٨)

جونەید کوتی " سەرەتای هەر بەشەرێک وەکوو ئەنجامەکەیەتی و ئەنجامەکەی وەکوو سەرەتاکەی، چونکە نەهایەتی هەر کارێک گەڕانەوە بۆ بەدایەتی ئەو کارەیە و ڕێگا بەرەو هەق ئاڵقەیەکە کە پێیدا دێنە دەر و پێیدا دەچنەوە ژوور. (ب ١ ل ٣٢٨)

جونەید عارفی گەورە دەڵێ " دڵی خۆتان پاک بکەنەوە هەتا هەق بناسن، خووی خۆتان لەو بکەن هەتا دڵێر بن، هەموو شتێک لە لوتفی ئەوەوە ببینن هەتا ئەوتان خۆش بوێ، لە سەر مەرکەبی خزمەت دابنیشن هەتا بگەنە مەنزڵی حورمەت، حورمەت زیاد بکەن هەتا بگەنە سوحبەت، هیممەتان بەرز بکەنەوە هەتا دەگەڵ وی بمیننەوە. " (ب ١ ل ٣٢٨)

جونەید کوتی " بناغەی تەسەووفیان لە سەر شەش خیسلەت داناوە: یەکەم سەخا، دووهەم ڕەزا، سێهەم سەبر، چوارەم پەشمینەپۆشیی، پێنجەم دونیاگەڕان، شەشەم فەقر و نەداریی. " (ب ١ ل ٤٥٩)

جونەید دەڵێ " هەقیقەتی زیکر، فەنا دە مەزکوور دایە. زیکر ئەوە نییە کە تۆ بە ئیختیاری خۆت و بە تەککەلوف لێو بجووڵێنیەوە... زیکری هەقیقیی ئەوەیە کە زمانت گشت ببێتە دڵ و دڵت گشت ببێتە سیرڕ و سیرڕ ببێتە عەینی موشاهیدە. " (ب ٢ ل ١١)

جونەید دەروێشیی بە سەرتر لە دەوڵەمەندیی دانا و ئیبنی عەتا بە پێچەوانەی وی شەرەفی بە دەوڵەمەندیی دا لە ئاست دەروێشیی.

ڕۆژێک ده نێوان ئەو دوانه دا بەحس ساز بوو. جونەید دەلیلی هێناوه که ڕەسووڵی خودا فەرموویەتی: فەقیرانی ئوممەتی من زووتر له دەوڵەمەندان دەچنه بەهەشت و کەسێک که زووتر بچێته بەهەشت سەرتره لەوەی که درەنگتر بچێ.

ئیبنی عەتا کوتی " چ باشتر، که دەوڵەمەند ماوەیەک ده نۆره و ئینتزار دابێ! چونکه ئەوکەسەی که له بەهەشته خەریکی لەززەتی نێعمەته و ئەوەی که چاوەڕوانه و ده نۆره دایه له لەززەتی عیتابی هەق، جا دەگەڵ دۆست قسه کردن هەرچەند مەقامی عیتاب و خیتابیش بێ باشتره لەوەی که لەبەر مەقامی نێعمەت له دۆستەوه، خەریکی غەیری دۆست بێ! چونکه تووشی بەڵای دۆست بوون باشتر و خۆشتره لەوه که لەبەر نێعمەتی دۆست، بێ دۆست بوون. "

جونەید کوتی " ئەگەر دەوڵەمەند لەززەتی عیتابی هەیه، دەروێش لەززەتی داوای لێبوردنی هەیە! خودا ڕۆژی قیامەت ڕوو ده دەروێشی خۆی دەکا، دەڵێ: من داوای لێبوردنت لێدەکەم و سوێند به عیزەت و جەلالم، لەوه که ڕووی دونیام له تۆ نەکرد نه لەبەر سووکایەتیی به تۆ بوو بەڵکه فەزیلەت و کەرامەتم کرده بەهرەی تۆ. ئێستا بڕوانه ئەو سەف و ڕیزەی خەڵک، هەرکەس له دونیا چێشت یا جل یا جێگای داوه به تۆ و مەبەستی خێر و یادی من بووه، دەستی بگره و له سەف دەریبکێشه و من گوناهی وی به تۆ دەبەخشم." (ب ٢ ل ٥٧)

**جونەید** کوتی " هەرکەس ژیانی هەمیشه دەگەڵ خودا خۆش بێ کاتی مەرگ له ژیانێکی تەبیعیی به ژیانێکی ئەسلیی وەسڵ دەبێ که دەڕاستیدا ژیانی پاک و هەقیقییه. " (ب ٢ ل ٧٠)

ڕۆژێک **شیبلی** که زۆر سیاحەب کەرەم و سەخا بوو چوو لای **جونەید**. یەک له حازرانی مەجلس کوتی " **شیبلی** پیاوێکی کەریمه! "
**جونەید** کوتی " باسی کەسێک دەکەی که دەرکراوی دەرگایه. "

**شیبلی** کاتێک ئەوەی بیست بە خۆی دا شکاوە و شەرمەزار هەستا و لە لایان دەرکەوت. ئەو پیاوە کوتی " ئەی **جونەید** ئەوە چ قسەیەک بوو کە کوتت سەرەڕای ئەوەکە حاڵی ئەوت لێ مەعلوومە دە پاکیی و ڕاستیی دا؟"

**جونەید** کوتی " بەڵێ **شیبلی** عەزیزێکە لە عەزیزانی دەرگا... بەڵام ئەو قسەی کە بە سەر زمانی تۆ دا هات بۆ پاکیی ئەو تیغێک بوو کە تەمای ڕۆژگاری ئەوی کرد هەتا مەرکەبی مەعاملاتی ئەو بخا و بفەوتێنێ، ئێمە لەو قسەیە سپەرێکمان ساز کرد هەتا بەری ئەو تیغە بگرێ. " (ب ٢ ل ١٢٤)

ڕۆژێک **جونەید** و **شیبلی** بە ڕێگایەک دا دەڕۆیشتن.
**جونەید** بە **شیبلی** کوت " ساعەتێک دەگەڵ خودای بە هەتا من دێمەوە."
**شیبلی** دەستی کرد بە قوئان خوێندنەوە.
**جونەید** گەڕاوە و بە سەری دا گوڕاند کە " بە تۆم کوت خەریکی خودا بە! "
**شیبلی** کوتی " من پێموابوو کە قورئان دەخوێنمەوە خەریکی ئەوم. "
**جونەید** کوتی " نەتزانیوە کە هەرکەس دەگەڵ خودا بێ ناتوانێ بدوێ؟" (ب ٢ ل ١٣٤)

لە جونەیدیان پرسی " عیلمی هەقیقەت چیە؟ "
کوتی " عیلمێکە لەدەنی و ڕەببانی کە سفەت لێیدەرچووە و هەقیقەت ماوەتەوە. " (ب ٢ ل ١٦٩)

لە شێخ جونەیدیان پرسی " ئەو عیلمی لەدەنییەت لە کوێ هێناوە؟ "
کوتی " ئەگەر **لە کوێ** با، دەتپرسی؟ " (ب ٢ ل ٣٣٨)

پادشای تەریقەت جونەید، مریدێکی وەسیەت دەکرد کە " وەها بکە کە بۆ خەڵک ڕەحمەت بی و بۆ خۆت بەڵا " (ب ٢ ل ٢٢٨)

شێخ **جونەید** ڕۆژێک دەگەڵ ژنی خۆی لە ماڵ دانیشتبوو کە **شیبلی** وە ژوور کەوت. ژن ویستی خۆی داپۆشی، **جونەید** کوتی " **شیبلی** ئاگای لە تۆ

نییە، دانیشە. " ئەو دوانە قسەیان دەکرد هەتا **شیبلی** دەستی کرد بە گریان، ئەودەم **جونەید** بە ژنەکەی کوت " خۆت داپۆشە کە **شیبلی** وە هۆش هاتەوە و هاتەوە سەر خۆ. " (ب ١ ل ٥٨٢)

# کشف المحجوب

مریدێکی وی دڵی ئێشا و پێیوابوو کە گەیشتۆتە دەرەجەیەک و خۆی لێکێشاوە. ڕۆژێک هات هەتا ئەو بە تاقی بکاتەوە. ئەو بە حوکمی فەراسەت ئەو مرادەی وی دەبینی. پرسیارێکی لێکرد. جونەید کوتی "جوابی عیبارەتت دەوێ یا مەعنەویی؟ "

کوتی " هەردووک! "

کوتی " ئەگەر عیبارەتت دەوێ، ئەگەر خۆت تاقی کردباوە موحتاج بە بەتاقی کردنەوەی من نەدەبووی و نەدەهاتی بۆ تاقی کردنەوە و ئەگەر مەعنەوییت دەوێ لە ویلایەت مەعزوولت دەکەم. "

دەستبەجێ مرید ڕووی ڕەش بوو و هاواری کرد کە " ڕاحەتیی یەقین دە دڵم دا ون بوو. " دەستی بە پاڕانەوە کرد و دەستی لە فزوولیی هەڵگرت.

جونەید کوتی " تۆ نەتزانیوە کە ئەولیای خودای تەعالا وەلیانی ئەسرارن؟ تۆ تاقەتی برینی وان ناگری. " فوویەکی لێکرد و بە مرادی خۆی گەیشت و تۆبەی کرد. (ل ١٦٤)

یەکێک هاتە لای جونەید، پێیکوت " لە کوێوە دێی؟ "

کوتی " لە حەج بووم. "

کوتی " حەجت کرد؟ "

کوتی " بەڵێ! "

کوتی " هەر سەرەتا کە لە ماڵ دەرکەوتی و لە وەتەن کۆچت کرد لە هەموو گوناهەکان کۆچت کرد؟ "

کوتی " نا! "

کوتی " کەوایە کۆچت نەکردووە. " کوتی " کاتێک لە ماڵ دەرچووی و لە هەر مەنزڵێک شەوانە وچانت گرت مەقامێکت لە ڕێگای هەق دەو وچان دانەت دا بڕی؟"

کوتی " نا! "

کوتی " کەوایە مەنزڵت نەبڕیون. " کوتی " وەختایەک لە میقات بوویە مەحرەم، لە سفەتەکانی بەشەریی جیا بوویەوە هەروەک چۆن لە جل؟ "

کوتی " نا! "

کوتی " کەوایە نەبوویە مەحرەم. " کوتی " کاتێک چوویە عەرەفات هیچ کەشفت لە موشاهیدە هەبوو ؟ "

کوتی " نا! "

کوتی " کەوایە لە عەرەفات نەوەستاوی. " کوتی " کاتێک چوویە موزدەلەفە و مرادەکانت حاسڵ بوون هەموو مرادەکانت تەرک کرد؟ "

کوتی " نا! "

کوتی " کەوایە لە موزدەلەفە نەبووی. " کوتی " کاتێک تەوافت کرد، ماڵی سیرڕت بە شوێنی شیاو و پاکی حەزرەتی جەمالی هەق بینی؟ "

کوتی " نا! "

کوتی " کەوایە تەوافت نەکردووە. " کوتی " کاتێک سەعیت کرد لە نێوان سەفا و مەروە، مەقامی سەفا و دەرەجەی مورووەتت دەست کەوت؟"

کوتی " نا! "

کوتی " کەوایە هێشتا سەعیت نەکردووە. " کوتی " کاتێک چوویە مێنا، منایەتییەکانی تۆ لە تۆ جیا بوونەوە؟ "

کوتی " نا! "

کوتی " کەوایە هێشتا نەچوویە مێنا. " کوتی " کاتێک چوویە قوربانگا، هەموو ویستەکانی نەفست قوربان کرد؟ "

کوتی " نا! '

کوتی " کەوایە قوربانییت نەکردووە. " کوتی " کاتێک بەردت هاویشت، هەر قسەیەکی لە مەعانی نەفسانی بۆ دەربڕی، فڕێت دا؟ "

کوتی " نا! "

کوتی " کەوایە هێشتا بەردت نەهاویشتووە و حەجت نەکردووە؟ و بەو سفەتە حەجێک بکە هەتا بگەیە مەقامی ئیبراهیم. " (ل ٤٢٥)

دەگێڕنەوە کە:

جونەید دەگەڵ ئەسحاب بە حوکمی ڕیازەت دانیشتبوون، مسافرێک وە ژوور کەوت. لە سەر نەسیبی وی تەعامێکیان دانا. ئەو کوتی " جگە لەوە فلانە شتەم دەوێ. "

جونەید کوتی " تۆ دەبێ بچییە بازاڕ کە تۆ پیاوێکی بازاڕیی نەک پیاوی مزگەوت و سەومەعە. " (ل ٤٤٧)

خەیری نەسساج خاترێکی بە زەین داهات کە جونەید لە بەر دەرگای وییە. ئەو خاترەی لە خۆ دوور کردەوە. خاترێکی دیکەی وای بە زەین داهات، ئەویشی لە خۆ دوور کردووە. جاری سێهەم ئەو خاترە هاتەوە. دەرکەوت جونەیدی بینی لە بەر دەرگا وەستاوە، کوتی " یا خەیر! ئەگەر خاتری ئەووەڵت ڕەچاو گرتبا و ئەگەر سوننەتی مەشایخت بە جێ هێنابا، من هێندە لە بەر دەرگا نەدوەستام. " (ل ٥٠٢)

جونەید کوتی " ڕێگای دۆست یا بە عیلم یا بە ڕەفتار. ڕەفتار کە بێ عیلم بێ هەرچەند باشیش بێ جەهل و ناتەواوە عیلم ئەگەر بە ڕەفتارەوە بێ عیزز و شەرەفە. " (ل ٥٤٠)

جونەید و محمد بن مەسرووق و ئیبنی عەتا کۆ ببوونەوە. قەووال بەیتێکی خوێند و ئەوان وەجدیان دەنواند و جونەید ساکین بوو.

کوتیان " یا شێخ! تۆ لەو سەماعە هیچ نەسیبێک نابەی؟ "

ئەو بۆی خوێندنەوە " قولو تعالی: و تری الجبال تحسبها جامدة و هی تمر مر السحاب. کێوەکان دەبینی، پێتوایە قورس وەستاون، کەچی وەک هەور دەڕۆن. " (سوورەی نمل ئایەتی ٨٨) (ل ٥٤١)

# ترجمه رساله قشیریه

جونەید دەڵێ " زوهد دڵ بەتاڵ بوونە لەوەی کە دەست لەو بەتاڵە. " (ل ١٧٧)

لە جونەیدیان پرسی سەبارەت بە زوهد.
کوتی " دەست بەتاڵ بوون لە ملک و بەتاڵ کردنی دڵ لە مەشغەڵەی ئەو." (ل ١٧٨)

رۆوەیم سەبارەت بە زوهد لە جونەیدی پرسی.
کوتی " بە سووک دانانی دونیا و شوێنەواری ئەو لە دڵ سڕینەوە. " (ل ١٧٨)

تاقمێک چوونە لای جونەید، کوتیان " لە ڕۆژیی دەگەڕێین! "
کوتی " ئەگەر دەزانن لە کوێیە لێیبگەڕێن. "
کوتیان " لە خودا داوای دەکەین. "
کوتی " ئەگەر دەزانن کە ئێوەی فەرامۆش کردووە وە بیری بێننەوە."
کوتیان " دەچینەوە ماڵ و بە تەوەککول دادەنیشین. "
کوتی " تەجرووبەی شکە. "
کوتیان " ئیدی چ چارەیە؟ "
کوتی " دەست هەڵگرتن لە چارەیە. " (ل ٢٥٤)

جونەید دەڵێ " یەقین، جێگر بوونی عیلمێکە دە دڵ دا کە گۆڕانی بە سەر دانەیە. " (ل ٢٧٤)

جونەید کوتی " لە دونیاوە بۆ ئاخیرەت ڕێگایەکە هاسان بۆ ئیماندار و لە نەفسەوە بەرەو خودا ئەستەم و سەبر کردن دەگەڵ خودا ئەستەمتر. " (ل ٢٧٩)

وەجیهی کوتی لە جورەیرییم بیست کە کوتی:
لە مەککە گەڕابوومەوە، دەستبەجێ چوومە سەلامی جونەید هەتا ئەو زەحمەتی هاتن نەکێشێ. سڵاوم کرد و ڕۆیشتم. ڕۆژی دوایی نوێژی بەیانی لە مزگەوتی ئێمە، بینیم جونەید لە ڕیزی نوێژ وەستاوە. کوتم: من دوێنێ بۆیە هاتم هەتا تۆ زەحمەت نەکێشی. کوتی: لە گەورەیی خۆتەوە بوو و ئەمە هەقی تۆیە. (ل ٣٩٥)

لە ئوستاد ئەبوو عەلیم بیست کە کوتی:
کاتێک غولام خەلیل سۆفیەکانی لە بەرچاوی خەلیفە خست، فەرمووی کە "ملی هەموان لێدەن! " جونەید پەنای بردە نێو شەریعەتەوە و خۆی بەو داپۆشی و فتوای دەدا. بەڵام شەححام و روقّقام و نووریی و جەماعەتێکیان هێنان هەتا شیردار هەموان بکووژێ. نووری خۆی خستە پێشەوە. شیردار کوتی " دەزانی لە چی پەلە دەکەی؟ "
نووری کوتی " دەزانم. "
کوتی " ئیدی ئەو پەلەیەت لە چیە؟ "
کوتی " ئەو دەمەی ژیان پێشکەشی یارانی خۆم بکەم. "
شیردار سەری سوڕما و ئەم خەبەرەی بە خەلیفە گەیاند. ئەوانی ناردە لای قازیی وەخت، هەتا حاڵی ئەوان لێکداتەوە. قازیی مەسەلەی شەریعەتی پرسی. نووری هەمووی جواب داوە، ئەوسا نووری وە قسە هات و کوتی "خودا بەندەی وای هەیە کە ئەگەر قسە دەکەن بەو قسە دەکەن و ئەگەر هەڵدەستن بەو دەیکەن. " و قسەی وای کرد کە قازیی دەستی کرد بە گریان. قازیی کەسی ناردە لای خەلیفە کە ئەگەر ئەو دەستەیە زەندیقن لە سەر ڕووی زەوی هیچ موسڵمانێک نییە. (ل ٤٠٣)

جونەید ڕۆژێک کوتی " ئەی جەماعەتی دەروێشان! ئێوە لە خوداوە دەناسن و بۆ خاتری خودا ڕێزتان دەگرن، بڕوانن هەتا دەگەڵ خودا چۆن بن. " (ل ٤٥٤)

جونەید کوتی " تەسەووف جەنگێکە کە هیچ ئاشتییەکی تێدا نییە. " (ل ٤٧١)

لە جونەید دەگێڕنەوە کە:
کوتی " لای ئوستادەکەم ابن الکرنبی بووم ئەودەم کە خەریک بوو گیانی دەدا. ڕوانیمە ئاسمان، کوتی " ئیستاش! " ڕوانیمە زەوی، کوتی "ئێستاش! " – یانی خودا لە تۆ لەوە نزیکترە کە لە ئاسمان و زەوی لێیبگەڕێی، ئەو لەوپەڕی مەکانە. " (ل ٥٣٢)

ئیبنی عەتا وەختی گیانەڵڵا چوو لای جونەید، سڵاوی کرد. جونەید درەنگ جوابی سڵاوەکەی داوە. جا جوابی داوە و کوتی " بمبوورە ویردێکم هەبوو " و گیانی دا. (ل ٥٣٤)

جونەید دەڵێ " عارف، عارف نییە هەتا وەک زەوی چاک و خراپ وە خۆ نەگرێ و وەک هەور سێبەر نەخاتە سەر هەموو شتێک و وەک باران نەگاتە هەموو جێگایەک. " (ل ٥٤٧)

جونەید کوتی " ئەگەر زانیبام لە ژێر ئەو ئاسمانە شینە عیلمێک هەیە گەورەتر لەو عیلمە کە بە ئەسحابی دەڵێم، تەمای ئەوم دەکرد و وە دەستم دەخست. " (ل ٧٢٨)

# حالات و سخنان ابوسعید ابولخیر

ڕۆژێک جونەید بە بازاڕی بەغدا دا دەڕۆیی. لاوێکی مەست گەیشتە سەری، بێ ئەدەبییەکی کرد و ئیشێکی لێدا.
جونەید کوتی " ئاخ، دەستی تۆ! "
دوای دوو ڕۆژان ئەو لاوەیان گرت کە دەبا دەستیان بڕیبا و لە سەر چوارڕێیانی بەغدا دەستیان بڕی.
جەماعەتی یاران و مریدان لە دڵیان گران هات و پێیان ناخۆش بوو، لە شێخیان بازخواست کرد کە " دەبا ئەو ڕووداوەت نەبردبا بەر دەرگای هەق و دە خۆت دا تێپەڕت کردبا. "
شێخ سوێندی خوارد کە " من گلەییم نەکرد لە دەرگای هەق بەڵام من بەندەی پادشام. پادشا لە بەندەی خۆی حیمایەت دەکا، چ لە دەست جونەید دێ؟ " (ل ١٥٦)

لە بەغدا ڕۆژێک مەستێک کەوتبوو و تاقەتی ڕۆیشتنی نەبوو لەبەر مەستیی. شێخ جونەید بەوێ دا تێپەڕی. چاوی ئەو مەستە بە شێخ کەوت و شێخیش چاوی بەو کەوت. مەست شەرمی کرد کوتی " یا شێخ! وەها کە هەم دیاری دەکەم تۆ وەها دیاری دەکەی کە هەی؟ "
شێخ وە گریان کەوت. (ل ١٥٧)

# ئەبولحوسێنی نووریی

**(٢٢٦ – ٢٩٥ی مانگیی)**

لەتیفی عالەم **ئەبولحوسێنی نووریی** یەگانەی سەردەم بوو و پێشەوای وەخت و زەریفی ئەهلی تەسەووف و شەریفی ئەهلی مەحەببەت ... ئەشقێکی بە کەمال و شەوقێکی بێنەهایەتی هەبوو و ... " امیر القلوب " و " قمر الصوفیه " یان پێدەکوت.
مریدی **سەریی سەقەتیی** بوو و لە خزمەت **ئەحمەدی حەواریی** دابووە و لە سەردەمانی **جونەید** بووە و ... مەعاملەتی موافقی **جونەیدە** و قاعیدەی مەزهەبەکەی ئەوەیە کە تەسەووفی لە فەقر بە سەرتر دادەنا.

بۆیە بەویان دەکوت **نووریی**، ئەگەر بە شەوی تاریک قسەی کردبا، نوور لە زاری دەهاتە دەر، وەها کە ماڵ ڕووناک دەبوو.
هەروەتر بۆیە **نووریی**-یان پێدەکوت چونکە بە نووری فەراسەت خەبەری لە ئەسراری باتین دەدا.
هەروەتر کوتوویانە: ئەو سەومەعەیەکی هەبوو لە سەحرا کە شەو لەوێ عیبادەتی دەکرد و خەڵک بۆ تەماشا دەچوون، بە شەو نوورێکیان دەبینی کە دەدرەوشێتەوە و لە سەومەعەی وی بۆ سەر دەچێ.

سەرەتا وەها بوو کە هەموو ڕۆژێ بەرەبەیان لە ماڵ دەردەکەوت کە "دەچمە دوکان " و چەند نانی هەڵدەگرت و لە ڕێ دەیدا بە سەدەقە و دەچوو مزگەوت و نوێژی دەکرد هەتا نیوەڕۆ پاشان دەچوو دوکان. ئەهلی ماڵ پێیان وا بوو کە لە دوکان شتێکی خواردووە و ئەهلی دوکان لایان وا بوو کە لە ماڵ شتێکی خواردووە.

دەگێڕنەوە کوتی:
گەلێک ساڵ موجاهیدەم کرد و خۆم لە زیندان ڕاگرت و پشتم لە خەڵک کرد و ڕیازەتم کێشا. ڕێگا لە سەر من نەکراوە. بە خۆم کوت " دەبێ شتێک بکەم کە یا کارەکەم جێبەجێ بێ یا نوقم بم و لەو نەفس و نەفەسە خلاسییم بێ. "
پاشان کوتم " ئەی لەش! تۆ گەلێک ساڵ بە هەوا و مرادی خۆت خواردت و کوتت و بینیت و بیستت، هەروەتر ڕۆیشتی و گرتت و خەوتی و عەیشت

کرد و شەهوەتت نواند و هەموو ئەوانە لە سەر تۆ تاوانن. ئێستا برۆ ژوور ماڵ هەتا دە بەندت بکەم و هەرچی هقووقی هەقە دە ملت دا بیکەمە قەلادە، ئەگەر بەرگە بگری دەبیە خاوەن دەوڵەت و دەنا لە ڕێگەی هەق فەنا دەبی. "

چل ساڵ وەهام کرد و بیستبووم کە " دڵەکانی ئەو تایفە بە غایەت ناسکن، هەرچی ئەوان ببینن و ببیسن، سیرڕەکەی دەزانن. " و من ئەوەم دە خۆم دانەدەبینی، کوتم " قەولی ئەنبیا و ئەولیا هەقە، مەگەر من لە موجاهیدە ڕیام کردووە و ئەو نوقسانە لە منە. " کوتم " ئێستا بلا بڕوانمە دەوروبەری خۆم کە: چیە؟ " بە خۆم داچوومەوە. ئافەت ئەوە بوو کە نەفس دەگەڵ دڵی من ببوو بە یەک. کاتێک نەفس دەگەڵ دڵ ببێتە یەک، هەرچی بکەوێتە سەر دڵ، نەفس حەزی خۆی لەو وەردەگرێ. "

دوای ئەوە هەرچی کە نەفس پێی دەحەساوە، بە لای دا نەدەڕۆیشتم و چنگم لە کارێکی دیکە دادەگرت. بۆ وێنە ئەگەر ئەو بە نوێژ و ڕۆژوو یا خەڵوەت و خەڵک خۆش با، بە کردەوە پێچەوانەی ئەوم دەکرد هەتا هەمووم دەرهاویشت و چ ئارەزوو و مراد نەمان. جا ئەوجار ئەسرار لە من دەرکەوت.

جا کوتم " تۆ کێی؟ "

کوتی " من دورڕی کانگای بێمرادییم. " و کوتی " ئێستا بە مریدەکانت بڵێ کە: کاری من کاری نامرادییە و دەرگای من دەرگای نامرادییە. "

جا چوومە دیجلە و لە نێوان دوو لۆتکە وەستام و کوتم " ناڕۆم هەتا ماسییەکی زل نەکەوێتە داوی منەوە. " ئاخر پێوەبوو، کاتێک دەرمکێشا، کوتم " ئەلحەملای کە کارم وەڕاست گەڕا. "

چووم بۆ جونەیدم گێڕاوە کە " وەها فتووحێکم دەست کەوت. "

کوتی " ئەی ئەبولحوسێن! ئەوە کە ماسی دە داوت کەوت، ئەگەر مار با، کەرامەتی تۆ دەبوو، بەلام چوون تۆ دە ئارا دابووی فریوە نەک کەرامەت؛ کە کەرامەت ئەوەیە تۆ دە ئارا دا نەبی."

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە ترجمە رسالە قشیریە دا وەها هاتووە:**

**ئەبولحوسێنی نووریی کوتی " شتێک دە دڵم دا بوو لە کەرامات. کوتە قامیشێکم لە منداڵێک وەرگرت و لە نێوان دوو لۆتکە لە نێوەڕاست دەریا وەستام و کوتم " بە عیززەتی تۆ ئەگەر ماسییەکی زۆر گەورە نەیەتە دەرێ خۆم دەخنکێنم. "**

**خەبەر بە جونەید گەیشت کوتی " حوکمەکەی ئەوە بوو کە ئەژدیهایەک هاتبا دەرێ و پێوەیدابا." (ل ٦٤٧)**

دەگێڕنەوە کە:

کاتێک **غوڵام خەلیل** بۆ دوژمنایەتی ئەو تایفەیە هەستا و لای خەڵیفە کوتی کە " جەماعەتێک پەیدا بوون کە سەما دەکەن و گۆرانی دەڵێن و کوفریات دەڵێن و تەواوی ڕۆژ خەریکی تەماشان و دەچنە ژێرخانەکان شاراوە قسان دەکەن. ئەوانە قەومێکن لە زەنادیقە، ئەگەر ئەمیرەلموئمینین فەرمانی کوشتنیان بدا مەزهەبی زەنادیقە لێک بڵاو دەبن چونکە سەری هەموان ئەو تاقمەن. "

خەڵیفە دەستبەجێ دەستووری دا هەتا ئەوان حازر بکەن و ئەوان **بووهەمزە** و **روققام** و **شیبلی** و **نووریی** و **جونەید** بوون. کاتێک خەڵیفە فەرمووی هەتا ئەوان بکووژن. شەمشیردار بە تەمای کوشتنی **روققام** بوو. **نووریی** بازدی دا و خۆی خستە پێشەوە و بە دڵ لە سەر جێگەی **روققام** دانیشت و کوتی " لە پێشدا من بکووژە! " بە خۆشی و پێکەنینەوە.

شەمشیردار کوتی " هێشتا نۆرەی تۆ نەهاتووە و شەمشیر شتێک نییە کە پەلەی لێبکەن. "

**نووریی** کوتی " بناغەی تەریقەت من لە سەر بەخت کردنە و عەزیزترین شتەکان گیانە؛ دەمەوێ ئەو چەند نەفەسە پێشکەشی ئەو برادەرانەی بکەم هەتا عومریش بەخت بکەم و سەرەڕای ئەوە کە یەک نەفەسی دونیا لای من خۆشەویستترە لە هەزار ساڵەی ئاخیرەت و چونکە ئەمە سەرای خزمەتە و ئەو سەرای قورب و قوربەت بە خزمەت دێتە دەست. "

کاتێک ئەم قسەی لەو بیست و بە خەڵیفەیان ڕاگەیاند. خەڵیفە لە ئینساف و ڕاستیی ئەو سەری سوڕما، فەرمووی کە " دەست ڕاگرن " و بە قازیی کوت هەتا بە کارەکەیان دا بچێتەوە... جا قازیی زانی کە **جونەید** دە علووم دا

کامیله و قسەی **نووریی** بیستبوو، کوتی " لەو مەزاج شێتە - یانی **شیبلی**- بڵا شتێک لە شەریعەت بپرسم، کە نەتوانێ جواب بداتەوە. "

کوتی " لە بیست دینار چەند دەبێ زەکات بدەن؟ "

**شیبلی** کوتی " بیست و نیو دینار! "

کوتی " کێ ئەمەی کردووە؟ "

کوتی " سەدیقی ئەکبەر کە چل هەزار دیناری دا و هیچی وەرنەگرتەوە. "

کوتی " ئەو نیو دینارە چیە؟ "

کوتی " تاوانی ئەوە کە بۆچی ئەو بیست دینارەی ڕاگرتبوو. "

پاشان لە **نووریی** مەسەلەیەکی پرسی لە شەریعەت. دەستبەجێ جوابی داوە. قازیی شەرمەزار بۆوە. ئەوسا **نووریی** کوتی " ئەی قازیی! ئەو هەموویەت پرسی و هیچ نەتپرسی کە خودا پیاوی وای هەیە کە هەستانیان بەوە، حەرەکەت و سکوونیان گشت بەوە و هەموو زیندوو بەون و بە دیتنی ئەو دەژین ئەگەر ساتێک لە دیداری هەق بمێننەوە گیانیان دێتە دەر. بەو دەخەون و بەو دەخۆن و بەو وەردەگرن و بەو دەڕۆن و بەو دەبینن و بەو دەبیسن و دەگەڵ ئەو دەبن. عیلم ئەوەیە نەک ئەوەی کە تۆ دەپرسی. "

قازیی حەیران بوو و کەسی ناردە لای خەڵیفە کە " ئەگەر ئەوانە کافر و زەندیقن، من حوکم دەکەم کە لە سەر زەوی یەک مووەحیدی تێدا نییە. "

خەڵیفە ئەوانی بانگ کرد و کوتی " چ حاجەتێک دەخوازن؟ "

کوتیان " حاجەتی مە ئەوەیە کە ئێمە فەرامۆش بکەی. نە بە قەبووڵی خۆت ڕێزمان بگرە و نە بە دەرکردنی خۆت دوورمان رابگرە کە چون ڕەددی تۆ بۆ ئێمە وەک قەبووڵە و قەبووڵی تۆ وەک ڕەددە. "

خەڵیفە گەلێک گریا و بە کەرامەتێکی تەواو بەڕێی کردن.

دەگێڕنەوە کە:

ڕۆژێک نووریی مریدێکی بینی کە کاتی نوێژ دەست دە ڕدێنی وەردەدا، کوتی " دەست لە ڕدێنی هەق هەڵبگرە! "

ئەو قسەیان بە خەڵیفە گەیاند و فەقێکان هاوڕا بوون کە " ئەو بەو قسەیە کافر بووە."

بردیانە لای خەڵیفە. کوتی " ئەو قسەیە تۆ کردووتە؟ "

کوتی " بەڵێ! "

کوتی " بۆچی کردووتە؟ "

کوتی " بەندە هی کێیە؟ "

کوتی " هی هەق! "

کوتی " ڕدێن هی کێیە؟ "

کوتی " هی ئەوکەسەی کە بەندە هی ئەوە. "

پاشان خەڵیفە کوتی " ئەڵحەملای کە خودا منی لە قەتڵی وی پاراست."

هەروەتر:

کوتی " چل ساڵە، لەوەتا نێوانی من و دڵیان لێک جیا کردۆتەوە دەو چل ساڵە دا من هیچ ئارەزووم نەبووە و شەهوەتی هیچ شتێکم نەبووە و هیچ شتێک بە باش دە دڵم دا خۆی نەنواندووە و ئەمە لەو سەردەمەوەیە کە هەقم ناسیوە. "

هەروەتر:

کوتی " نوورێکی درەوشاوەم دەبینی لە غەیب، هەمیشە چاوم لێدەکرد هەتا تەواو بووم بەو نوورە. "

دەگێڕنەوە کە:

ڕۆژێک جونەید چوو لای نووریی. نووریی لای جونەید بۆ دادخوازیی بە خاک داکەوت و کوتی " حەرب قورس بووە و تاقەتم نەماوە. سی ساڵە کە وەختایەک ئەو وە دیار دەکەوێ من ون دەبم، کاتێک من وە دیار دەکەوم ئەو غایب دەبێ و حەزووری ئەو دە غەیبەتی من دایە. هەرچەند دەپاڕێمەوە، دەڵێ: یا من دەبم یا تۆ. "

جونەید بە ئەسحابی کوت " بڕواننە کەسێک کە داماو و ئیمتەحانکەر و سەرسوڕماوی هەقە. " پاشان جونەید کوتی " دەبێ وەها بی کە ئەگەر زیندوو بێتەوە بە تۆ یا ئەگەر ئاشکرا بێ بە تۆ، تۆ نەبی. خۆی هەموو هەر ئەو بێ. "

دەگێڕنەوە کە:

تاقمێک هاتنە لای جونەید و کوتیان " چەند شەووڕۆژە نووریی بە دەوری خشتێک دا دەگەڕێ و دەڵێ: ئەڵڵا، ئەڵڵا! و هیچ تەعام و شەرابی نەخواردووە و نەخەوتووە و نوێژەکانی بە وەخت دەکا و ئادابی نوێژ بەجێ دێنێ. "

ئەسحابی جونەید کوتیان " ئەو وشیارە و فانی نییە چونکە نوێژەکان ڕادەگرێ و ئاداب بەجێ دێنێ؛ کەوایە ئەوە ڕەنج لە خۆ نانە نەک فەنا، چونکە فانی خەبەری لە هیچ نیە. "

جونەید کوتی " وا نییە ئەوەیکە ئێوە دەیڵێن. ئەوانەی کە دە وەجد دان، مەحفووزن، خودای تەعالا ئەوان ڕادەگرێ. "

جا جونەید چوو لای نووریی و کوتی " یا اباالحسین! ئەگەر دەزانی خرۆش دەگەڵ ئەو سوودی هەیە هەتا منیش وە خرۆش کەوم و ئەگەر دەزانی ڕەزا باشترە، تەسلیم بە هەتا دڵت فارغ بێ. "

نووریی دەستبەجێ لە خرۆش وەستا و کوتی " هەققا موعەلیمێکی باشی تۆ بۆ ئێمە! "

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی کشف المحجوب دا وەها هاتووە:**

**جارێک سێ شەو و ڕۆژ لە ماڵ لە جێگەیەک وەستابوو و دەخرۆشا. بە جونەیدیان کوت. هەستا و چوو لای وی و کوتی " یا اباالحسین! ئەگەر دەزانی خرۆش دەگەڵ ئەو سوودی هەیە هەتا منیش وە خرۆش کەوم و ئەگەر دوزانی خرۆش سوودی نیە ڕەزا بە تەسلیم بە هەتا دڵت خوررەم بێ. "**

**نووری لە خرۆش وەستا و کوتی " هەققا موعەلیمێکی باشی یا ابالقاسم تۆ بۆ ئێمە " (ل ١٦٥)**

دەگێڕنەوە کە:

شیبلی مەجلسی دەکوت. نووریی هات و لە پەنایەک وەستا و کوتی "ئەسسەلاموعەلەیک یا ئەبابەکر! "

شیبلی کوتی " وە عەلەیکەسسەلام یا ئەمیرەلقلوب! '

کوتی " هەقتەعالا ڕازیی نابێ لە عالیمێک باسی عیلم بکا، کە خۆی عەمەلی پێنەکا. ئەگەر تۆ خەریکی عەمەلی جێگاکەت ڕابگرە و دەنا وەرە خوار. "

شیبلی ڕوانی و خۆی ڕاست نەبینی.

هاتە خوار و چوار مانگ لە ماڵ دانیشت و نەهاتە دەر. خەڵک کۆ بوونەوە و هێنایانە دەر و ناردیانە سەر مەنبەر. نووریی خەبەرەکەی زانی. هات و کوتی " یا ئەبابەکر! تۆ لەوانت شاردەوە، بۆیە هێناویانی سەر مەنبەر و من نەسیحەتم کردن، بەردیان پێدادام و دە کەلاوەیان هاویشتم. "

کوتی " یا ئەمیرەلقلوب! نەسیحەتی تۆ چ بوو و شاردنەوەی من چ بوو؟ "

کوتی " نەسیحەتی من ئەوە بوو کە ڕەهام کرد خەڵکی خودا، بە خودا و شاردنەوەی تۆ ئەوە بوو کە بوویە حیجابی نێوان خەڵک و خودا. تۆ کێی کە دە نێوان خەڵک و خودا دا واسیتە بی؟ کەوایە من تۆ نابینم ئیللا بە فزوولێک."

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی کشف المحجوب دا وەها هاتووە:**

**[نووریی] چوو لای جونەید، بینی لە مەسدەر دانیشتووە، کوتی " یا ابا القاسم! غششتهم فصدروک و نصحتهم فرمونی بالحجارة. هەقت لەوان شاردەوە هەتا کردیانی بە مەسدەر و من ئەوانم نەسیحەت کرد بە بەرد دووریان خستمەوە، لەبەر ئەوەیکە سەبارەت بە هەوا بە پێچەوانەی باتین قسە کردن، موافقتە و نەسیحەت مخالفتە و خەڵک دوژمنی ئەو کەسەن کە مخالفی هەوای وان بێ و دۆستی ئەو کەسەن کە موافقی هەوای وان بێ." (ل ١٦٥)**

دەگێڕنەوە کە:

لاوێک پێخواس لە ئیسفەهانەوە بۆ زیارەتی نووریی وەدەر کەوت. کە نزیک بۆوە، نووریی بە مریدێکی فەرموو هەتا فەرسەخێک ڕێگای بە گەسک ماڵی و کوتی " لاوێک دێ کە ئەو حەدیسە لەو دەرکەوتووە. " کە گەیشتێ، نووریی کوتی " لە کوێوە دێی؟ "

کوتی " له ئیسفه‌هان! " – و میری ئیسفه‌هان کۆشکێک و هه‌زار دینار ئه‌سباب و که‌نیزێکی تورکی هه‌زار دیناریی ده‌دا به‌و لاوه که " مه‌چۆ وێ" –

جا نووریی کوتی " ئه‌گه‌ر میری ئیسفه‌هان کۆشکێک و که‌نیزێکی سیاحه‌بجه‌ماڵ و هه‌زار دیناری ئه‌سباب ده‌دا که: مه‌ڕۆ، تۆ ئه‌و ته‌ڵه‌به‌ت ده‌گه‌ڵ ئه‌و به‌راورد کرد؟ "

لاو ده‌ستبه‌جێ نه‌عره‌ته‌ی لێدا که " لێممه‌ده! "

نووریی کوتی " ئه‌گه‌ر هه‌قته‌عالا هه‌زار عاله‌م ده ته‌به‌کێک بنێ و له پێش مریدێکی دابنێ و مرید سه‌یری بکا، لێی ڕه‌وا نییه که حه‌دیسی خودای بکا."

ده‌گێڕنه‌وه که:

نووریی ده‌گه‌ڵ یه‌کێک دانیشتبوو و هه‌ردووک هۆڕهۆڕ ده‌گریان. کاتێک ئه‌وکه‌سه ڕۆیشت، نووریی ڕووی له یاران کرد و کوتی " زانیتان ئه‌وکه‌سه کێ بوو؟ "

کوتیان " نا! "

کوتی " ئیبلیس بو و باسی خزمه‌ته‌کانی خۆی ده‌کرد و ئه‌فسانه‌ی ڕۆژگاری خۆی ده‌گێڕاوه و له ده‌ردی فیراق ده‌یناڵاند و وه‌ها که دیتتان ده‌گریا و منیش ده‌گریام . "

جه‌عفه‌ری خولدیی کوتی:

نووریی له خه‌لوه‌ت موناجاتی ده‌کرد، من گوێم هه‌ڵخست بزانم ده‌ڵێ چی، کوتی: خودایه! ئه‌هلی دۆزه‌خ عه‌زاب ده‌ده‌ی و ... دۆزه‌خ پڕ ده‌که‌ی له خه‌ڵک، تۆ قادری که دۆزه‌خ پڕ بکه‌ی له من و ئه‌وان ببه‌ی بۆ به‌هه‌شت.

ده‌گێڕنه‌وه که:

کوتی " شه‌وێک ته‌وافگام چۆل بینی، هه‌رجاره‌ی ده‌گه‌یشتمه حه‌جه‌ره‌لئه‌سوه‌د دوعام ده‌کرد و ده‌مکوت " اللهم ارزقنی حالا و صفه لا اتغیرمنه " – خودایه! وه‌ها حاڵه‌ت و سفه‌تێکم بکه به ڕۆژیی، که گۆڕانم به سه‌ر دانه‌یه ڕۆژێک –

له نێو کەعبەوە دەنگێکم بیست " یا اباالحسین! دەتەوێ بەرابەریی دەگەڵ ئێمە بکەی؟ ئێمە لە سفەتی خۆمان ناگۆڕدرێین، بەڵام بەندەکان گۆڕانیان بە سەر دادێنین هەتا ڕەببایەتی و عەبدایەتی دەر بکەوێ. ئێمەین کە لە سەر یەک سفەتین، سفەتی بەشەر گۆڕانە."

شیبلی کوتی " لای نووریی بووم. ئەوم بینی کە بە مراقبەت دانیشتبوو وەها کە موویەک لە لەشی نەدەجووڵاوە. کوتم: مراقبەتێکی وەها جوان لە کوێ فێر بووی؟"
کوتی "لە پشیلەیەک کە لە بەر کونی مشکێک بوو و ئەو زۆر لە من ساکینتر بوو."

دەگێڕنەوە کە:
بازاڕی بەردەفرۆشانی بەغدا ئاگری تێبەربوو و خەڵکێکی زۆر سووتان. لە سەر دوکانێک دوو غوڵامبەچچەی رۆمیی بوون زۆر سیاحەبجەماڵ و ئاگر دەورەی دابوون و خاوەنی غوڵام دەیکوت " هەرکەس ئەوان دەربکێشێتەوە هەزار دیناری مەغریبیی دەدەمێ. " هیچکەس زراوی نەبوو لێیان نزیک بێتەوە. لەپڕ نووریی گەیشتێ. ئەو دوو غوڵامبەچچەی بینی کە هاوار دەکەن. کوتی " بسم الرحمن الرحیم " و وە نێو ئاگر کەوت و هەردووکی بە سلامەت هێنا دەرەوە. خاوەنی غوڵام هەزار دیناری مەغریبیی لە پێش نووریی دانا. نووریی کوتی " هەڵیبگرەوە و شوکری خودا بکە کە ئەو مەرتبەیەی کە داویانە بە ئێمە بە وەرنەگرتن داویانە."

دەگێڕنەوە کە نووریی نەخۆش کەوت. جونەید هاتە سەر دانی و گوڵ و میوەی هێنا. دوای ماوەیەک جونەید نەخۆش کەوت. نووریی بە ئەسحابەوە چوو سەردانی و بە یارانی کوت " هەرکەس لە نەخۆشیی جونەید هەندێک هەڵگرێتەوە هەتا ئەو چاک بێتەوە."
کوتیان " ئەوە هەڵمانگرتەوە."
جونەید دەستبەجێ هەستاوە.
نووریی کوتی " جاری دیکە کە دێیە سەردان، وەها وەرە، نە وەها کە گوڵ و میوە بێنی."

نووریی کوتی:

پیرێکی زەعیف و بێهێزم بینی کە شەللاقیان لێدەدا و ئەو سەبری دەگرت. پاشان بردیانە زیندان. من چوومە لای و کوتم " تۆ وەها زەعیف و بێهێز کە شەللاقیان لێدەدای چلۆن تاقەتت هێنا لە بەری؟ "

کوتی " رۆڵە! بەڵا بە هیممەت دەکێشرێ نەک بە لەش. "

کوتم " لای تۆ سەبر چیە؟ "

کوتی " ئەوەکە کاتی هاتنی بەڵا وەها بێ کە کاتی خەڵاسیی لە بەڵا. "

دەگێرنەوە کە:

لە نووریی - یان پرسی کە " رێگەی بەرەو مەعرەفەت چلۆنە؟ "

کوتی " حەوت دەریایە لە نار و نوور. کاتێک لەو حەوت دەریایە تێپەڕی، ئەودەم دەبی بە پارووپەک دە گەرووی ئەو دا، وەها کە یەکەمین و ئاخرین بە پارووپەک قووت دەدا. "

دەگێڕنەوە کە:

بە یەکێک لە ئەسحابی بووهەمزەی کوت – و بووهەمزە ئیشارەی بە قورب کردبوو – کوتی " بەو بڵێ کە: نووریی سڵاوت دەگەیەنێتێ و دەڵێ: قوربی قورب لەوەی کە ئێمە تێیداین بوعدی بوعدە "

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی شرح شطحیات دا هاتووە:**

**ئەبولحسێنی نووریی دەڵێ " قوربی قورب دە ئیشارەی ئێمە بۆ ئەو عالەمە بوعدی بوعدە." (ل ١٦٩)**

کوتیان " دەلیل چیە بۆ خودا؟ "

کوتی " خودا. "

کوتیان " ئەدی حاڵی ئەقڵ چیە؟ "

کوتی "ئەقڵ عاجزێکە و عاجز ناتوانێ دەلالەت بکا بە جگە لە عاجزێکی وەک خۆی نەبێ. "

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی نفحات الانس دا وەها هاتووە:**

**هەروەتر لێیانپرسی " ئەڵڵا تەعالات بە چی ناسی؟ "**

**کوتی " به ئەڵڵا! "**
**کوتیان " ئەدی ئەقڵ چیه؟ "**
**کوتی " عاجزە؛ ڕێ نانوێنی مەگەر بە عاجز. "**

هەروەتر:
پرسیاریان کرد لە سەر عەبدایەتی
کوتی " موشاهیدەی ڕەببایەتییه. "

هەروەتر:
کوتی "سۆفی ئەو قەومەن کە گیانی ئەوان لە لێڵایەتی و ناپاکیی بەشەرییەت ئازاد بووە و لە ئافەتی نەفس پاک بۆتەوە و لە هەوا خالیس بووە، وەها کە لە سەفی یەکەم و دەرەجەی ئەعلا دەگەڵ هەق دەحەسێنەوە و لە غەیر ئەو دەپرینگێنەوە، نە مالیکن و نە مەملووک."
هەروەتر:
کوتی " سۆفی دە بەندی هیچ دانێ و هیچ دە بەندی ئەو دانێ. "

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی گزیده مقالات شمس تیریزی دا هاتووە کە:**
**الفقیر لا یملک و لایملک: دەروێش نە خاوەنی شتێکە و نە کەس خاوەنی ئەوە. (ل ٣٢٥)**

هەروەتر:
کوتی " تەسەووف نە علوومە و نە رسووم، بەڵام ئەخلاقێکە. " – یانی ئەگەر رەسم با، بە موجاهیدە دەست دەکەوت و ئەگەر عیلم با، بە تەعلیم پێکدەهات. بەڵکە ئەخلاقێکە کە: تخلقوا باخلاق الله. و وەک خوڵقی خودا لێهاتن نە بە رسووم دەست دەکەوێ و نە بە علووم.

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی کشف المحجوب دا وەها هاتووە:**
**نووریی کوتی " لیس التصوف رسوما و لا علوما و لکنه اخلاق. تەسەووف رسووم و علووم نییە بەڵام ئەخلاقە. " (ل ٤٧)**

هەروەتر:

کوتی " تەسەووف ئازادیی و جوامێریی و تەرکی تەککەلوف و سەخاوەتە."

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی کشف المحجوب دا هاتووە:**

**نووریی کوتی " التصوف هو الحرية و الفتوة و ترک التکلف و السخا. " (ل ٤٨)**

هەروەتر:

کوتی " تەسەووف تەرکی گشت نەسیبەکانی نەفسە بۆ نەسیبەکانی هەق. "

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی کشف المحجوب دا وەها هاتووە:**

**نووریی دەڵێ " التصوف ترک کل حظ النفس. تەسەووف دەست هەڵگرتن لە گشت حەزەکانی نەفسە." (ل ٤٢)**

هەروەتر:

کوتی " تەسەووف دوژمنایەتی دونیا و دۆستایەتی مەولایە. "

دەگێڕنەوە کە:

ڕۆژێک نابینایەک دەیکوت " ئەڵڵا، ئەڵڵا "

نووریی چوو لای و کوتی " تۆ ئەو کوا دەناسی؟ کە ئەگەر بیستبات زیندوو نەدەمای. "

ئەوەی کوت و بێهۆش بوو و لەو شەوقە ڕووی لە سەحرا کرد، لە قامیشەڵانێکی تازەدوراو دەگەوزا و ئەو قامیشانە دە پێ و کەلەکەی ڕادەچوون و خوێن دەڕژا و لە پتەکانی خوێن " ئەڵڵا، ئەڵڵا " دەدیترا.

ئەبوو نەسری سەرراج کوتی " کاتێک ئەومان لەوێ هێناوە ماڵ، کوتیان: بڵێ لا اله الا الله. کوتی: ئاخر هەر بۆ وێ دەچینەوە. و وەفاتی کرد. "

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی ترجمە رسالەی قشیریە دا وەها هاتووە:**

**لە ئەبوو سەرراج دەگێڕنەوە کە:**

**هۆی وەفاتی نووریی ئەم بەیتە بوو کە دەیانکوت**

**لا زلت انزل من ودادک منزلا**

تتحير الاالباب عند نزوله

**کاتێک ئەو بەیتەی بیست وەجد گرتی ڕووی لە سەحرا نا، وە قامیشەڵانێک کەوت کە بڕیبوویانەوە و جێگەکەی وەک شەمشیری تیژ مابۆوە. لەوێ دەگەڕا و هەتا بەیانی ئەو بەیتەی دەکوتەوە و خوێن لە هەردووک پێی دەڕژا و هەردووک پێی هەڵمسابوون. پاشان وەک مەستێک کەوت و هەردووک پێی تێداچوون هەر بەوەش نەما. دە گیانەڵڵا دا کوتیان: بڵێ لا اله الا الله. کوتی: نە دەچینەوە لای وی." (ل ٥٢٩)**

جونەید کوتی " هەتا نووریی وەفاتی کرد، هیچکەس لە هەقیقەتی سیدق قسەی نەکرد کە سەدیقی زەمانە ئەو بوو. "

# نووریی ده کتێبەکانی دیکه دا

# ترجمه رساله قشيريه

ابوالحسين احمد بن محمد النورى بەغدايى زادە بوو. خزمەتى سەريى [سەقەتيى] و احمد بن ابى الحوارى كردووە، هاوچەرخى جونەيد بووە. كارى ئەو گەورە بووە و خۆش مەعاملە و خۆش زمان.

نووريى دەڵێ " تەسەووف دەست هەڵگرتن لە حەزى نەفسە. "

هەر ئەو دەڵێ " عەزيزترين شتێك دە زەمانەى ئێمە دا دوو شتە: عاليمێك كە بە عيلمى خۆى كار بكا و عارفێك كە لە هەقيقەت بدوێ. "

هەروەتر:

نووريى كوتى كە " مەرقەع، پۆشاك و جلێك بوو دە بەر دوڕ دا، ئێستا كەلاوەيە دە بەر مردار دا. " (ل ٥٤)

نووريى دەڵێ " موشاهيدەى بەندە دروست نييە ئەگەر لە حەوت ئەندامى ڕەگێكى قايم بمێنێ. " (ل ١١٩)

سەبارەت بە تۆبە لە نوورييان پرسى، كوتى " تۆبە ئەوەيە كە لە هەرچى خواරووتر لە خودايە تۆبەى بكەى. " (ل ١٤٢)

ئەبولحوسێنى نووريى كوتى " لە زوننونى ميسرييم بيست و پرسيم كە: زيكر چيە؟ كوتى: ئەوەيە كە زيكروێژ لە زيكرى خۆى غايب بێ و خۆى بە زيكروێژ نەبينێ. " (ل ٣٥٢)

نووريى كوتى " هەر شتێك ئاكامێكى هەيە و ئاكامى عارف ئەوەيە كە لە زيكر بوەستێ. " (ل ٣٥٣)

بانگدەرێک بانگی نوێژی دەدا. نووریی کوتی " طعنه و سم الموت! "
سەگێک وەڕی و کوتی " لبیک و سعدیک! "
کوتیان " ئەمە بێدینییە. وەهات بە بانگدەر کوت و لەبەیکت بە سەگ کوت؟"
کوتی " ئەو پیاوە بە غەفلەت یادی خودای دەکرد بۆیە وەهام کوت و سەک دەیکوت ئەللا ئەللا. " (ل ٤٢٥)

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی شرح شطحیات دا وەها هاتووە:**
**ئەبولحوسێنی نووریی گوێی لە بانگی بانگدەر بوو، کوتی " سم الموت. " دەنگی سەگی بیست، کوتی " لبیک و سعدیک! "**
**لێیانپرسی کە " ئەمە چیە؟ "**
**کوتی " بە دەنگی بانگدەر غەیرەتم بزووت چونکە غافڵە، هەقدەست وەردەگرێ ئەگەر هەقدەستی ماڵی دونیا نەبا ئەو بانگی نوێژەی نەدەدا. "**
**" بەڵام دەنگی سەگ؟ "**
**کوتی " زیکری هەقە. ئەوان زیکری بێ ڕیا دەکەن و بێ عەوەز، بۆیە لەبەیکم کوت. " (ل ١٦٨)**
**هەروەتر دە کتێبی تلبیس ابلیس دا وەها نووسراوە:**
**لە ئەبولحوسێنی نووریی دەگێڕنەوە کە:**
**کاتێک دەنگی بانگدەری گوێ لێدەبوو دەیکوت " ژەهریمار! " و کاتێک وەڕینی سەگی دەبیست دەیکوت " لبیک و سعدیک! "**
**هۆیەکەیان پرسی، کوتی " ئەو بانگدەر غافڵە و بۆ بانگ دان هەقدەست وەردەگرێ و ئەو سەگە بێ ڕیا زیکری خودا دەکا. " (ل ٢٣٦)**

نووریی دەڵێ " سفەتی دەروێش ئەوەیەکە کاتی دەستەنگیی ئارام بگرێ و کاتی هەبوون ببەخشیتەوە. " (ل ٤٦٤)

# كشف المحجوب

نووری دەڵێ " الفقير السكون عند العدم و البذل عند الوجود. ئەگەر دەستيان نەكەوت بێدەنگن و ئەگەر دەستيان كەوت كەسێكی ديكە بە لە خۆيان فەرزتر دادەنێن و دەيبەخش. " (ل ٣٠)

پادشای ئەهلی تەسەووف و بێبەريی لە ئافەتی تەكەللوف ابولحسين احمد بن محمد النوری ... دە تەسەووف دا مەزهەبێكی تايبەتی هەيە و دەستەيەكن كە بەوان دەڵێن نووريی، كە ئيقتدا بەو دەكەن.
(ئەهلی تەسەووف دوازدە دەستەن كە دوو لەوان مەردوودن و دە لەوان مەقبووڵ. ئەوانەی مەقبووڵن: موحاسبيی، قەسساريی، تەيفووريی، جونەيديی، نووريی، سەهليی، حەكيميی، خەررازيی، خەفيفيی و سەيياريين. كە ئەوانە گشتيان لە موهقيقيانن و ئەهلی سوننەت و جەماعەت، بەڵام ئەو دوو دەستەی كە مەردوودن يەكيان حلووليين و يەكيان حەللاجيی كە بە تەركی شەريعەت و ئيلحاد مەردوودن و ئەباحتيان و فارسيان لەو دەستەن.) (ل ١٦٤)

النوريە: قانوونی مەزهەبەكەی فەزلی تەسەووفە بە سەر فەقر دا و مەعاملەتی موافقی جونەيدە. (ل ٢٣٦)

نووريی دەڵێ " الجمع بالحق تفرقة عن غيره و التفرقة من غيره جمع. جەمع دەگەڵ هەق تەفرەقەيە بە غەيری وی و تەفرەقە لە غەيری وی، جەمع بوونە دەگەڵ ئەو.  (ل ١٦٥)

نووریی دەڵێ " اعز الاشیاء فی زماننا شیسئان عالم یعمل بعلمه و عارف ینطق عن حقیقه. عەزیزترین شتەکانی زەمانەی ئێمە دوو شتە: یەکیان عالیمێک کە بە عیلمی خۆی کار بکا و ئەوی دیکە عارفێکە کە لە هەقیقەت بدوێ. " (ل ١٦٦)

نووریی دەڵێ " همة العارف الی مولاه فلم یعطف الی شی سواه. هیممەتی عارف بە هەقە و لەو بەرەو هیچ شتێک ناگەڕێتەوە و ڕوو لە هیچ شتێک ناکا. " (ل ١٦٩)

لە [نووریی] دەگێڕنەوە کە:
ڕۆژێک فەلەیەکم بینی جوانڕوو. حەیرانی جەمالی بووم، لە بەرابەری وەستام. جونەید بەوێ دا تێپەڕی، پێمکوت " ئەی ئوستاد! خودای تەعالا وەها ڕوویەک بە ئاگری دۆزەخ ناسووتێنێ. "
بە منی کوت " کوڕی چاک! ئەمە بازاڕچەی نەفسە کە تۆ وا لێدەکا نە تەماشای عیبرەت، کە ئەگەر بە عیبرەت بڕوانی دە دەروونی هەر زەڕڕەیەک لە بوونەوەران دا هەر ئەو حەیرانییە مەوجوودە. " (ل ١٦٩)

## نفحات الانس

ناوی احمد بن محمد و دەڵێن محمد بن محمد دروستترە. مەعرووفە بە ابن البغوی. باوکی خەڵکی بەغشوورە کە شارێک بووە لە نێوان هەرات و مەرو، زێد و شوێنی لە دایک بوونی بەغدا بووە. دەگەڵ سەریی سەقەتیی و محمد بن علی قصاب و احمد ابی الحواری هاوسوحبەت بووە و زوننوونی میسریی بینیوە و لە هاوچەرخەکانی جونەید بووە بەڵام تیژ وەختتر بووە لە جونەید. جونەید بە عیلم سەرتر بووە و نووریی بە ژیان شۆری هەبووە. کاتێک لە جونەید شتێکیان پرسی لە سەر سەبر و تەوەککول ویستی جواب بداتەوە، نووریی بە سەری دا گوڕاند کە " تۆ لە کاتی میحنەتی سۆفیان لات داوە و خەریکی زانایی بووی، باسی ئەو تایفە مەکە. " ئەو بەر لە جونەید لە دونیا دەرچووە.
کاتێک نووریی فەوتی کرد جونەید کوتی " ذهب نصف هذا العلم بموت النوری. "

نووریی هەمیشە تەسبیحی بە دەستەوە بووە، پێیانکوت " تستجلب الذکر؟ "
کوتی " لا استجلب الغفله! "
کوتیان " بەو تەسبیحە دەتەوێ کە ئەڵڵا تەعالات لە یاد دابێ؟ "
کوتی " نا، بەڵکە بەو تەسبیحە لە غەفلەت دەگەڕێم. "

شێخەلئیسلام کوتی:
لاوێکی خوراسانیی هاتە لای ئیبراهیمی قصار کوتی " دەمەوێ نووریی ببینم. "
کوتی " ئەو چەند ساڵێک لای ئێمە بوو هەر دە دەهشەت دابوو. ساڵیک بە دەوری شار دا گەڕا، تێکەڵ بە کەس نەبوو. دوو ساڵ لە وێرانەیەک ماڵیکی بە کرێ گرت و هیچ دەرنەکەوت مەگەر بۆ نوێژ و ساڵیک زمانی گرت و دەگەڵ کەس قسەی نەکرد. "
ئەو لاوە کوتی " هەڵبەت دەمەوێ بیبینم. "
ئەویان ناردە لای نووریی. کاتێک وە ژوور کەوت، نووریی کوتی "دەگەڵ کێت قسە کردووە؟ "
کوتی " دەگەڵ شێخ ئەبوو هەمزەی خوراسانیی. "
کوتی " ئەو پیاوەی کە نیشانی قورب دەدا و ئیشارەی پێدەکا؟ "
کوتی " ئادێ! "
کوتی " کاتێک بینیت سڵاوی پێبگەیەنە و بڵێ: لێرە کە ئێمەین قورب، بوعدی بوعدە. "
- ابن الاعرابی دەڵێ: قورب ناڵێن هەتا مەسافەت نەبێ و هەتا مەسافەت هەبێ دوویی بەرقەرارە، کەوایە قورب، بوعدە. -

# عوارف المعارف

یەک لە سادقان، ئەبولحوسێنی نووریی دیت کە دەستی درێژ کردبوو و لە خەڵک سواڵی دەکرد. ئەو حاڵەتەی لێ گران هات و بوو بە مونکیری. چوو لای جونەید و پێیکوت.

جونەید کوتی " ئەوە ئێعترازێکی باش نییە کە ئەبولحوسێن ئەو سواڵەی دەکا هەتا دونیای فانی لەوان وەربگرێ و لە عوقبا لە خودای بوێ هەتا نێعمەتێکی باقی بدا بەوان. " جا داوای تەرازوویەکی کرد و سەد درەمی کێشا و دە کیسەیەکی کرد و مشتێکیش درەمی هەڵگرت و دە نێو ئەو درەمانەی کرد و بە منی کوت " ئەو درەمانە بۆ نووریی ببە. " من بیرم دەکردەوە کە هەرکەس شتێک بکێشێ بۆ ئەوەی دەکێشێ هەتا ئەندازە و چلۆنایەتی بزانێ، ئەوە چ ئیشارەتێکە کە شێخ کێشراو و نەکێشراوی تێکەڵ یەک کردن. فەرمانم بە جێ هێنا و بردمە لای ئەبولحوسێن. ئەویش تەرازوویەکی داوا کرد و سەد درەمی کێشا و دە کیسەیەکی کرد و دای بە من و کوتی " بەو بڵێ کە من لە تۆ هیچ قەبووڵ ناکەم. " و ئەو مشتەی کە زیادە بوو هەڵیکرت. من سەرم پتر سورما. پرسیارم لێکرد کە " ئەوە چ ئیشارەتێکە؟ "

کوتی " جونەید دەیەوێ هەردووک لای هەبێ. سەد درەمی کێشا بۆ خێر و ئەو مشتەی دە نێو کرد بێ کێشان بۆ خاتری ڕەزای حەزرەتی عیززەت. ئەوەی کە نەسیبی ڕەزای عیززەت بوو قەبووڵم کرد و ئەوەی نەسیبی غەیری هەق بوو ڕەددم کردەوە. "

چوومە لای جونەید و ئەوم لەو حاڵە ئاگادار کرد. گریا و کوتی " ئەوەی کە هی ئەو بوو هەڵیگرت و قەبووڵی کرد و ئەوەی کە نەسیبی ئێمە بوو ڕەددی کردەوە. " (ل ٨١)

# ئەبووبەکری شیبلی

**(٢٤٧ ی مانگیی – ٣٣٤ ی مانگیی)**

١.

شێخی سەردەم **ئەبووبەکری شیبلی** لە گەورە و مەزنەکانی مەشایخ بوو.

کوتی " سی سال فیقهـ و حەدیسم خوێند هەتا هەتاو لە سینگم سەری دەرکێشا. جا چوومە دەرگای ئەو مامۆستایانەی کە هاتوا فقه الله- وەرن و لە عیلمی ئەڵڵا شتێک بێژن- کەس شتێکی نەبوو بیڵێ. چونکە نیشانیی شتێک لە شتێکەوە دەبێ، لە غەیبەوە هیچ نیشان نییە. حەدیسێکی سەیرم بۆ دەرکەوت: کە ئێوە دە شەوەزەنگێک دان و ئێمە دە بەرەبەیانێکی ڕوون دا. شوکرم کرد و ویلایەتم بە دز سپارد. بڵا بکا ئەوەی کە دەبێ دەگەڵمان بیکا."

لە دەست جاهیلانی زەمانە زۆری زەجر کێشا و لە ڕەدد و قەبووڵ و غەوغای خەڵک دا مابۆوە و هەمیشە تەمایان دەگرت هەتا بیفەوتێنن. هەروەک **حوسێنی مەنسوور** کە هەندێک لە قسەکانی ئەو ڕوویەکی لە **حوسێن** بوو.

٢. سەرەتای واقعەکەی وەها بوو کە:

ئەمیری **دەماوەند** بوو. لە **بەغدا** نامەیەکی پێدەگا. دەگەڵ ئەمیری **رەی** و کۆمەڵێک چوونە خزمەتی خەڵیفەی **بەغدا** و خەڵاتی خەڵیفەیان وەرگرت. کە دەگەڕانەوە ئەمیر[ی رەی] پشمەیەکی کرد. بە سەردەستی جلی خەڵات، زار و دەمی سڕی. ئەو قسەیان بۆ خەڵیفە گێڕاوە کە " وەهای کردووە! " خەڵیفە فەرمووی هەتا خەڵاتیان لە بەر داکەند و تێیانهەڵدا و لە ئەمارەت وە لایان نا. **شیبلی** لەو کارە تەنبێ بوو. بیری کردەوە "کەسێک کە خەڵاتی مەخلووقێک بکاتە دەسرە موستەهەقی دەرکردن و لێپرسینەوە دەبێ و خەڵاتی ویلایەتی لێدەستێننەوە، ئەدی ئەوکەسەی کە خەڵاتی پادشای عالەم بکاتە دەسرە دەبێ چی لێبکەن؟ " دەستبەجێ چوو خزمەت خەڵیفە.

کوتی " چ بووە؟ "

کوتی " ئەی ئەمیر! تۆ کە مەخلووقی پێت ڕەوا نییە بێئەدەبیی بە خەڵاتی تۆ بکەن و مەعلوومیشە قەدری خەڵاتی تۆ چەندەیە. پادشای عالەم خەڵاتێکی

داوە بە من لە دۆستایەتی و مەعرەفەتی خۆی کێ پێی ڕەوایە کە من بۆ خزمەتی مەخلووێک بیکەمە دەسرە؟ "

جا دەرکەوت و چوو مەجلیسی **خەیری نەسساج** و ئەو واقعەی بە سەر داهات.

**خەیر** ئەوی ناردە لای **جونەید**.

جا **شیبلی** هاتە لای **جونەید** کوتی " لای تۆ گەوهەری ئاشنایەتییمان نیشان دەدەن. یا بیبەخشە یا بیفرۆشە! "

**جونەید** کوتی "ئەگەر بیفرۆشم تۆ بەهاکەت پێنادرێ و ئەگەریش بیبەخشم ئەوە هاسانت دەست کەوتووە، قەدری نازانی. وەک من تەپڵی سەرت بکە هەنگاو و خۆ دەو دەریایە باوێ، هەتا بە سەبر و چاوەڕوانیی گەوهەرت دەست بکەوێ."

جا **شیبلی** کوتی " ئێستا چ بکەم؟ "

کوتی " بڕۆ یەک ساڵ شەمچەفرۆشیی بکە. "

وەهای کرد.

کە ساڵێک تێپەڕی، کوتی " دەو کارە دا شۆرەت و تەجارەتێک هەیە. بڕۆ ساڵێک سواڵ بکە، وەها کە خەریکی چی دیکە نەبی. "

وەهای کرد. هەتا سەری ساڵ هەموو بەغدای کرد و ئیدی کەس هیچی نەدایە. گەڕاوە و بە **جونەیدی** کوت. ئەو کوتی " ئێستا قیمەتی خۆت بزانە، کە تۆ لای خەڵک هیچ ناهێنی. دڵیان پێمەسپێرە و ئەوان بە هیچ دامەنێ. " ئەوجار کوتی " تۆ ماوەیەک حاجب بووی و چەند ڕۆژێک ئەمیرایەتییت کردووە بڕۆ ئەو ویلایەتە و گەردنازاییان لێبخوازە. "

هات و یەک بە یەکی ماڵەکان چوو هەتا هەمووی کردن. یەک مەزلەمەی مابوو. خاوەنەکەی نەدیتەوە. کوتی " بە نییەتی وی سەدهەزار درەمم دا، هێشتاش دڵم قەرار ناگرێ. "

چوار ساڵ بەو کارە ڕۆژگار تێپەڕی. جا گەڕاوە لای **جونەید**. کوتی "هێشتاش شتێک لەو پلە و مەقامەت تێداماوە. بڕۆ ساڵێکی دیکەش سواڵ بکە."

کوتی " هەمووڕۆژێ سواڵم دەکرد و بۆ ویم دەبردەوە. ئەو هەمووی دەدا بە دەروێشەکان و شەو بە برسیایەتی دەیهێشتمەوە. هەتا ساڵیک تەواو بوو.

کوتی: ئێستا ڕێت دەدەمە قسەی خۆم، بەڵام بە شەرتێک کە ببی بە خزمەتکاری ئەسحاب. جا یەک ساڵ خزمەتی ئەسحابم کرد. هەتا پێیکوتم: یا ئەبابەکر! ئێستا حاڵی نەفسی تۆ لە لای تۆ چۆنە؟ کوتم: من خۆم بە کەمترینی خەڵکی خودا دەبینم. **جونەید** کوتی: ئێستاکە ئیمانت دروست بوو. "

هەتا گەیشتە ئەو حاڵەتەی کە باغەڵی پڕ دەکرد لە شەکر و لە هەرکوێ منداڵێکی بینیبا دە زاری دەکرد کە " بڵێ: ئەڵڵا " لە دوایی باغەڵی پڕ کرد لە درەم و دینار و کوتی " هەرکەس جارێک ئەڵڵای بڵێ زاری پڕ دەکەم لە زێڕ "

لە دوایی غیرەتی بزووت، تیغێکی هەڵکێشا کە " هەرکەس ناوی ئەڵڵا بەرێ بەم تیغە سەری دەپەڕێنم. "

کوتیان " پێشتر شەکر و زێڕت دەدا، ئێستا سەر دەپەڕێنی؟ "

کوتی " پێموابوو کە ئەوان لەبەر هەقیقەت و مەعرەفەتێک یادی دەکەن. ئێستا دەرکەوت کە لەبەر غەفلەت و عادەت دەیڵێن و من پێم ڕەوا نییە بە زمانی پیس یادی بکەن. "

جا دەڕۆیشت و گەیشتبا هەر جێیەک ناوی ئەڵڵای لێ نەقش دەکرد هەتا دەنگێکی بیست کە " هەتا کەنگێ لە دەوری ناو دەگەڕێی؟ ئەگەر خوازیاری هەنگاو لە ڕێگەی ناوبراو هەڵبێنە! "

ئەم قسە دە گیانی کەوت و قەرار و ئارامی لێڕەوی. ئەشق وەها قەوەتی گرت و غەڵبەی دایە کە چوو خۆی دە دیجلە هاویشت. دیجلە شەپۆلی هەستاند و فڕێی داوە کەنار. لە دوایی خۆی دەخستە بەر پێی خەڵک، هەموو لێیدەڕمینەوە. خۆی لە سەر کێوێک فڕێ دا، با گرتیەوە و لە سەر زەوی داناوە. شیبلی بێقەراریی لێبوو بە هەزار، هاواری کرد: " ویل لمن لایقبله الماء و لاالنار و لاالسباع و لاالجبال "

هاتفێک وڵامی داوە کە " من کان مقبول الحق لایقبله غیره "

وەهای لێهات کە دە کۆت و بەندیان کرد و بردیانە بیمارستان. تاقمێک هاتنە لای و کوتیان " ئەمە شێتە. "

ئەو کوتی "منتان پێ شێتە و خۆتان وشیار؟ هەق شێتایەتی من و وشیاریی ئێوە پتر بکا، هەتا لەبەر ئەو شێتایەتییە نزیکتر و نزیکترم بکا و لەبەر وشیاریی دوورتر و دوورترتان بکاتەوە. "

۳.

جا خەڵیفە کەسێکی نارد هەتا تیماری بکا. هاتن و بە زۆر دەرمانیان دە گەرووی دەکرد. **شیبلی** دەیکوت " ئێوە خۆتان ئەزیەت مەکەن کە ئەمە نە ئەو دەردەیە کە بە دەرمان چاری بکرێ. "

ڕۆژێک تاقمێک چوونە لای و ئەو دە بەند دابوو. کوتی " ئێوە کێن؟"

کوتیان " دۆستانی تۆ! "

بەردی پێدادان. هەموو ڕایانکرد. ئەو کوتی " ئەی درۆزنینە! دۆستان لە چەند بەردێکی دۆستی خۆیان ڕادەکەن؟ دەرکەوت کە دۆستی خۆتانن نەک دۆستی من."

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی ترجمە رسالە قشیریە دا وەها هاتووە:**

**کاتێک شیبلیان لە بیمارستان ڕاگرت، تاقمێک هاتنە لای، کوتی " ئێوە کێن؟"**

**کوتیان " دۆستانی تۆین هاتووینە سەر دانت. "**

**بەردی هەڵگرت پێیدادان. ئەوان ڕایانکرد.**

**شیبلی کوتی " درۆتان کرد ئەگەر ئیدعای دۆستایەتی دەکەن بۆ لە بەڵای من ڕادەکەن؟ "  (ل ٢٨٤)**

٤.   دەگێڕنەوە کە:

جارێک بینیان کوتێکی ئاگر لە سەر لەپی دەستی داناوە، ڕادەکا.

کوتیان " بۆ کوێ؟ "

کوتی "ڕادەکەم هەتا ئاگر لە کەعبە بەربدەم، هەتا خەڵک خەریکی خودای کەعبە بن."

٥.

ڕۆژێکیش دارێکی بە دەستەوە بوو هەردووک سەری ئاگر.

کوتیان " چی لێدەکەی؟ "

کوتی "دەچم هەتا بە سەرێکی دۆزەخ بسووتێنم و بە سەری دیکەی بەهەشت، هەتا خەڵک لە خودا بڕوانن. "

٦. دەگێڕنەوە کە:

جارێک چەند شەو و ڕۆژ لە بن درەختێک سەمای دەکرد و دەیکوت "هوو! هوو!"

کوتیان " ئەوە چ حاڵەتێکە؟ "

کوتی " ئەم کوکوختیە لە سەر ئەم درەختە دەڵێ: کوو کوو! منیش موافەقەتی دەگەڵ دەکەم و دەڵێم: هوو هوو! " و دەڵێن کە هەتا **شیبلی** بێدەنگ نەبوو، کوکوختی بێدەنگ نەبوو. "

٧. دەگێڕنەوە کە:

جارێک بە بەرد پێیان شکاند. هەر دڵۆپە خوێنێک کە لێیدەتکا نەقشی "ئەڵڵا"ی دەگرت.

٨. دەگێڕنەوە کە:

جارێک سێ ڕۆژی مابوو بۆ جەژن. **شیبلی** جەواڵێکی سوورکراوەی دە سەر کرد و کوتێکی نان دە زاری نا و کوتێک کەنەفی لە نێوقەد بەست و دەگەڕا و دەیکوت " هەرکەس جلی وە گیر نەکەوتووە بۆ جەژن وەها بکا."

٩.

ڕۆژێکی جەژنە جلی ڕەشی دەبەر کردبوو و شینی دەگێڕا.

کوتیان " ئەوڕۆ جەژنە تۆ بۆ جلی ڕەشت دەبەر دایە؟ "

کوتی " لەبەر غەفلەتی خەڵکی خودا. "

ئەو خۆی لە سەرەتا قەبایەکی ڕەشی هەبوو هەتا ئەودەمەی تیشکی جەمالی ئەم حەدیسە لێیدا. جلی ڕەشی داکەند و مەرەققەعی دە بەر کرد.

کوتیان " چ تۆی گەیاندە ئەو پلە؟ "

کوتی " ڕەش لە سەر ڕەش هەتا ئێمە تێیدا نوقم بووین. "

.١٠ دەگێڕنەوە کە:

سەردەمایەک شیبلی هەر دەگریا و دەیکوت " ئاها ئاها "

جونەید کوتی " شیبلی بە تەما بوو لە ئەمانەتێک کە حەزرەتی خودایی پێیسپاردبوو خەیانەتێک بکا، ئەوی کرد بە هاوارکەری ئاهـ "

کاتێک جونەید ئەو قسەی کرد بە نووری ئیمان تێگەیشت کە شتێک کەوتە خاتر و زەینی گوێگران، کوتی " هاوار! خاتر لە شیبلی دوور ڕابگرن کە عەینوڵلایە دە نێو خەڵک دا. "

.١١

ڕۆژێک ئەسحاب پەسنی **شیبلی** –یان دەکرد کە " ئێستاکە بە سیدق و شەوقی ئەو کەس نییە و بەرزهیممەت و پاکڕەوتر لەو کەس نییە لە ڕێبواران. "

لەپڕ **شیبلی** وە ژوور کەوت و ئەوەی کە کوتیان بیستی.

**جونەید** کوتی " ئێوە ئەو ناناسن، ئەو ڕەددکراو و پەست و تاریکە ئەو لێرە دەر بکەن!"

ئەسحاب دەریان کرد. **شیبلی** لە پشت دەرگا دانیشت و ئەسحاب دەرگایان داخست و کوتیان " یا شێخ! تۆ دەزانی کە ئێمە هەرچیمان دە هەق **شیبلی** دا کوت ڕاستمان کوت، ئەوە چ بوو کە فەرمووت؟ "

کوتی " ئەوەی کە پەسنتان دەکرد، هەزار هێندەیە. بەڵام ئێوە بە تیغی تیژ بە شوێنیەوە بوون، ئێمە سپەرێکمان لە بەر ڕاگرت و شوێنمان ون کرد."

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی تفسیر کشف الاسرار دا وەها هاتووە:**

**ڕۆژێک شیبلی کە زۆر سیاحەب کەرەم و سەخا بوو چوو لای جونەید. یەک لە حازرانی مەجلس کوتی " شیبلی پیاوێکی کەریمە! "**

**جونەید کوتی " باسی کەسێک دەکەی کە دەرکراوی دەرگایە. "**

**شیبلی کاتێک ئەوەی بیست بە خۆی دا شکاوە و شەرمەزار هەستا و لە لایان دەرکەوت. ئەو پیاوە کوتی " ئەی جونەید ئەوە چ قسەیەک بوو کە کوتت سەرەڕای ئەوە کە حاڵی ئەو لە تۆ مەعلوومە دە پاکی و ڕاستیی دا؟"**

**جونەید کوتی " بەڵێ شیبلی عەزیزێکە لە عەزیزانی دەرگا... بەڵام ئەو قسەی کە بە سەر زمانی تۆ دا هات بۆ پاکیی ئەو تیغێک بوو کە تەمای ڕۆژگاری ئەوی کرد هەتا مەرکەبی مەعاملاتی ئەو بخا و بفەوتێنێ، ئێمە لەو قسەیە سپەرێکمان ساز کرد هەتا بەری ئەو تیغە بگرێ. " (ب ٢ ل ١٢٤)**

١٢. دەگێڕنەوە کە:

شیبلی ژێرخانێکی هەبوو، باوەشیکی دار دەبرد و دەچوو وێ و هەرکات غەفلەتێکی بە دڵ دا هاتبا، بەو دارانە لە خۆی دەدا و وادەبوو کە هەموو دارەکان کە دەشکان، دەست و پێی خۆی لە دیوار دەکوتا.

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی ترجمه رساله قشیریه دا وەها هاتووە:**

**دەڵێن سەرەتای کار شیبلی، چوو ژێرخان و باوەشێکی دار دەگەڵ خۆی برد، هەرکات غەفلەتێکی بە دڵ دا دەهات بەو دارانە لە خۆی دەدا و وابوو کە وەختایەک لە ژێرخان دەهاتە دەر کە لەو دارانە هیچ نەمابان. " (ل ٣٤٧)**

١٣. دەگێڕنەوە کە:

جارێک دە خەلوەت دابوو. کەسێک لە دەرگای دا.

کوتی " وەرە ژوور ئەی کەسێک کە ئەگەر ئەبووبەکری سەدیقیشی و نەیەی ژوور، پێم خۆشترە. "

١٤. هەروەتر:

کوتی " عومرێکە هەتا دەمەوێ دەگەڵ خودای خۆم خەلوەتێک بکەم کە شیبلی دەو خەلوەتە، دە ئارا دا نەبێ. "

١٥. هەروەتر:

کوتی " حەفتا ساڵە دە بەندی ئەوە دام کە نەفەسێک خودا بناسم. "

١٦. هەروەتر:

کوتی " پاڵگەی من عەجزە. "

١٧. هەروەتر:

کوتی " چاوساغی من نیازە. "

١٨.   هەروەتر:
کوتی " بریا توونچییەک بام  هەتا نەیانناسیبام. "

١٩.   هەروەتر:
کوتی " من سێ چارەڕەشییم تووش بووە یەک لە یەک سەختتر. "
کوتیان " کامانەن؟ "
کوتی " ئەوە کە هەق لە دڵم چۆتە دەر. "
کوتیان " لەوە سەختتر چیە؟ "
کوتی " ئەوە کە باتڵ لە جێی هەق دانیشت. "
کوتیان " سێهەم چیە؟ "
کوتی " ئەوە کە ئەو دەردە منی دانەگرتووە کە: عیلاج و دەرمانی ئەوە بکەم و وەها فارغ نەبم. "

٢٠. هەروەتر کوتی:
ڕۆژی قیامەت دۆزەخ بە کڵپەوە هەرام لێدەکا کە " ئەی **شیبلی**! " و من خەریکم بەرەو سیرات دەچم، ڕادەپەڕم و وەک مەل دەفڕم. دۆزەخ دەڵێ "قەووەتی تۆ کوا؟ لە تۆ نەسیبێکم دەوێ! "
من دەگەڕێمەوە و دەڵێم " ها هەرچیت دەوێ، بگرە. "
دەڵێ " دەستتم دەوێ! "
دەڵێم " بگرە! "
دەڵێ " پێتم دەوێ! "
دەڵێم " بگرە! "
دەڵێ " هەر دوو کاسەی چاوتم دەوێ! "
دەڵێم " بگرە! "
دەڵێ " دڵتم دەوێ! "
دەڵێم " بگرە! "

دەو بەینە دا غەیرەتی هەق دەگاتێ کە " یا **ئەبابەکر!** جوامێریی لە کیسەی خۆت بکە. دڵ تایبەتی ئێمەیە. تۆ چ کارت بە دڵە کە دەیبەخشی؟"

جا کوتی:

دڵی من باشترە لە هەزار دونیا و ئاخیرەت، چونکە دونیا سەرای مەحەببەتە و ئاخیرەت سەرای نێعمەت و دڵ سەرای مەعرەفەت.

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی تفسیر کەشف الاسرار دا وەها هاتووە:**

**شیبلی کوتی: پەردەکانیان لادا و حیجابەکانیان لابرد هەتا گەلێک کاری غەیبیی لە ئێمە کەشف بوو، دۆزەخم بینی وەک ئەژدیهایەکی بەگوڕ و شێرێکی دڕ کە شاڵاوی دەبردە سەر خەڵک و هەڵیدەلووشین. منی بینی و لە من نەسیبی خواست. من هەرچی ئەندام و هەناو هەمبوو پێمدا و باکم نەبوو لە سووتان، کە چون لەبەر سووتانی دەروونی خۆم خەمی سووتانی زاهیرم نەبوو!... کاتێک هەناو و قالبم دا بە ئاگر تۆرەی دڵ گەیشت. لە منی ویست. کوتم دەیدەم و باکم نەبوو. نەدایەک هات، ئەی شیبلی لە دڵ بگەڕێ کە دڵ نە هی تۆیە و نە دە دەستەڵاتی تۆ دا! دڵ دە قەبزەی دەستەڵاتی ئێمە دایە! ئەی شیبلی ئەگەر ناچار دڵ دەبێ بسووتێ حەیفە بە ئاگری سوورەت بیسووتێنی، کەوایە بە ئاگری ئەشق بیسووتێنە (ب ١ ل ١٠٤)**

٢١. دەگێڕنەوە کە:

کوتی " ئەگەر مەلەکەلمەوت گیان بخوازێ، هەرگیز نایدەم بەو. دەڵێم: ئەگەر وەهایە کە گیانت بە واسیتەی کەسێکی دیکەوە پێداوم هەتا گیان بەو کەسە بدەم، بەڵام چون گیانت بێواسیتە داومێ، بێواسیتەش وەریگرەوە. "

.٢٢

کوتی " من ئەگەر خزمەتی سوڵتانم نەکردبا، نەمدەتوانی خزمەتی مەشایخ بکەم و ئەگەر خزمەتی مەشایخم نەکردبا نەمدەتوانی خزمەتی خودا بکەم."

٢٣.  دەگێڕنەوە کە:
[ڕۆژێک]... کراسەکەی ئاگر تێبەردا و دەسووتا.
کوتیان " ئەوە عیلم نییە کە ماڵ زایە بکەی. "
کوتی " خودا دەفەرموێ: دڵ بڕوانێتە هەرچی، ئەو شتە دەگەڵ تۆ بە ئاگر دەسووتێ - دڵی من ڕوانیە ئەمە، غەیرەتم بزووت. پێم حەیف بوو دڵ بە شتێکی غەیری ئەو خەریک بکەم. "

٢٤.  دەگێڕنەوە کە:
ڕۆژێک وەختی خۆش ببوو، چوو بازار و مەرقەعێکی کڕی بە دانگ و نیوێک و کڵاوێک بە نیو دانگ و لە بازار هەرای دەکرد کە "من یشتری صوفیا بدانقین؟ - کێ هەیە سۆفییەک بکڕی بە دوو دانگ؟ "

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**یەک دینار شەش دانگ بووە.**

٢٥.
کاتێک حاڵی ئەو قەووەتی گرت، مەجلسی دانا و ئەو سیڕڕەی بۆ عام ئاشکرا کرد و **جونەید** لۆمەی کرد، کوتی " ئێمە ئەو قسەمان لە ژێرخانەکان دەکوت، تۆ هاتی و لە سەر بازاڕەکان دەیڵێی؟ "
**شیبلی** کوتی " من دەڵێم و من دەبیسم. لە هەردوو جەهان جگە لە من کێ هەیە؟ ئەوە خۆی قسەیەکە لە هەقەوە دەگاتەوە هەق و **شیبلی** دە ئارا دا نییە."
**جونەید** کوتی "بۆ تۆ ڕەوایە، ئەگەر وایە."

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی نفحات الانس دا وەها هاتووە:**
**جونەید کوتی " ئێمە ئەو عیلمەمان لە ژێرخانەکان و ماڵەکان دەکوت شاراوە، شیبلی هات و ئەوی بردە سەر مەنبەر و لە خەڵکی ئاشکرا کرد. (ل ٣٣)**

٢٦.  هەروەتر:

کوتی " هەرکەس دە دڵ دا بیری دونیا و ئاخیرەتی هەیە، لەو حەرامە مەجلسی ئێمە. "

.٢٧

ڕۆژێک دەیکوت " ئەڵڵا ئەڵڵا "

لاوێکی دڵسووتاو کوتی " بۆچی ناڵیی لا اله الا الله؟ "

**شیبلی** ئاخێکی هەڵکێشا و کوتی " لەوە دەترسم کە وەختایەک بڵێم لا و بە ئەڵڵا نەگەیشتوو هەناسەم ببڕێ و نوقمی وەحشەت بم. "

ئەو قسەیە کاری کردە ئەو لاوە، لەرزی و گیانی دا.

دایک و باوکی لاو هاتن و شیبلییان بردە دارەلخەلافە و **شیبلی** لە غەڵبەی وەجدی خۆی وەک مەستێک دەڕۆیشت. شکایەتی خوێنیان لێکرد. خەڵیفە کوتی " ئەی **شیبلی**! تۆ دەڵێی چی؟ "

کوتی "یا ئەمیری موئمینان! گیانێک بوو بە گڕی ئاگری ئەشق لەبەر چاوەڕوانی لەقای جەلالی هەق پاکی سووتاو و لە هەموو دڵبەندییەک هەڵبڕاو، لە سفات و ئافات فەوتاو، تاقەتی تەواو، سەبری نەماو، داواکارانی حەزرەت پەیتا پەیتا دە سینە و دەروونی دا داوایان دەکرد، پڕیشکێک لە جەمالی موشاهیدەی ئەو حەدیسە کەوتە سەر نوقتەی گیانی؛ گیانی ئەو وەک مەل لە قەفەسی قالب هەڵفڕی، شیبلی لەوە چ تاوان و چ گوناهـ؟ "

خەڵیفە کوتی " **شیبلی** هەرچی زووتر بنێرنەوە ماڵ کە سفەت و حاڵەتێک لە قسەی وی لە سەر دڵم پەیدا بووە کە دەترسم لەم بارەگایە بکەوم. "

---

**دە کتێبی تفسیر کشف الاسرار دا هاتووە:**

**عارفێکی ئازادە لە شیبلی پرسی " بۆ هەمیشە ئەڵڵای دەڵیی و لا اله الا الله – ی ناڵێی؟ "**

**کوتی " زمانم بە کەلیمەی ئینکار ناگەڕێ کە کوتنەکەی کاری بێخەبەرانە!"**

**عارف کوتی " لەوە باشترم دەوێ! "**

**کوتی " دەترسم کە نوقمی وەحشەتی ئینکار بم و نەگەمە عیزەتی ئیسبات!"**

**کوتی " لەوە بە هێزترم دەوێ! "**

**کوتی " بڵێ ئەڵڵا و هەموو وەلابنێ! "**
**ئەو ئازادە پیاوە نەعرەتەیەکی لێدا و گیانی لە قالب بردە دەر. (ب١ ل ٢١١)**
**هەروەتر دە کتێبی اسرار التوحید دا هاتووە:**
**شێخی ئێمە [ئەبوو سەعیدی ئەبولخەیر] کوتی:**
**شیبلی زۆری دەکوت " ئەڵڵا ئەڵڵا ئەڵڵا "**
**پرسیان لەو کە " چۆنە کە هەر دەڵێی ئەڵڵا و ناڵێی لا اله الا الله؟ "**
**جوابی داوە و کوتی " شەرم دەکەم کە ئەو بە زمانی ئینکار یاد بکەم. دەترسم کە لە ' لا اله ' مەرگ دابێ و بە ' الا الله ' نەگەم. "**
**شێخی ئێمە کوتی " لا اله تەریقی ئەم حەدیسەیە و الا الله نەهایەتی ئەم حەدیسە. هەتا ئەو کەسە گەلێک ساڵ دە ' لا اله ' دا دروست نەبێ بە ' الا الله ' ناگا. " (ل ٢٤٥)**

٢٨. دەگێڕنەوە کە:
هەرکەس لای ئەو تۆبەی کردبا، پێیدەکوت " برۆ بە تەنێ حەج بکە و بگەڕێوە، هەتا بتوانی ببیە هاودەمی من. " پاشان ئەوکەسەی دەگەڵ یارانی خۆی دەناردە بادیە بێ تێشوو و بێ بارەبەر. پێیانکوت " خەڵک بە فەوتان دەدەی. "
کوتی " وا نییە، بەڵکە مەقسوودی هاتنی ئەوان بۆ لای من نە منم، کە ئەگەر مەبەستی ئەوان من بم بوت پەرستنە، بەڵکە ... مەبەستی ئەوان هەقە. ئەگەر لە ڕێ بفەوتێن بە مراد دەگەن و ئەگەر بگەڕێنەوە، ڕەنجی سەفەر وەها ئەوان ڕاستکراو دێنێتەوە کە من بە دە ساڵان ناتوانم وەهایان ڕاست بکەمەوە. "

٢٩. دەگێڕنەوە کە:
کوتی " کاتێک بە بازاڕ دا تێدەپەڕم لە سەر نێوچاوانی خەڵک، خۆشبەخت و بەدبەخت نووسراو دەبینم. "

٣٠. هەروەتر:
جارێک لە بازاڕ هاواری دەکرد " ئاخ لە ئیفلاس! ئاخ لە ئیفلاس! "
کوتیان " ئیفلاس چیە؟ "

کوتی "هەرکەس موفلیس بێ نیشانەکەی ئەوەیە کە دەگەڵ خەڵک هاموشۆیە دەکا و دەگەڵیان قسە دەکا و تێکەڵاویان دەبێ. "

٣١. هەروەتر:
ڕۆژێک تێدەپەڕی و جەماعەتێک لە ساماندارانی دونیا خەریکی عیمارەت و تەماشای دونیا بوون. شیبلی نەعرەتەیەکی لێدا و کوتی " دڵانێکن کە غافڵ ماون لە زیکری هەق و ناچار ئەوانیان موبتەلا کردووە بە مردار و پیسایی دونیا. "

٣٢. دەگێڕنەوە کە:
جەنازەیەکیان دەبرد. یەکێک لە پاش دەڕۆیشت و دەیکوت " آه من فراق الولد! "
شیبلی دەستی کرد بە چەپۆک بە خۆ دادان و دەیکوت " آه من فراق الاحد! "

٣٣. دەگێڕنەوە کە:
وەختایەک هەندێک ئێزینگی تەڕی بینی کە ئاگریان تێبەردابوون و ئاو لە لایەکەی دیکەیان دەتکا، بە ئەسحابی کوت " ئەی مودەعیان! ئەگەر ڕاست دەکەن کە: دە دڵ دا ئاگرمان هەیە، فرمێسک لە دیدەکانتان دیار نییە. "

٣٤. دەگێڕنەوە کە:
جارێک مەستی شەوق و دە غەڵبەی وەجد دا چوو لای **جونەید**... ژنی **جونەید** سەری شانە دەکرد، کاتێک شیبلی بینی، ویستی کە بڕوا، جونەید کوتی " سەر دامەپۆشە و مەڕۆ کە مەستانی ئەو تایفەیە لە دۆزەخ خەبەریان نیە. "
پاشان شیبلی دەستی کرد بە قسە کردن و گریان و جونەید بە ژنی کوت "ئێستا هەستە و بڕۆ، کە ئەویان داوە دەست خۆی کە دەگری. "

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی تفسیر کشف الاسرار دا وەها نووسراوە:**

**شێخ جونەید ڕۆژێک دەگەڵ ژنی خۆی لە ماڵ دانیشتبوو کە شیبلی وە ژوور کەوت. ژن ویستی خۆی داپۆشی، جونەید کوتی " شیبلی ئاگای لە تۆ نیە، دانیشە. " ئەو دوانە قسەیان دەکرد هەتا شیبلی دەستی کرد بە گریان، ئەودەم جونەید بە ژنەکەی کوت " خۆت داپۆشە کە شیبلی وە هۆش هاتەوە و هاتەوە سەر خۆ. " (ب ١ ل ٥٨٢)**

**هەروەتر دە کتێبی ترجمە رسالە قشیریە دا هاتووە:**

**ڕۆژێک جونەید دانیشتبوو، ژنەکەی لە لای بوو. شیبلی لە دەرگا وە ژوور کەوت. ویستی کە خۆی داپۆشێ. جونەید کوتی " نایەوێ کە ئەو ئاگای لە تۆ نیە، هەروا قسەیان کرد. شیبلی دەستی کرد بە گریان. جونەید بە ژنەکەی کوت " ئێستا خۆ داپۆشە کە شیبلی هاتەوە سەر هۆش. " (ل ١١٠)**

٣٥. دەگێڕنەوە کە:

جارێکی دیکە چوو لای **جونەید**، خەمین بوو. کوتی " چ بووە؟ "

جونەید کوتی " من طلب وجد "

**شیبلی** کوتی " لا، بل من وجد طلب. "

(ئەو کوتی: هەرکەس تەڵەبی بکا، دەیدۆزیتەوە.

شیبلی کوتی: نا هەرکەس بیدۆزێتەوە، تەلەبی دەکا)

٣٦. دەگێڕنەوە کە:

ڕۆژێک تەهارەتی کرد و بە تەمای مزگەوت بوو. نەدایەک هاتە سەری کە " ئەو تەهارەتەت هەیە کە وا گوستاخ ڕوو لە ماڵە ئێمە دەکەی؟"

شیبلی ئەوەی بیست و گەڕاوە. نەدا هات کە " لە دەرگای ئێمە دەگەڕێیەوە، ڕوو دە کوێ دەکەی؟ "

نەعرەتەی دەست پێکرد. نەدا هات کە " لاتاومان پێدادەدەی؟ "

لە سەر جێی وەستا، خامۆش. نەدا هات کە " ئیدعای تەحەمول دەکەی؟"

کوتی " المستغاث بک منک " (لە تۆوە پەنا بۆ تۆ دەبەم)

٣٧.

دەروێشێکی داماو هاتە لای شیبلی. کوتی " ئەی شیخ! بە هەقی وەفای دین کە تەنگم پێهەڵچنراوە پێمبڵێ کە چ بکەم؟ ناهومێد بم و بگەڕێمەوە؟ "

کوتی " ئەی دەروێش! ئاڵقەی دەرگای کافریی دەکوتی؟ نەتبیستووە کە فەرموویەتی: لاتقنطوا من رحمە اللە! "
کوتی " ئەیمەن دەبم؟ "
کوتی " حەزرەتی جەلال بە تاقی دەکەیەوە؟ نەتبیستووە: فلا یا من مگر اللە الا القوم الخاسرون. "
کوتی " بۆ خاتری خودا، ئەیمەن نەبم و ناهومێد نەبم، ئەی چ تەدبیرێک بکەم؟ "
کوتی " سەر لە ئاستانەی دەرگای من بکوتە و بناڵە هەتا گیانت بێتە دەر، هەتا ئەودەمەی کە لە پێشخانەوە هەرا بکا کە: من علی الباب؟ "

.٣٨
دەگێڕنەوە کە هەینی و هەینی حەسریی ڕێ دەدا کن خۆی. جومعەیەک کوتی کە " ئەگەر لەم جومعەوە هەتا جومعەی دیکە کە دێیە کن من، جگە لە خودا شتێکت بە زەین دا تێپەڕێ، حەرامە بۆ تۆ قسە کردن دەگەڵ ئێمە. "

.٣٩ دەگێڕنەوە کە:
ڕۆژێک دەگەڵ ئەسحاب بە بادیەیەک دا تێدەپەڕین. کەللەسەرێکی بینی کە لێی نووسرابوو: خسر الدنیا و الاخرة.
شیبلی هەژیا و کوتی " بە عیزەتی ئەڵڵا کە ئەمە سەری وەلی یا سەری نەبیە."
کوتیان " بۆ دەگری؟"
کوتی " هەتا دەو ڕێگەیە دا، دونیا و ئاخیرەت زیان نەکەی، بەو ناگەی. "

.٤٠ دەگێڕنەوە کە:
جارێک چوو بەسرە. خەڵکی بەسرە ڕێزیان گرت و گەلێکیان ئیحسان کرد. کاتێک گەڕاوە، هەموو بۆ بەڕێ کردنی دەر کەوتن. ئەو سپاسی لە کەس نەکرد. مریدەکان کوتیان " ئەو خواجانە گەلێکیان ئیحسان کرد، هیچ سپاسێکت لێنەکردن؟"

کوتی " ئەوەی کە ئەوان کردیان لە دوو بەدەر نییە: یا لەبەر خاتری هەق کردیان یا لەبەر من. ئەگەر لەبەر هەقیان کردووە ئەو بەسە بۆ پاداشت دانەوەیان و ئەگەر لەبەر منیان کردووە، من بەندەم و کەسێک کە دە هەق بەندە دا ئیحسان بکا پاداشت دانەوەکەی لە سەر خاوەنی بەندەکەیە. "

٤١. دەگێڕنەوە کە:

نانەوایەک بوو لە شار کە ئەوەندە ناوی شیبلی بیستبوو، نەدیدە ئاشقی ببوو. ڕۆژێک بە هەڵکەوت شیبلی ڕێی دە وێ کەوت. برسی بوو نانێکی دەست دایە. پیاوی نانەوا لە دەستی ستاندەوە و قسەی ڕەقی پێکوت. کەسێک بە نانەوای کوت کە " ئەو شیبلی بوو. " بە دوای دا چوو و بە دەست و پێی داکەوت و کوتی " دەمەوێ بۆ تاوان دەعوەتێک بدەم. "

شیبلی کوتی " وا بکە! "

پیاو میوانییەکی دا و نزیک سەد دیناری تێدا خەرج کرد و گەلێک لە گەورەکانی بانگێشتن کرد کە " شیبلی ئەوڕۆ میوانی منە. " کاتێک لە سەر سفرە دانیشتن، کەسێک لە شیبلی پرسی کە " یا شێخ! نیشانی دۆزەخیی و بەهەشتیی چیە؟ "

کوتی " دۆزەخیی ئەو کەسەیە کە نەتوانێ نانێک بۆ خاتری خودا بداتە دەروێشێک و بۆ هەوای نەفس سەد دینار بۆ دەعوەتێک خەرج بکا، وەها کە ئەم نانەوایە کردی؛ و نیشانی بەهەشتیی پێچەوانەی ئەمەیە. "

\- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە هەردووک نوسخەی بەر دەستم و لە چەند جێگەی دیکەش کە ئەو ڕەوایەتەیان نووسیوە لەبری نانوا نووسراوە نابینا کە دیارە هەڵەیە و ئەسڵی وشەکە " نانبا "یە کە هەمان نانەوایە و ئەو کەسانەی کە تەسحیحیان کردووە وەک نابینایان خوێندۆتەوە.**

٤٢. دەگێڕنەوە کە:

کوتی:

ڕۆژێک پێم دە پردێکی شکاو ڕۆچوو و ئاو زۆر بوو. دەستێکم بینی نامەحرەم کە منی بردە قەراغ. چاوم لێکرد [ئیبلیس] ئەو دەرکراوی حەزرەت

بوو. کوتم " ئەی مەلعوون تەریقی تۆ دەست وەشاندنە نەک دەست گرتن، ئەوەت لە کوێ هێناوە؟ "

کوتی " لەو پیاوانە دەست دەوەشێنم کە شیاون. من لە غەوغای ئادەم برینم وێکەوتووە لە غەوغای دیکە ناکەوم هەتا نەبێتە دوو. "

٤٣. دەگێڕنەوە کە:

جارێک چوو باب الطاق. گوێی لە دەنگی گۆرانیبێژێک بوو کە دەیکوت: وقفت وقفت بباب الطاق. لە خۆ چوو و جلی دادڕی و کەوت. هەڵیانگرتەوە و بردیانە لای خەڵیفە. کوتی " ئەی دێوانە ئەو سەماعەت لەبەر چی بوو؟ "

کوتی " ئادی ئێوە باب الطاق –تان بیست و من باب الباق –م بیست. دە نێوان ئێمە و ئێوە دا طا -یەک دەردەکەوێ. "

٤٤.

جارێک نەخۆش کەوت. تەبیب کوتی " پارێز بکە! "

کوتی " لە چی پارێز بکەم؟ لەوەی کە ڕۆژیی منە یا لەوەی کە ڕۆژیی من نییە؟ ئەگەر لە ڕۆژیی پارێز بکەم، ناتوانم و ئەگەر جگە لە ڕۆژیی دەبێ پارێز بکەم، خۆی هەر نامدەنێ. "

٤٥. دەگێڕنەوە کە:

جارێک بردیانە شێتخانە. لاوێکی دیت لە زنجیریان کردبوو وەک مانگ دەدرەوشاوە. بە شیبلی کوت " تۆ وەک پیاوێکی ڕووناک دەبینم، بۆ خاتری خودا بەرەبەیانێک قسەی من بەو بڵێ کە: لە خان و مانت کردم و لە جەهان ئاوارەت کردم و لە کەس و کارت هەڵبڕیم و منت خستە غوربەت و برسی و ڕووتت کردم و ئەقڵت بردم و لە زنجیر و بەندی گرانت خستم و ڕیسوای خەڵکت کردم، جگە لە دۆستایەتی تۆ چ گوناهێکم هەیە؟ "

کاتێک شیبلی گەیشتە بەر دەرگا لاو هەرای لێکرد کە " ئەی شێخ! ئامان کە هیچ نەڵێی کە خرابتری دەکا. "

٤٦.   دەگێڕنەوە کە:
ڕۆژێک لە بەغدا، شەربەتفرۆشێک هەرای دەکرد " لم یبق الا واحد - یەک پتر نەماوە "
شیبلی نەعرەتەیەکی لێدا و کوتی " هل یبقی الا واحد؟ " و السلام.
٤٧.   دەگێڕنەوە کە:
دەروێشێک هەرای دەکرد کە " دوو نانم ئەگەر بدەنێ، کارم ڕاست دەبێ."
شیبلی کوتی " خۆزگەم بە خۆت کە بە دوو نان کارت وە ڕاست دەگەڕێ کە من هەموو شەوێک دوو کەونم لە پەنا دادەنێن و کارەکەم جێبەجێ نابێ. "

٤٨.   دەگێڕنەوە کە:
شیبلی ڕۆژێک کەسیکی دیت کە هۆرهۆر دەگری.
کوتی " بۆ دەگری؟ "
کوتی " دۆستێکم هەبوو، مرد. "
کوتی " ئەی نەزان بۆ دۆستی وەها دەگری کە بمرێ؟ "

٤٩.   دەگێڕنەوە کە:
مەیتێکیان لە بەر شیبلی دانا. پێنج تەکبیری لێدا.
کوتیان " مەزهەبی دیکەت گرتووە؟ "
کوتی " نا. بەڵام چوار تەکبیر بۆ مردوو بوو و یەک بۆ عالەم و عالەمیان."

٥٠.   دەگێرنەوە کە:
شیبلی ماوەیەک ون بوو و نەیاندەدیتەوە. هەتا ئاکام لە نێرەمووکخانەیەک دیتیانەوە. کوتیان " ئێرە کوا جێی تۆیە؟ "
کوتی " خۆی جێی من ئێرەیە کە ئەوان نە پیاون و نە ژن دە دونیا دا، منیش نە پیاوم و نە ژن دە دین دا. کەوایە جێی من ئێرەیە. "

٥١.    دەگێڕنەوە کە:
ڕۆژێک دەڕۆیشت. دوو منداڵ کێشەیان دەکرد لە سەر گوێزێک کە دیتبوویانەوە. شیبلی ئەو گوێزەی لێستاندن و کوتی " سەبر بکەن هەتا ئەمەتان لێ دابەش بکەم. "
کە شکاندی پووچ دەرچوو.
بانگێک هات و کوتی " دە دابەشی بکە ئەگەر دابەشکەر تۆی! "
شیبلی خەجاڵەت بۆوە و کوتی " ئەو هەموو کێشەیە لە سەر گوێزێکی پووچ و ئەو هەموو داوای دابەش کردنەش لە هیچ "

٥٢.    دەگێڕنەوە کە:
کوتی:
لە بەسرە خورمام کڕی و کوتم " کێ هەیە دانگێک وەربگرێ و ئەم خورمایەم دەگەڵ بەرێتەوە خانەقا. " کەس قەبووڵی نەکرد. لە سەر پشتم دانا و هەتا خانەقام برد و دامنا. کاتێک لە خانەقا دەرکەوتم کەسێک بردبووی.
کوتی " زۆر سەیرە! دانگێکم دا هەتا کەسێک دەگەڵم بێنێتەوە خانەقا، نەیانهێناوە، ئێستا کەسێک هات کە بە خۆڕایی هەتا لێواری سیراتیم دەگەڵ دەبا."

٥٣.    دەگێڕنەوە کە:
ڕۆژێک کەنیزێکی سیاحەبجەمالی بینی، بە خاوەنەکەی کوت " ئەو کەنیزە بە دوو درەم دەفرۆشی؟ "
کوتی " ئەی گەوج! لە دونیا کەس کەنیز بە دوو درەم دەفرۆشێ؟ "
کوتی " گەوج تۆی، کە لە بەهەشت حۆری بە دوو خورما دەفرۆشن."

٥٤.    دەگێڕنەوە کە:
یەک لە گەورەکان کوتی:

دەمەویست شیبلی بە تاقی بکەمەوە. دەستێکم جل بە حەرام بردە ماڵەکەی هەتا سبەی کە دەچێتە جومعە دە بەری بکا. کاتێک هاتەوە ماڵ، کوتی "ئەوە چ تاریکەییەکە دەو ماڵە دا؟ "

کوتیان " وەهایە! "

کوتی " ئەو جلەی فڕێ بدەنە دەر کە بۆ ئێمە ناشێ. "

٥٥. دەگێڕنەوە کە:

کچێکی بوو. هیچ دە ماڵ دانەبوو. پێیانکوت " بۆ لە کەسێک شتێک ناخوازی هەتا کاری میوان جێبەجێ بکەی؟ "

کوتی " ئەودەم کە ئەو میوانە دە نێو پەردەی تاریکی دایک دابوو، لوتفی هەق مواجبی گەدەی وی دەنارد، ئێستا کە هاتۆتە سەر سەحرای وجوود ڕۆژیی کوا لێدەبڕێ؟ "

کە شەو داهات و تێگەیشت کە دڵی ژنان زەعیفە نیوەشەو چوو گۆشەیەک و ڕووی بە خاکەوە نا و کوتی " خودایا! کە میوانت نارد، بێ واسیتەی دەستی بەغیلان کاری ئەو میوانە جێبەجێ بکە. " هێشتا موناجاتەکەی تەواو نەکردبوو، لە میچی ماڵ زێڕی سووری بێخەوش داباری. هاتفێک دانگی هات و کوتی " وەریگرە بێحیساب و بیخۆ بێعیتاب! "

سەری لە سەر سەجدە هەڵگرت و زێڕی بردە بازاڕ هەتا کەرەسەی ماڵ پێکبێنێ.

خەڵک کوتیان " ئەی سەدیقی سەردەم! وەها زێڕێکی باش هی کوێیە؟"

کوتی "لە دارەلزەربی مەلیکی ئەکبەر لێیانداوە و دەستی قەڵبکاران پێیڕانەگەیشتووە. "

٥٦.

کوتیان " لە شتەکان چ سەیرتر؟ '

کوتی " دڵێک کە خودا بناسێ لە دوایی ئازاری بدا. "

٥٧.

کوتیان " مرید کەی تەواو دەبێ؟ "

کوتی "حاڵی ئەو لە سەفەر و حەزەر یەک بێ و شاهید و غایب یەک ڕەنگ بن."

.٥٨

**عەبدووڵڵای زاهید** کوتی:

کاتێک چوومە لای **شیبلی**، کوتم سەبارەت بە مەعرەفەت لێی دەپرسم. کاتێک دانیشتم، کوتی " لە خوراسان چ خەبەرە لە خودای؟ لەوێ کێ هەیە کە خودا بناسێ؟" من کوتم " لە عێراق پەنجا ساڵم تەڵەب کرد، نەمدیتەوە کەسێک خەبەر لە خودا بدا. "

.٥٩

**ئەبولعەبباسی دامغانیی** کوتی:

**شیبلی** وەسیەتی پێکردم کە " لازمی تەنیایی بە و ناوی خۆت لە دیوانی ئەو قەومە دەربکێشە و ڕوو دە دیوار بکە هەتا ئەودەم کە دەمری."

هەروەتر [ئەبولعەبباس] کوتی:

**جونەید** لە **شیبلی** پرسی کە " چلۆن یادی خودا دەکەی کە سەداقەتی یاد کردنی ئەوت نیە؟ "

کوتی " بە مەجاز هێندەی یاد دەکەم هەتا ئەو جارێک یادی من بکا! "

**جونەید** لەو قسەیە لە خۆ چوو.

**شیبلی** کوتی " لێیگەڕێن، کە لەم دەرگایە جار شەللاقە و جار خەڵات."

.٦٠

بە شیبلیان کوت " دونیا بۆ خەریک بوونەوە و ئاخرەت بۆ ترس، ئەی ڕاحەتیی کەی دەبێ؟ "

کوتی " دەست لەو خەریک بوونە هەڵبگرە هەتا نەجاتت بێ لەو ترسە."

.٦١

کوتیان " تەسەووف چیە؟ "

کوتی " ئەوە کە وەها بی دەو ڕۆژە دا کە نەبووی. "

٦٢.    هەروەتر:

کوتی " تەسەووف شیرکە چونکە تەسەووف پاراستنی دڵە لە غەیرێک و غەیر نییە. "

٦٣.    هەروەتر:

کوتی " فەنا ناسووتییە و زوهوور لاهووتی "

٦٤.    هەروەتر:

کوتی " سۆفی نییە هەتا هەموو خەڵک وەک خاو و خێزانی خۆی نەبینێ."

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی اسرار التوحید دا وەها هاتووە:**

**شێخی ئێمە [ئەبوو سەعیدی ئەبولخەیر] کوتی:**

**شێبلی کوتی " سۆفی سۆفی نییە هەتا هەموو خەڵک بە خاو و خێزانی خۆی دانەنێ. "**

**شێخی ئێمە [ئەبوو سەعیدی ئەبولخەیر] کوتی " یانی بە چاوی شەفەقەت دەڕوانێتە هەموو خەڵک و کێشانی باری ئەوان لە سەر خۆی بە فەرز دادەنێ چونکە ئەسیریی و داماویی ئەوان لە ژێر دەستەڵاتی هێزی هەق دا دەبینێ و دەزانێ کە لە تەسەروفی قەزا و مەشیەت دان. " ( ل ٢٦١)**

٦٥.    هەروەتر:

کوتی " سۆفی ئەوەیە کە هەڵبراو بێ لە خەڵک و وەسڵ بێ بە هەق."

٦٦.    هەروەتر:

کوتی " سۆفیان منداڵانن لە پەنا لوتفی هەق "

٦٧.    هەروەتر:

کوتی " تەسەووف عیسمەتە لە دیتنی کەون. "

٦٨. هەروەتر:
کوتی " تەسەووف برووسکێکی سووتێنەرە و تەسەووف دانیشتنە لای هەق، بەبێ غەم. "

٦٩. هەروەتر:
کوتی " هەق وەحی کرد لە داود کە: زیکر هی زاکیرانە و بەهەشت هی موتیعان و زیارەت هی مسافران و من تایبەتی موحیبان "

٧٠. هەروەتر:
کوتی " مەعرەفەت سێیە: مەعرەفەتی خودا و مەعرەفەتی نەفس و مەعرەفەتی وەتەن. مەعرەفەتی خودات پێویستە بۆ بەجێ هێنانی فەرزەکان و مەعرەفەتی نەفست پێویستە بۆ ڕیازەت و مەعرەفەتی وەتەنت پێویستە بۆ ڕەزا دان بە قەزا و حوکمەکانی ئەو. "

٧١. هەروەتر:
کوتی " کاتێک هەق بیەوێ بەڵا عەزاب بدا، دە دڵی عارفی داوێ. "

٧٢.
لێیانپرسی کە " عارف کێیە؟ "
کوتی " ئەوە کە بەرگەی مێشوولە نەگرێ. "
کاتێکی دیکە هەر ئەو پرسیارەیان لێکردەوە، کوتی " عارف ئەوەیە کە حەوت ئاسمان و زەوی بە موویەکی مژۆڵی هەڵبگرێ. "
کوتیان " یا شێخ! جارێک وەهات کوت و ئێستا وەها دەڵێی؟ "
کوتی " ئەودەم ئێمە ئێمە بووین، ئێستا ئێمە ئەوە. "

-----------------------

**دە کتێبی تفسیر کشف الاسرار دا هاتووە:**

**شیبلی کوتی " جار هەیە بە موویەکی دیدەی خۆ دوو جەهان لە جێ هەڵدێنین و جار دەبێ کە تاقەتی هەڵگرتنی موویەکی خۆمان نیە. "**

**حوسێنی مەنسوور کوتی " ئەو حاڵە کە دوو جەهان بە موویەک لە جێ هەڵدێنی، هەڵێنراوی عینایەتی و ئەودەمە کە ناتوانی حەمباڵی موویەکی خۆت بکەی، لە دەست عینایەت داکەوتووی و سوورەت و سفەت تێکشکاون. " (ب ٢ ل ٦٤٧)**

**هەروەتر دە کتێبی اسرار التوحید دا وەها هاتووە:**

**شێخی ئێمە [ئەبوو سەعیدی ئەبولخەیر] کوتی:**

**شیبلی کوتی " هەرکەسیان ئاگادار کردبێ لە زەڕڕەیەک عیلمی تەوحید لە هەڵگرتنی مێشوولەیەک عاجز دەبێ لەبەر قورسایی ئەوەی کە لێیاننناوە. " ( ل ٢٤٣)**

٧٣. هەروەتر:

کوتی " عارف نیشانی نیە و مەحەببەت گلەیی نیە و بەندە ئیدعای نیە و ترساو قەراری نیە و کەس ناتوانێ لە خودا ڕابکا. "

٧٤. هەروەتر:

سەبارەت بە مەعرەفەت پرسیاریان لێکرد.

کوتی " سەرەتاکەی خودایە و ئاخرەکەی نەهایەتی نیە. "

کوتی " هیچکەس خودای نەناسیوە! "

کوتیان " چلۆنە ئەمە؟ "

کوتی " ئەگەر ناسیبایان بە غەیری ئەو مەشغووڵ نەدەبوون. "

٧٥. هەروەتر:

کوتی " عارف ئەوەیە کە لە دونیا دەرپێیەکی هەیە و لە ئاخیرەت ڕەدایەک و لە هەردووکیان ڕووت بێتەوە چونکە هەرکەس لە دوو کەون ڕووت بێتەوە لای هەق تاکانە دەبێ. "

٧٦. هەروەتر:

کوتی " وەختی عارف وەک سەردەمی بەهارە، هەور دەگرمێنێ و دەبارێنێ و برووسک دەسووتێنێ و با دەشنێ و شکۆفە دەپشکوێ و مەلان دەچریکێنن.

حاڵی عارفیش وەهایە. بە چاو دەگری و بە لێو پێدەکەنێ و بە دڵ دەسووتێ و سەر دەدۆڕێنێ و ناوی دۆست دەڵێ و لە بەر دەرگای ئەو دەگەڕێ. "

٧٧. هەروەتر:
کوتی " دەعوەت سێیە: دەعوەتی عیلم و دەعوەتی مەعرەفەت و دەعوەتی مەعاینە."

٧٨. هەروەتر:
کوتی " عیبارەت زمانی عیلمە و ئیشارەت زمانی مەعرەفەت. "

٧٩. هەروەتر:
کوتی " علم الیقین ئەوەیە کە بە ئێمە گەیشتووە لە زمان پێغەمبەرانەوە. عین الیقین ئەوەیە کە کە خودا بە ئێمەی گەیاندووە لە نووری هیدایەت بۆ ئەسراری قلووب بێ واسیتە و حق الیقین ئەوەیە کە پێیناگەی. "

٨٠. هەروەتر:
کوتی " فەقیر ئەوەیە کە بە هیچ دەوڵەمەند و بێنیاز نەبێ جگە لە خودا. "

٨١. هەروەتر:
پرسیان لە فەقر، کوتی " دەروێشان چوارسەد دەرەجەیان هەیە، کەمترینی ئەوەیە کە ئەگەر هەموو دونیا هی ئەو بێ و ئەو نەفەقەی بکا و بە دڵی دابێ کە: بریا بەشی ڕۆژێکم لێڕاگرتبا، فەقری ئەو بە ڕاستیی نییە."

٨٢. هەروەتر:
کوتی " شەریعەت ئەوەیە کە: ئەو بپەرستی و تەریقەت ئەوەیە کە: ئەو بخوازی و هەقیقەت ئەوەیە کە: ئەو ببینی. "

٨٣. هەروەتر:
کوتی " فازلترین زیکر، فەرامۆشی زاکیرە دە موشاهیدەی مەزکوور دا."

٨٤.  هەروەتر:
کوتی " دانیشتن دەگەڵ خودا بێ واسیتە، سەختە. "

٨٥.  هەروەتر:
کوتی " ئەوە حەدیسی مەلێکە دە قەفەس دا، خۆ بە هەر لایەک دا بدا ناتوانێ دەر بکەوێ. "

٨٦.  هەروەتر:
کوتی " زوهد غەفڵەتە، چونکە دونیا ناچیزە و زوهد لە ناچیز غەفڵەتە."

٨٧.  هەروەتر:
لە زوهدیان پرسی.
کوتی " زوهد ئەوەیە کە دونیا فەرامۆش بکەی و ئاخیرەتت وە بیر نەیەتەوە. "
یەکی دیکە لە زوهدی پرسی.
کوتی " هیچ نییە، چونکە ئەوەی کە قەرار هی تۆ بێ ناچار بە تۆ دەگا هەرچەند لێیڕابکەی و ئەوەی کە هی تۆ نابێ قەت بە تۆ ناگا هەرچەند زۆریش تەڵەبی بکەی و هەوڵی بۆ بدەی و تێبکۆشی، کەوایە تۆ زوهد لە چی دەکەی؟ لە شتێکی کە هی تۆ دەبێ یا ئەوەی کە هی تۆ نابێ؟ "

٨٨.  هەروەتر:
کوتی " عەلامەتی سادق فڕێ دانی حەرامە لە گوێچکەکان و لە زار."

.٨٩
کوتیان " عارف دەتوانی تەهقیق بکا لەوەی کە پێیدەگا و زاهیر دەبی؟"
کوتی " چلۆن تەهقیق لە شتێک دەکا کە سابت نییە و چلۆن ئارام دەگرێ بە شتێک کە زاهیر نەبێ و چلۆن ناهومێد دەبێ لە شتێک کە شاراوە نییە کە ئەمە حەدیسی باتینیی زاهیرە. "

.٩٠ هەروەتر:
کوتی " هەر ئیشارەت کە خەڵک دەیکا بە هەق، هەموویان رەد دەکاتەوە هەتا ئەودەم کە ئیشارەت بکەن لە هەقەوە بۆ هەق و ئەوان بۆ ئەو ئیشارەتە ڕێگایان نیە. "

.٩١ هەروەتر:
کوتی " کاتێک بەندە لە چاوی بەندە دەربکەوێ، ئەوە عەبدایەتییە و کاتێک سفەتەکانی هەق لەو دەربکەوێ ئەوە موشاهیدەیە. "

.٩٢ هەروەتر:
کوتی " لە ژێر هەر نێعمەتێک سێ مەکر هەیە و لە ژێر هەر تاعەتێک شەش مەکر. "

.٩٣ هەروەتر:
کوتی " عەبدایەتی لاچوونی ویستی تۆیە دە ویستی ئەو دا و فەسخی ویست و ئیختیاری تۆیە دە ئیختیاری ئەو دا و تەرکی ئارەزووکانی تۆیە دە ڕەزای ئەو دا. "

.٩٤ هەروەتر:
کوتی " خوو گرتن بە خەڵک لە ئیفلاسە و جووڵەی زمان بێ یادی خودا، وەسواسە. "

٩٥.   هەروەتر:
کوتی " عەلامەتی قورب هەڵبڕانە لە هەموو شتێک جگە لە هەق. "

٩٦.   هەروەتر:
کوتی " جوامێریی ئەوەیە کە خەڵک وەک خۆ بخوازی، بگرە پتر. "

٩٧.   هەروەتر:
کوتی " خزمەت حورییەتی دڵە. "

٩٨.   هەروەتر:
کوتی " شوکر ئەوەیە کە نێعمەت نەبینی، مونعیم ببینی. "

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی تفسیر کشف الاسرار دا وەها هاتووە:**

**لە شیبلی –یان پرسی " شوکر چیە؟ "**

**کوتی " شوکر ئەوەیە کە لە گەیشتن بە نێعمەت، مونعیم ببینی نەک نێعمەت و شادیی و خۆشحاڵییەک کە دەریدەبڕی هی دیداری مونعیم بێ نەک دیداری نێعمەت. " (ب ٢ ل ٢٥٠)**

**هەروەتر دە کتێبی ترجمە رسالە قشیریە دا وەها هاتووە:**

**شیبلی دەڵێ " شوکر بینینی مونعیمە نەک بینینی نێعمەت "  (ل ٢٦٤)**

٩٩.   هەروەتر:
کوتی " هەزار ساڵی رابوردوو لە هەزار ساڵی نەهاتوو دا بۆ تۆ نەغدە ئەگەر دە ئەم وەختەی ئێستا دا تێبکۆشی. "

١٠٠.هەروەتر:
کوتی " ئەگەر زانیبام قەدری خودا، هیچ نەدەترسام لە غەیری خودا. "

١٠١. هەروەتر:
کوتی " ئەگەر هەموو [دونیا] ببێتە پاروویەک و بیخەنە سەر زاری منداڵێک، من بەزەییم پێیدادێ کە هێشتا برسی ماوەتەوە. "

١٠٢. دەگێڕنەوە کە:
ڕۆژێک لە غەڵبەی وەجد دابوو پەرێشان و حەیران؛ **جونەید** کوتی " ئەی **شیبلی**! ئەگەر کاری خۆت بە خودا بسپێری ڕاحەت دەبێ. "
کوتی " ئەی ئوستاد! ئەگەر خودا کاری خۆم بە خۆم بسپێرێ ئەودەم ڕاحەت دەبم. "
**جونەید** کوتی " خوێن دەتکێ لە شەمشیرەکانی **شیبلی**. "

١٠٣. دەگێڕنەوە کە:
ڕۆژێک کەسێک دەیکوت " یا ڕەب! "
کوتی " تاکەی دەڵێی: یا ڕەب؟ ئەو دەڵێ: عەبدی، ئەوە ببیسە کە ئەو دەیڵێ! "
کوتی " ئەوە دەبیسم، بۆیە ئەمە دەڵێم. "
کوتی " کەوایە بیڵێ چونکە مەعزووری. "

١٠٤. دەگێڕنەوە کە:
ڕۆژێک شیبلی لە سەر خاکی جونەید وەستابوو، یەکێک مەسەلەیەکی لێپرسی. جوابی نەداوە و کوتی " گەورەکان دە حاڵی حەیات و مەمات دا یەکن. من شەرم دەکەم لە پێش خاکی ئەو جوابی مەسەلە بدەمەوە وەها کە دە حەیاتیشی دا شەرمم دەکرد.

١٠٥. دەگێڕنەوە کە:
شیبلی چوار مانگ میوانداریی لە **ئەبووحەفس**[ی **حەدداد**]ی دەکرد و هەر ڕۆژەی چەند جۆرە تەعام و چەند جۆرە هەڵوای دێنا. ئاخر کاتێک بۆ

ماڵاوایی چوو لای، کوتی " یا **شیبلی**! ئەگەر جارێک بێیە **نەیشابوور**، میوانداریی و جوامێریی فێرە تۆ دەکەم. "

کوتی " یا **بووحەفس**! چم کردووە؟ "

کوتی " ڕەنجت خستە سەر شان و ڕەنج خستنە سەر شان جوامێریی نییە. میوان دەبێ وەهای پێڕابگەی کە هاتنی میوانت پێ گران نەبێ و بە ڕۆیشتنی شاد نەبی و کاتێک ڕەنج بخەیە سە شانی خۆت هاتنی لات گران دەبێ و ڕۆیشتنی هاسان و هەرکەس دەگەڵ میوان ئەو حاڵەی هەبێ، جوامێر نییە. "

کاتێک **شیبلی** چوو **نەیشابوور**، چوو لای **ئەبوو حەفس** و چل کەس بوون.

ئەبوو حەفس شەو چل و یەک چرای هەڵکرد. شیبلی کوتی " مەگەر نەتکوت نابێ ڕەنج بخەیە سەر شان؟ "

ئەبوو حەفس کوتی " چ ڕەنجێکم خستۆتە سەر شان؟ "

کوتی " چل و یەک چرات هەڵکردووە! "

ئەبوو حەفس کوتی " هەستە و بیانکووژێنەوە. "

شیبلی هەستا و هەرچەندی هەوڵ دا، نەیتوانی پتر لە چرایەک بکووژێنێتەوە، جا کوتی " یا شێخ! ئەو حاڵە چیە؟ "

کوتی " ئێوە چل کەس بوون ناردراوی هەق – چونکە میوان ناردراوی هەقە – بەناچار بە ناوی هەر یەک لە ئێوە چرایەکم هەڵکرد بۆ خودا و یەک بۆ خۆم. ئەو چلەی کە بۆ خودا بوون، نەتتوانی بیکووژێنیەوە و ئەو یەکەی کە بۆ من بوو، کووژاندتەوە. تۆ هەرچیت لە بەغدا کرد بۆ منت کرد و من ئەوەی کە کردم، بۆ خودام کرد، نابەچار ئەو ڕەنج خستنە سەر شانە و ئەمە نا. "

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە تەزکەرەی ئەولیا دا دە باسی ئەحمەدی خەزروویەش دا وەها ڕەوایەتێک هاتووە کە: دەروێشێک بوو بە میوانی ئەحمەد[ی خەزرووویە]. شێخ حەفتا شەمعی هەڵکرد. دەروێش کوتی " من ئەوەم هیچ پێ خۆش نیە، زەحمەت خستنە سەر شان و تەککەلوف پەیوەندیی بە تەسەووفەوە نیە."**

**ئەحمەد کوتی " برۆ و هەرچی کە بۆ خودا هەڵنەکراوە، بیکووژێنەوە. "**

**ئەو شەوە ئەو دەروێشە هەتا بەیانی ئاو و خاکی پێدادەکرد، نەیتوانی یەک لەو شەمعانە بکووژێنێتەوە. (ل ٣٥٣)**

١٠٦. دەگێڕنەوە کە:
شیبلی کوتی " ئەگەر هەق لە قیامەت ئیختیار بداتە من لە نێوان بەهەشت و دۆزەخ، من دۆزەخ هەڵدەبژێرم چونکە بەهەشت مرادی منە و دۆزەخ مرادی دۆست. هەرکەس ئیختیاری خۆی بە ئیختیاری دۆست هەڵنەبژێرێ، نیشانەی مەحەببەتە. "
ئەو قسەیان بۆ جونەید گێڕاوە. کوتی " شیبلی منداڵەتی دەکا، ئەگەر ئیختیار بدەنە دەست من، من هەڵنابژێرم، دەڵێم: بەندە چ کاری بە ئیختیارە؟ بۆ هەرکوێم بنێری دەچم و لە هەرکوێم دابنێی دەبم. ئیختیاری من ئەوەیە کە تۆ دەتەوێ. "

١٠٧. دەگێڕنەوە کە:
شیبلی ڕۆژێک کوتی " لا حول و لا قوه الا بالله. "
جونەید کوتی " ئەو قسەی تەنگدڵانە و تەنگدڵیی لە دەست دانی ڕەزایە بە قەزا."

١٠٨.
ڕۆژێک شیبلی لە مەجلیسی جونەید کوتی " ئەڵڵا! "
جونەید کوتی " ئەگەر خودا غایبە، باسی غایب غەیبەتە و غەیبەت حەرامە و ئەگەر حازرە، لە موشاهیدەی حازر دا ناوی ئەو بردن تەرکی حورمەتە."

١٠٩. دەگێڕنەوە کە:
لە حەرەم بۆ عێراق نامەیەکیان نووسی، بۆ جونەید و جورەیریی و شیبلی کە: بزانن ئێوە عەزیزان و پیرانی عێراقن... ئەمە نامەیەکە لە عمروبن عثمان و لە پیرانی حیجازەوە کە ئەگەر لە ئێوە کەسێک هەیە کە هیممەتی بەرزی هەیە بڵێ: پێ بنێ سەر ئەو ڕێگایەی کە دوو هەزار کێوی ئاگرینی تێدایە و دوو هەزار دەریای فەوتێنەری بە سام. و ئەگەر ئەو پایەگایەتان نیە ئیدعای مەکەن کە بە ئیدعا چ پێکنایە. "
کاتێک نامە بە جونەید گەیشت، پیرانی عێراقی کۆ کردەوە و نامەی بۆ خوێندنەوە. ئەوسا جونەید کوتی " وەرن و بڵێن لەو کێوانە چیان مەبەست بووە؟ "

کوتیان کە " لەم کێوانە مرادیان فەوتانە. هەتا پیاو هەزار جار نەفەوتێ و هەزار جار نەبێتەوە، ناگاتە دەرگای عیزەت. "

جا جونەید کوتی " من لەو هەزار کێوی ئاگرینە لە یەکیان پتر نەبووم."

جورەیریی کوتی " دەوڵەتی تۆیە کە یەکیانت بڕیوە کە من هێشتا سێ هەنگاوم نەبڕیوە. "

شیبلی هۆڕ هۆڕ گریا و کوتی " خۆزگە بە خۆت کە سێ هەنگاوت بڕیوە کە من هێشتا تۆزی ئەوم لە دوورەوە نەبینیوە. "

١١٠. دەگێڕنەوە کە:

کاتێک **غوڵام خەلیل** بۆ دوژمنایەتی ئەو تایفەیە هەستا و لای خەڵیفە کوتی کە " جەماعەتێک پەیدا بوون کە سەما دەکەن و گۆرانی دەڵێن و کوفریات دەڵێن و تەواوی ڕۆژ خەریکی تەماشان و دەچنە ژێرخانەکان شاراوە قسان دەکەن. ئەوانە قەومێکن لە زەنادیقە، ئەگەر ئەمیرەلموئمینین فەرمان بدا ئەوان بکووژن مەزهەبی زەنادیقە لێک بڵاو دەبن چونکە سەری هەموو ئەو تاقمەن."

خەڵیفە دەستبەجێ دەستووری دا هەتا ئەوان حازر بکەن و ئەوان **بووهەمزە** و **روققام** و **شیبلی** و **نووریی** و **جونەید** بوون. کاتێک خەڵیفە فەرمووی هەتا ئەوان بکووژن. شەمشیردار بە تەمای کوشتنی **روققام** بوو. **نووریی** بازدی دا و خۆی خستە پێشەوە و بە دڵ لە سەر جێگەی **روققام** دانیشت و کوتی " لە پێشدا من بکووژە! " بە خۆشی و پێکەنینەوە.

شەمشیردار کوتی " هێشتا نۆرەی تۆ نەهاتووە و شەمشیر شتێک نییە کە پەلەی لێبکەن. "

**نووریی** کوتی " بناغەی تەریقەت من لە سەر بەخت کردنە و عەزیزترین شتەکان گیانە؛ دەمەوێ ئەو چەند نەفەسە پێشکەشی ئەو برادەرانەی بکەم هەتا عومریش بەخت بکەم و سەرەڕای ئەوە کە یەک نەفەسی دونیا لای من خۆشەویستترە لە هەزار ساڵەی ئاخیرەت و چونکە ئەمە سەرای خزمەتە و ئەو سەرای قورب و قوربەت بە خزمەت دێتە دەست. "

کاتێک ئەم قسەی لەو بیست و بە خەڵیفەیان ڕاگەیاند. خەڵیفە لە ئینساف و ڕاستیی ئەو سەری سوڕما، فەرمووی کە " دەست ڕابگرن " و بە قازیی

کوت هەتا بە کارەکەیان دا بچێتەوە... جا قازیی زانی کە **جونەید** دە علووم دا کامیلە و قسەی **نووریی** بیستبوو، کوتی " لەو مەزاج شێتە - یانی **شیبلی**– بڵا شتێک لە شەریعەت بپرسم، کە نەتوانی جواب بداتەوە. "

کوتی " لە بیست دینار چەند دەبێ زەکات بدەن؟ "

**شیبلی** کوتی " بیست و نیو دینار! "

کوتی " کێ ئەمەی کردووە؟ "

کوتی " سەدیقی ئەکبەر کە چل هەزار دیناری دا و هیچی وەرنەگرتەوە. "

کوتی " ئەو نیو دینارە چیە؟ "

کوتی " تاوانی ئەوە کە بۆچی ئەو بیست دینارەی ڕاگرتبوو. "

پاشان لە **نووریی** مەسەلەیەکی پرسی لە شەریعەت. دەستبەجێ جوابی داوە. قازیی شەرمەزار بۆوە. ئەوسا **نووریی** کوتی " ئەی قازیی! ئەو هەموویەت پرسی و هیچ نەتپرسی کە خودا پیاوی وای هەیە کە هەستانیان بەوە، حەرەکەت و سکوونیان گشت بەوە و هەموو زیندوو بەون و بە دیتنی ئەو دەژین ئەگەر ساتێک لە دیداری هەق بمێننەوە گیانیان دێتە دەر. بەو دەخەون و بەو دەخۆن و بەو وەردەگرن و بەو دەڕۆن و بەو دەبینن و بەو دەبیسن و دەگەڵ ئەو دەبن. عیلم ئەوەیە نەک ئەوەی کە تۆ دەپرسی. "

قازیی حەیران بوو و کەسی ناردە لای خەڵیفە کە " ئەگەر ئەوانە کافر و زەندیقن، من حوکم دەکەم کە لە سەر زەوی یەک مووەحیدی تێدا نییە. "

خەڵیفە ئەوانی بانگ کرد و کوتی " چ حاجەتێک دەخوازن؟ "

کوتیان " حاجەتی مە ئەوەیە کە ئێمە فەرامۆش بکەی. نە بە قەبووڵی خۆت ڕێزمان بگرە و نە بە دەرکردنی خۆت دوورمان ڕابگرە کە چون ڕەددی تۆ بۆ ئێمە وەک قەبووڵە و قەبووڵی تۆ وەک ڕەددە. "

خەڵیفە گەلێک گریا و بە کەرامەتێکی زۆر بەڕێی کردن.

.١١١
**شیبلی** کوتی "لای **نووریی** بووم. ئەوم بینی کە بە مراقبەت دانیشتبوو وەها کە موویەکی لەشی نەدەجوولاوە. کوتم: مراقبەتێکی وەها جوان لە کوێ فێر بووی؟"
کوتی "لە پشیلەیەک کە لە بەر کونی مشکێک بوو و ئەو زۆر لە من ساکینتر بوو."

.١١٢ دەگێڕنەوە کە:
شیبلی مەجلسی دەکوت. نووریی هات و لە پەنایەک وەستا و کوتی "ئەسسەلاموعەلەیک یا ئەبابەکر! "
شیبلی کوتی " وە عەلەیکەسسەلام یا ئەمیرەلقلووب! '
کوتی " هەقتەعالا ڕازیی نابێ لە عالیمێک باسی عیلم بکا، کە خۆی عەمەلی پێنەکا. ئەگەر تۆ بە عەمەلەوە خەریکی، جێگاکەت ڕاگرە و دەنا وەرە خوار. "
شیبلی ڕوانی و خۆی ڕاست نەبینی.
هاتە خوار و چوار مانگ لە ماڵ دانیشت و نەهاتە دەر. خەڵک کۆ بوونەوە و هێنایانە دەر و ناردیانە سەر مەنبەر. نووریی خەبەرەکەی زانی. هات و کوتی " یا ئەبابەکر! تۆ لەوانت شاردەوە، بۆیە هێناویانیە سەر مەنبەر و من نەسیحەتم کردن، بەردیان پێدادام و دە کەلاوەیان هاویشتم. "
کوتی " یا ئەمیرەلقلووب! نەسیحەتی تۆ چ بوو و شاردنەوەی من چ بوو؟ "
کوتی " نەسیحەتی من ئەوە بوو کە ڕەهام کرد خەڵکی خودا، بە خودا و شاردنەوەی تۆ ئەوە بوو کە بوویە حیجاب لە نێوان خەڵک و خودا. تۆ کێی کە لە نێوان خەڵک و خودا واسیتە بی؟ کەوایە من تۆ نابینم ئیللا بە فزوولێک."

.١١٣ دەگێڕنەوە کە:
**شیبلی** کوتی:
لە **یۆسفی ئەسبات** -م پرسی کە " غایەتی تەوازوع چیە؟ "
کوتی " ئەوە کە لە ماڵ بێیە دەر، هەرکەست بینی وەهای دابنێی کە لە تۆ باشترە. "

۱۱٤. دەگێڕنەوە کە:
کاتێک وەفاتی نزیک بۆوە، چاوی لێڵ ببوون، خۆڵەمێشی داوا کرد و بە سەری داکرد و ئەوەند بێقەراریی کرد کە لە کوتن نایە.
کوتیان " ئەو هەموو شێواوییە چیە؟ "
کوتی " ئێرەیی بە ئیبلیس دەبەم و ئاگری غەیرەت گیانم دەسووتێنێ کە من لێرە دانیشتووم ئەو شتێکی خۆی دەدا بە کەسێکی دیکە: و ان علیک لعنتی الی یوم الدین. ئەو لەعنەتی زیادکراوە ناتوانم ببینم، دەمەوێ کە هی من با کە ئەگەر لەعنەتیشە نە مەگەر هی ئەوە؟ بۆچ نەیدایە عەزیزانی ئوممەت هەتا پێیان لە بان سەری عەرش نابا؟ گەوهەریی دەزانێ قەدری گەوهەر. ئەگەر پادشا شووشە یا بلوورێکت دە دەست بنێ گەوهەر دەنوێنێ و ئەگەر کەوەرفرۆشێک گەوهەر بکاتە خاتەم و دە ئەنگوستی بکا، شووشە دیاری دەکا. "
ماوەیەک حەساوە، دیسان شیواوە. کوتیان " چ بوو؟ "
کوتی " دوو با دەشنێ: یەک بای لوتف و یەک بای قەهر. هەرکەس بای لوتفی وێبکەوێ بە مەقسوود دەگا و هەرکەس بای قەهری وێبکەوێ گرفتاری حیجاب دەبێ... ئەگەر بای لوتفم پێبگا ئەو هەموو ناکاویی و سەختیی دەتوانم بە هیوای وی بکێشم و ئەگەر بای قەهرم پێبگا ئەوەی کە بە من دەگا ئەو سەختییە لە ئاست ئەو هیچ نییە. "
پاشان کوتی " لە دڵم هیچ گرانتر لەوە نییە کە یەک درەمم مەزلەمە هەیە و هەزار درەمم لە جیاتی داوە و دڵم قەرار ناگرێ. "
پاشان کوتی " تەهارەتم بدە! "
تەهارەتیان دا. داهێنانی ڕدێنیان فەرامۆش کرد، وە بیری هێنانەوە.
ئەبوو مەحەممەدی هەرەویی کوتی:
ئەوشەوە من لای شیبلی بووم، تەواوی شەو ئەو بەیتەی دەکوت:

**کل بیت انت ساکنه غیر محتاج الی السراج**
**وجهک المامول حجتنا یوم یاتی الناس بالحجج**

هەر ماڵێکی تۆ تێدا نیشتەجێی، ئەو ماڵە پێویستی بە چرا نییە، ڕووی درەوشاوەی تۆمان حوججەتە.

پاشان خەڵک کۆ بوونەوە بۆ نوێژی جەنازە و دە ئاویلکە دان دا بوو زانی کە چ خەبەرە، کوتی " زۆر سەیرە! جەماعەتێک مردوو هاتوون هەتا نوێژ لە سەر زیندوویەک بکەن. "

کوتیان " بڵێ: لا اله الا الله. "

کوتی " مادام کە غەیری ئەو نییە نەفی چۆن بکەم؟ "

کوتیان " چارە نییە، بیڵێ. "

کوتی " سوڵتانی مەحەببەت دەڵێ: بەرتیل وەرناگرم. "

یەکێک هەرای لێکرد و تەڵقینی شەهادەتی دا، کوتی " مردوو هاتووە هەتا زیندوو وە ئاگا بێنێ. "

دوای ماوەیەک وە خۆ هاتەوە، کوتیان " چۆنی؟ "

کوتی " تێکەڵ بە مەحبووب بووم. " و گیانی دا.

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی نفحات الانس دا هاتووە:**

**بەکرەی دینەوەریی خزمەتکاری شیبلی دەڵێ کە:**

**شیبلی ڕۆژی جومعە بە نەخۆشیی کوتی " دەچینە مزگەوتی جامع. " و پیلی منی گرتبوو و دەڕۆیشت. لە ڕێ پیاوێک هاتە پێش. شیبلی کوتی " بەکرا! "**

**کوتم " لەببەیک! "**

**کوتی " سبەی ئێمە کارێکمان بەو پیاوە دەبێ. "**

**چووین نوێژمان کرد و گەڕاینەوە ماڵ و شەو فەوتی کرد.**

**کوتیان لە فلانە جێگە پیاوێکی ساڵح هەیە کە مردوان دەشوا. بەرەبەیان چوومە بەر دەرگاکەی و سەبر لە دەرگام دا و کوتم " سەلاموعەلەیکوم! "**

**لە ژوور ماڵەوە کوتی " شیبلی مرد؟ "**

**کوتم " بەڵێ! '**

**کە هاتە دەر دیتم هەمان پیاو بوو کە لە ڕێگەی مزگەوت هاتبوو پێش، سەرسوڕماو کوتم " لا اله الا الله! "**

**کوتی " لەچی سەرت سوڕماوە؟ "**

**هۆیەکەم گێڕاوە و پاشان سوێندم دادا کە " تۆ لە کوێت زانی کە شیبلی مرد؟ "**

**کوتی " ئەی گەوج لەوە کە شیبلی زانی ئەوڕۆ کاری بە من دەبێ. "**

.١١٥
ده خەو دا بینیان، کوتیان " چت دەگەڵ مونکیر و نەکیر کرد؟ "
کوتی " هاتن و کوتیان: خودای تۆ کێیە؟ "
کوتم " خودای من ئەوەیە کە ئێوە و گشت فریشتەکانی ڕاسپارد هەتا سەجدە بۆ باوکم ئادەم بەرن و من لە پشت باوکم بووم و چاوم لە ئێوە دەکرد. "
مونکیر و نەکیر بە یەکتریان کوت کە " نە تەنیا جوابی خۆی دەداتەوە بەڵکە جوابی گشت منداڵانی ئادەمیش دەداتەوە، وەرە با بڕۆین. "

.١١٦
جارێکی دیکە دە خەویان دا بینی، پرسیان کە " بازاری ئاخیرەتت چلۆن بینی؟ "
کوتی " بازارێکە ڕمێنی نیە لەم بازاڕە، مەگەر جەرگە سووتاوەکان و دڵە شکاوەکان و باقی گشت هیچ نییە. چونکە ئەوانە مەرهەم دەنێنە سەر سووتاو و شکاو، دیسان وێکدێنەوە و بە هیچی دیکە ئیلتفات ناکەن. "

# شیبلی دە کتێبەکانی دیکە دا

# تفسير كشف الاسرار

.١١٧

**شیبلی** بەر لەوەی کە پێ دە کۆڵانی تەریقەت بنێ میری سیاپۆشان بوو و عادەتی وابوو کە بە دزی دەچوو مەجلیسی **جونەید**.

ڕۆژێک بە سەر زمانی **جونەید** دا هات کە " ئەگەر هەموو بوتپەرستان و ناکەسانی جەهان ببەنە بەهەشتی بەرین هێشتا خودا هەقی کەرەمی خۆی بەجێ نەهێناوە! "

**شیبلی** کاتێک ئەو قسەی بیست لە جێ ڕاپەڕی و بە هاوار و جل دادڕان کوتی " منم میری سیاپۆشان و لە ناکەسیی خۆم خرۆشان، دەڵێی چی یا شێخ! ئایا خودا من قەبووڵ دەکا؟ "

**جونەید** کوتی " خودا بە ڕیسالەتی **مووسا** و **هاروون** چەندین ساڵ فیرعەونی مەلعوونی بانگەواز دەکرد هەتا قەبووڵی بکا! چلۆن سووتاوێکی خوداناس کە بە پێی خۆی هاتووە و لە بەری دەپاڕێتەوە، قەبووڵ ناکا؟ "

پاشان **شیبلی** هەرچی لە ماڵ و زەوی و مڵک و ئەسباب هەیبوو هەمووی پاک بەخشی و ڕووت بۆوە و لە شیخی خۆی پرسی" من دەبێ چ بکەم؟ "

کوتی " تۆ دەبێ بچیە بازاڕ و دەرۆزەیی بکەی! "

**شیبلی** وەهای کرد و وایلێهات کەس ئیدی هیچی نەدەدایە.

پاشان **جونەید** چەند قەمچی دایە و کوتی " بچوو ژێرخان و دڵ بە خەمی دین بسپێرە و چاو بە ئاوی حەسرەت و پەشیمانیی بسپێرە و هەرکات جگە لە خودات بە خاتر دا تێپەڕی بەم قەمچیە ئەندامەکانی خۆت تێکبشکێنە. "

**شیبلی** سێ ساڵ لەو ژێرخانە، فرمێسکی حەسرەتی هەڵوەراند و لە سەر رابوردووی درێغ و مخابنی خوارد و ئامانی خواست. دوای سێ ساڵ. حاڵەتێکی مەستیی تێدا پێکهات و وەک مەستان، شەیدا و شێواو لە ژێرخان دەرکەوت، کێردێکی بە دەستەوە گرت و لە بەغدا دەگەڕا و دەیکوت " بە جەلالی قەدری هەق، هەرکەس ناوی دۆست ببا، بەو کێردە سەری دەبڕم."

ئەو خەبەرە بە **جونەید** گەیشت، کوتی " شەربەتێکیان داوەتێ مەست بووە، لە بەر مەستیی و بێخۆیی ئەو قسەیە دەکا. کاتێک وەخۆ بێتەوە ئارام دەگرێ. "

یەک ساڵ دەو مەقامە دا ڕایانگرت، کاتێک لەو مەقامە تێپەڕی، داوێنی خۆی پڕ لە شەکر کرد و بە دەور گەڕەکەکان دا دەگەڕا و دەیکوت " هەر کەس بڵێ ئەڵڵا، دەمی پڕ لە شەکر دەکەم. "

پاشان ئەشقی **شیبلی** ڕووی لە خراپیی نا و هەمیشە و دە هەموو کات دا دەیکوت " ئەڵڵا ئەڵڵا " هەتا ڕۆژێک **جونەید** پێیکوت " ئەی **شیبلی**! ئەگەر دۆست غایبە، ئەو غەیبەت کردنەی تۆ لە چیە؟ و ئەگەر دۆست حازرە ئەو گوستاخیی و بێ ئەدەبییەی تۆ چیە؟ "

جا **جونەید** فەرمووی هەتا ئەویان بردە گەرماو و مووی چەند ساڵەیان تاشی ئەوسا دەستی گرت و بردیە مزگەوت. لەوێ هەشتا و دوو کەس لە جوامێرانی تەریقەت و پادشایانی هەقیقەت حازر بوون. **جونەید** ڕووی تێکردن و کوتی " ئەی مەشایخ و ئەی یاران! هەرچی پیری ئێمە **سەریی سەقەتیی** لە ڕیازەت و موجاهیدەت دە ئێمە دا بینی ئێمە دەو لاوە دا بینیمان! ئەگەر ئیزنتان لە سەر بێ جل بگۆڕێ بڵا بەرەکەتی ئەو جلە، ئەو بەرەو خۆڕاگریی دین ببا و ئەگەر هەقی ئەو جلە بە جێ نەهێنێ خۆی جل دادی خۆی لەو بستێنێ! "

ئەوسا **جونەید** هەستا و مەرقەعی خۆی داکێشا و دە بەر شیبلی کرد و کوتی " ئەی جوامێران! گەوهەری ویسالی خودا ئەوە نییە کە بگاتە دەستی هەر ناکەسێک، دوڕێکە کە جگە دە سندووقی سیدقی سەدیقانی دا نادۆزنەوە، عەبهەرێکە کە جگە لە باغی ڕاز و نیازی دۆستان دا نایبینی. کەسێک کە ئەو دەوڵەتەی لە ڕێ دابێ ئەگەر بگاتە هەزار کوڵان، ئاخری هەر کوڵان بە بنبەست دەبینێ، هەتا قیبلەی ئەو ببێتە یەک و مەقسەدی ئەو یەک، ببێتە یەک دڵ و یەک هیممەت، کار لە یەک جێ و حوکم لە یەک دەرگا ببینێ! " (ب ٢ ل ٣٨٨)

.١١٨

**شیبلی** ڕۆژێک بە بازاڕی بەغدا دا تێدەپەڕی، کوتە کاغەزێکی دیت کە ناوی خودای لە سەر نووسرابوو و لە بن پێی خەڵک کەوتبوو. کاتێک ناوی خودای وەها چاو پێکەوت، ئەواوی ئازای لەشی بوونە حورمەت. بێقەرارییەکی پێداهات، داهاتەوە و هەڵیگرتەوە و ماچی کرد و عەتر و عەبیری پێداکرد و کردیە قیبلەی خۆی و هەمیشە پێیبوو و کاتێک بە سینگیەوە دەنا، تاریکی غەفلەتی لێدەڕەواند و ئەگەر نابایە سەر چاوی، نووری چاوی زیاد دەکرد... هەتا ڕۆژێک تەمای زیارەتی ماڵی خودای گرت. لە **بەغدا** دەرکەوت و ڕووی لە بادیە نا... لە بادیە لاوێکی بینی تەنیا و غەریب، بێ تێشوو و بارەبەر، بێ ڕەفیق و بێ قافڵە، خاکی کردۆتە نوێن و بەردی کردۆتە سەرین، فرمێسک لە چاوی ڕەوان، دیدە بەرەو ئاسمان، ئاسمان و زەوی پڕ لە دەرد و ماتەمی وی.

**شیبلی** لە پەنای دانیشت و ئەو کاغەزەی لە بەر چاوی ڕاگرت و کوتی "ئەی لاو! لە سەر ئەم قەرارەی؟ "

لاو ڕووی وەرگێڕا.

**شیبلی** بە خۆی کوت " مەگەر دەو ئاویلکە دانە دا بگۆڕێ. "

لاوی چاوی لێکرد و کوتی " ئەی **شیبلی**! ئامان کە دە غەڵەت دای! ئەوەی کە دەو کاغەزە دا دەیبینی و دەیخوێنیەوە، ئێمە دە سەفحەی دڵ دا دەیبینین و دەیخوێنینەوە. " (ب ٢ ل ٤١١)

.١١٩

کەسێک لە **شیبلی** پرسی " زەکاتی دووسەت دینار چەند دینارە؟ "

کوتی " هی خۆت دەڵێی یا هی من؟ "

کوتی " مەگەر زەکاتی من و تۆ فەرقی هەیە؟ "

کوتی " ئەگەر تۆ بیدەی زەکاتەکەی پێنج دینارە و ئەگەر من بیدەم هەموو دووسەت دینارەکەیە! " (ب ١ ل ٧)

.١٢٠

**شیبلی** کوتی " قیبلە سێن: قیبلەی عام، قیبلەی خاس، قیبلەی خاسی خاس. قیبلەی عام کەعبەیە، قیبلەی خاس عەرشی خودایە و قیبلەی خاسی خاس دڵی مریدان و گیانی عارفانە. " (ب ١ ل ٦٠)

.١٢١

**شیبلی** کوتی " من تەسەووف لە سەگێک فێر بووم کە لە بەر دەرگای سەرایەک وەرکەوتبوو، خاوەنی سەرا هاتە دەر و ئەو سەگەی دەردەکرد و سەگ دیسان دەگەڕاوە. کوتم: چ سەگێکی ڕەزیل و پەستە کە دەری دەکەن و دیسان دەگەڕیتەوە! سەگ بە فەرمانی خودا وە دەنگ هات و کوتی: ئەی شێخ! بۆ کوێ بچم کە خوداکەم ئەوە؟ " (ب ١ ل ٦٨)

.١٢٢

**شیبلی** بە یەکێک لە مریدەکانی کوت " دەتوانی ڕۆژووی هەمیشەیی بگری؟ "

کوتی " چۆنە؟ "

کوتی " ئەوە کە هەموو عومری خۆت بکەیە یەک ڕۆژ و بەڕۆژوو بی و بە دیداری خوداوەند ڕۆژووت بشکێنی. " (ب ١ ل ٧٤)

.١٢٣

بە **شیبلی** – یان کوت " تەعام و شەرابت لە کوێوە دەگا؟ "

کوتی " یادی خودا تەعامی من، سەنای خودا لیباسی من، شەرم لە خودا شەرابی من، نەفسی من فەدای دڵی من، دڵی من فەدای ڕووحی من، ڕووحی من فەدای خودای من. " (ب ١ ل ١٠٧)

١٢٤.دەڵێن:

**شیبلی** حەوت ڕۆژ دە وەجدی خۆی دابوو وەها کە چ تەعام و شەرابی نەخوارد، نوقمی دەریای ڕەحمەت و سەری لە سیرڕی خۆی دا ون کردبوو ئەو قسانەی بە زمان دەردەبڕی:

یادی خوداکەم خۆراکی من، سەنای یەزدانم جلی من، شەرم لە خودا شەرابی من، گیانی من فەدای دڵی من، دڵی من فەدای ڕووحی من، ڕووحی من فەدای خودای من!

کاتێک ئاگری وەجدی ئارامی گرت لێیانپرسی کە " حەوت ڕۆژت بێ نان و ئاو بردە سەر، ئەوە چ حاڵەتێکە؟ "

کوتی " ئەی هەژار! کەسێک کە بە ناو و یادی دۆست خۆشە، ئاو و نانی کوا بە بیر دادێ؟ " (ب ١ ل ٥١١)

١٢٥.

دەڵێن **شیبلی** ڕازێکی دەگەڵ هەق هێنا گۆڕێ، کوتی " خودایا بۆچ **حوسێنی مەنسوورت** لە ئێمە وەرگرت؟ "

کوتی " ڕازێکم پێدا بە نائەهلانی ڕاگەیاند و ئەوم هێنا خوار کە دیتت."

(ب ١ ل ١٤٥)

١٢٦.

**شیبلی** کوتی:

شەوێک کە **حوسێن مەنسووری حەللاج** -یان لە دار دا من دەگەڵ هەق موناجاتم هەبوو. بەرەبەیان کە سوجدەم برد کوتم " خودایا! **مەنسووری حەللاج** بەندەیەک بوو ئیماندار، خوداناس، بە بڕوا، لە ڕیزەی ئەولیا دا، ئەمە چ بەڵایەک بوو کە بە سەریت هێنا؟ لە کوێوە شیاوی ئەو فیتنەیە بوو؟"

کاتێک خەوم لێکەوت، نەدای عیزەت بە گوێم گەیشت کە " **مەنسوور** یەک لە بەندەکانی ئێمە بوو کە لە سیرڕێک لە سیرڕەکانی خۆمان ئاگادار کرد، بەڵام چونکە ئەو ڕازەی ئێمەی ئاشکرا کرد، ئێمەش ئەوەمان بە سەر هێنا کە بینیت و بیستت. " (ب ٢ ل ١١٦)

.١٢٧
**بووبەکری شیبلی** کوتی:
لە **مەنسووری حەللاج** -م پرسی " ئەو ڕێگایەی کە تۆ پێیدادەڕۆی من دەبێ چ بکەم هەتا بگەمەوە سەر تۆ؟ "
**حوسێن** کوتی " دوو هەنگاوە ئەو دوو هەنگاوە هەڵبگرە هەتا بگەیەوە سەر ئێمە. یەکەم هەنگاو: دونیا لای ئاشقانی خۆی ژنە و دەگەڵ مەعشووقەی وان کێشەی مەکە. هەنگاوی دووهەم: ئاخیرەت بە داواکارانی تەسلیم بکە و باس و قسەی خۆت لەوان دوور بخەوە! و بەندەی دەرگای عیزەت بە، بەبێ بە دەستەوە بوونی دونیا و ئاخیرەت! " (ب ٢ ل ٢٣٧)

.١٢٨
**شیبلی** کوتی " بەخت کردنی گیان لە پێناو دۆستایەتیی، دەوڵەتێکی بەلاشە، کە دۆست بۆ ئەو لەبری گیانە، ئەگەر سەدهەزار گیان فەدای ئەو وەسڵە بکەی هەققا کە هێشتاکە بەلاشە. " (ب ١ ل ١٧٠)

.١٢٩.دەگێڕنەوە:
لە ڕۆژگاری **جونەید** و **شیبلی**، پیرێژنێک کوڕێکی هەبوو کە ئەویان بە ناخەلەف دادەنا و ئاگایان لە عەجایبی تەقدیر نەبوو و نەیاندەزانی کە ئەم خەلەف و ناخەلەف بوونە نەغدێکە کە بە دەست تەقدیر لە زەرابخانەی ئەزەلی لێیانداوە و کەسیان لەوە ئاگادار نەکردووە.
ئەو کوڕەیان هەموو ڕۆژێ لە خەرابات دەبینی شیواوحاڵ.
دایکی هەموو شەو و ڕۆژێک دەستی بۆ دوعا هەڵدێنا و دەپاڕاوە و دەناڵا کە " خودایە! ئەو جگەرگۆشەیەی ئێمە لە گێژاوی گوناهکاریی دەربکێشەوە و لە جامی بێداریی شەربەتێکی بدەیە، هەتا دڵی ئێمە فارغ بێ! "
لەپڕ هاتفێک دەنگی هات کە " ئەی پیرێژن! خۆش بە کە ئێمە ئەو کوڕەمان دە کاری دڵی پڕ دەردی تۆ کرد و دانی شەوقمان دە داوی مەحەببەت بۆ ڕاوی ئەو ناوە. "

پیرێژن دەو بیرانە دابوو لاو وە ژوور کەوت شێواو و سەرگەردان، نەعرەتەی لێدەدا و دەیکوت " خودای من کوا؟ خودای من کوا؟ لە کوێ لێتبگەڕێم ئەی مانگی دڵەستێن، ئەی دڵڕفێنی دۆستان! ئەی دایە! خودای من کوا؟ دڵوالا و ڕێنوێنی من کوا؟ مەرهەمی برینی من کوا؟ دەرمانی داماویی من کوا؟ "

هەروا بوو هەتا ڕۆژیی دوایی هەر ساعەت سووتاوتر و شەیداتر. ڕۆژیی دوایی دایک ئەوی بردە لای مەشایخی شار و کوتی " دەرمانێک بۆ ئەو کوڕەی من ساز بکەن و دەردەکەی دەرمان بکەن. "

ئەوان تێدامانەوە و کوتیان " ئەو دەردە گەلێک گران و قایمە، تەدبیر ئەوەیە کە ئەو ببنە بەغدا لای پیرانی تەریقەت **جونەید** و **شیبلی** کە ئەوتادی جەهان ئەوانن.

پیرێژن بە هەزار ڕەنج کوڕی بردە بەغدا. ڕۆژی دوایی جونەید سەیری کرد، شیاوی نەزەری ڕەببی بینی و دە دەروونی ئەو لاوە گەیشت کە هەتاوی دەوڵەت لە ژێر هەوری بەشەرییەتی وی دەدرەوشێتەوە، کوتی "ئەی پیرێژن! ئەو ببە مەککە لای دوو کەس لە پیرانی جەهان کە دەرمانی دەرد لای ئەوانە. دایک بە هەزار سەختیی کوڕی بردە مەککە. کاتێک پادشایانی تەریقەت ئەویان بینی، کوتیان " لاوێکی سەیرە! شنەی سەبای دەوڵەتی فەقر لە سەری زولفانیەوە دەشنێ! ئەو ببنە کێوی لوبنان کە بنیاتی ڕۆژگار لەوێیە."

دایکی سەرگەردان کوتی " ڕۆڵە گیان هەستە کە لە بن ئەو بەڕەیە هەردەم شتێک دەردەکەی. " ئەوسا سەر و پێ ڕووت، بە زگی برسی ڕووی لە بیابان نا هەتا گەیشتە کێوی لوبنان.

ماوەیەک لەو سەحرایە خولانەوە هەتا گەیشتنە سەر کانیاوێک. شەش کەسیان بینی وەستاو و کەسێکیان لە پێش خۆ داناوە. کاتێک ئەو لاوەیان بینی بەرەو پیری هاتن و کوتیان " درەنگت کرد، نوێژ بکە لە سەر ئەو پیاوە! کە ئەو غەوسی جەهان بوو و کاتێک لە دونیا دەردەچوو وەسیەتی کرد کە خەڵیفەی من بەڕێوەیە و هەر ئێستا دەگا، بەو بڵێن کە نوێژم لە سەر بکا و مەرقەعی من دە بەر بکا و لە جێی من دابنیشێ! "

ئەو لاوە چوو و غوسڵی کرد و مەرقەعی شێخی پۆشی و شۆقی خودایی لە سەر نوقتەی دڵی خۆی نواند و گیر و گرفتی شەریعەت و ئەسراری تەریقەت هەر ئەودەم لە سەر دڵی کەشف بوو.

کوڕ هات و شێخی غوسڵ دا و نوێژی لە سەر کرد و ناشتی و لە سەر جێگەی وی دانیشت.

پیرێژن کاتێک ئەوەی بینی دەستبەجێ ئاخێکی هەڵکێشا و گیانی دا.
(ب ١ ل ٢٦٢)

١٣٠.

**شیبلی** کوتی " ناسیاویی ئێوە بە مەعرەفەتی خۆتان لە خودا، تێگەیشتنی ئێوە بە زانستەکانی خۆتان لە خودا، ئەقڵی ئێوە بە فەهم و وەهمەکانی خۆتان لە خودا، تەقدیری ئێوە دە بیروڕا و دە دڵەکانتان دا لە خودا هەموو و هەموویان دۆزراوەکانی خۆتانە و دەگەڕێتەوە سەر خودی خۆتان. " (ب ١ ل ٢٩٨)

١٣١.

ڕۆژێک **شیبلی** دەگەڵ جەماعەتێک لە عارفان دانیشتبوو، وەختێکی خۆش و سەماعێکی خۆش دایگرتبوون و خەریک بوون. دەروێشێک دەو حاڵە دا بە حورمەت هاتە پێش و لە سەفی نەعال (خوارەوەی مەجلیس) دانیشت. کڵاوێکی پەشمینەی لە سەر بوو و پەلاسێکی ڕەشی پۆشیبوو. چونکە کەس ئاگای لە هەقیقەتی حاڵی وی نەبوو، **شیبلی** پرسی " ئەی دەروێش ئەو کڵاو و پەلاسەت بە چەند کڕیوە؟ "

کوتی " بە دونیا و هەرچی کە دە دونیا دایە. " پاشان کوتی " ئەی **شیبلی** دلێریی مەکە کە خودا بەندەی وای هەیە ئەگەر ئیشارەت بدەن، ئەستوونی مزگەوت دەبێتە زێوی سپی! "

**شیبلی** کوتی ئەودەم چاوم لێکرد، ئەو ئەستوونەم بینی کە ڕەنگی زێوی بە خۆوە گرت. (ب ١ ل ٤٠٩)

.١٣٢

ڕۆژێک **جونەید** و **شیبلی** بە ڕێگایەک دا دەڕۆیشتن.
**جونەید** بە **شیبلی** کوت " ساعەتێک دەگەڵ خودای بە هەتا من دێمەوە."
**شیبلی** دەستی کرد بە قوئان خوێندنەوە.
**جونەید** گەڕاوە و بە سەری دا گوڕاند کە "بە تۆم کوت خەریکی خودا بە!"
**شیبلی** کوتی "من پێموابوو کە قورئان دەخوێنمەوە خەریکی ئەوم. "
**جونەید** کوتی " نەتزانیوە کە هەرکەس دەگەڵ خودا بێ ناتوانێ بدوێ؟"
(ب ٢ ل ١٣٤)

.١٣٣

**شیبلی** کوتی " قەت برسی دانەنیشتم مەگەر ئەوەکە دە دڵی خۆم دا پەند و حیکمەتێکی تازەم نەدیتەوە. " (ب ٢ ل ٣٤١)

.١٣٤

**شێبلی** ڕۆژێک سینگ لە پێش و دەسوەشان دەڕۆیشت و دەیکوت "خودایە! ئەگەر دەو ڕێگایە دا سەد دەریای ئاگرە هەمووی لە سەرچاوم دادەنێم و باکم نیە. "

ڕۆژێکی دیکە ئەویان بینی کە دەهات، سەری داخستبوو وەک مەحروومێکی داماو. نەرم نەرم دەیکوت " هاوار لە حوکمی تۆ! ئامان لە قەهری تۆ، نە دەگەڵت ئارامم، نە بێ تۆ کارم وە ڕاست دەگەڕێ، نە ڕووی ئەوەم هەیە بگەڕیمەوە، نە زراوی ئەوەکە ڕابکەم و بۆ کوێ هەڵێم؟ "

پرسیان " ئەی **شیبلی**، ئەوەی دوێنێ چ بوو و ئەوڕۆ چیە؟ "

کوتی " ئادی، کوند کە تاوس نەبینێ لافی جەمال لێدەدا! بەڵام کوند کوندە و تاوس تاوس. " (ب ٢ ل ٣٥٤)

.١٣٥

مریدێک لە **شیبلی** پرسی " تۆ هیچ دیدەیەکت گریان نییە؟ "

کوتی " ئەی فلان! ئەوەی کە دە دڵ و گیانی ئێمە کەوتووە لە دیدە شاراوەیە. هەرچی لە دەرەوەی قالبی لەشە بێگانەی ڕێگایە و ڕازاندنەوەیەکی دە دەروون دا دەوێ. ئەی جوامێر! خەفەت ئەزەلییە بەڵام دەگەڵ هەرکەسێک نییە، ئەو خەفەتە کاتێک سێبەر بخاتە سەر دڵی ئاشق، هەوری حاڵەت دەگرمێنێ و برووسکی هیوا لێدەدرێ و بارانی مراد بە سەر حەوشی دڵ دا دەبارێ و گیای جۆراوجۆر دەڕسکێن: جارێک نێرگسی ڕەزایە، جار ئەرخەوانی قەناعەت، جار سوێسنی تەوەککول، جار یاسەمەنی تەوازوع و ئاشق وە خۆ کەوتووە، لە ژێر هەوری خەفەت لە باغی دڵ گوڵی ڕەنگاوڕەنگ لێدەکاتەوە و دەیانکاتە چەپک. " (ب ٢ ل ٥١٣)

.١٣٦

**شیبلی** ڕۆژێک لە خزمەت **جونەید** دا کوتی " ئەڵڵا "

**جونەید** کوتی " ئەوەیکە دەیڵێی ویردی زمانە یا زیکری گیان؟ ئەگەر ویردی زمانە، زمان خۆی تابیعی ئەوە دەنا قسەی سەر زارە و ئەمە کارێکی هاسانە. چونکە ئیبلیسیش هەر ئەوە دەڵێ کە تۆ دەیڵێی. کەوایە تۆ چ سەر و فەزیلەتێکت هەیە؟ ئەمە بارگای عامە، هەم دۆست لێیدادەبەزێ و هەم دوژمن، هەم ئاشنا هەم بێگانە. پیاو دەبێ لە سەر خوانی پادشایان دە دەروونی پەردە دا جێگەی دەست بکەوێ دەنا بۆ بارگای عام هەرکەسێک و هەر خەسێک ڕێ دەدرێ. " (ب ٢ ل ٦٤٢)

# ترجمه رساله قشیریه

.١٣٧

**ئەبووبەکر دۆلەف بنی جەحدەر شیبلی**، بەغدایی بوو و لەوێ گەورە بوو و ئەسلی وی هی ئۆسرووشنە بوو، هاوسۆحبەتی جونەید و پیران سەردەمی بوو و تاکانەی ڕۆژگاری خۆی بوو بە حاڵ و زەرافەت و عیلم، مالیکی مەزهەب بوو و هەشتا و حەوت ساڵ عومری وی بوو و وەفات وی ٣٣٤ [ی مانگیی] بوو.

کاتێک شیبلی تۆبەی کرد لە مەجلیسی خەیری نەسساج، چوو دەماوەند و کوتی " من لێرە ئەمیر بووم و گەردنم ئازا بکەن. "

.١٣٨

پیاوێک هاتە لای شیبلی. شیبلی پێیکوت " تۆ کێی؟ "

کوتی " یا سەییدیی! من ئەو نوقتەیەم کە لە بن **ب** ـێ دەدرێ. "

شیبلی کوتی " تۆ گەورەی منی چونکە مەقامێک بۆ خۆت نابینی. " (ل ٢٢١)

.١٣٩

کەسێک هاتە لای شیبلی و گلەیی کرد لە زۆر بوونی عایلە.

کوتی " بڕۆوە ماڵ و ئەوەی کە خودا ڕۆژیی ناداتێ، لە ماڵی دەر بکە." (ل ٢٥١)

.١٤٠

بە شیبلیان کوت " نەتزانیوە کە ئەو ڕەحمانە؟ "

کوتی " دەزانم بەڵام لەوەتی ڕەحمەتی ویم ناسیوە هەرگیز نەمویستووە هەتا ڕەحمەتم پێبکا. " (ل ٣٤٣)

.١٤١

دەگێڕنەوە لە **ئەبوو عەبدوڵڵای رازیی** کە کوتی:

**ئیبنی ئەنباریی** سۆفێکی پێبەخشیم. **شیبلی** کڵاوێکی هەبوو شیاوی ئەو سۆفە و کڵاوێکی زەریف بوو. تەمەننام کرد کە ئەو دوانە هی من بن. کاتێک **شیبلی** لە مەجلیس هەستا، چاوی لە من کرد. من بە دوای دا ڕۆیشتم و عادەتی وەها بوو کە ویستبای بە دوای دا بڕۆم چاوی لێدەکردم. کاتێک گەیشتەوە ماڵ بە منی کوت " ئەو سۆفە داکەنە. "

دامکەند. تێکیپێچاوە و کڵاوەکەشی خستە سەری و ئاگری داوا کرد و هەردووکی سووتاند. (ل ٣٧٣)

.١٤٢

**شیبلی** کوڕێکی هەبوو بە ناوی ئەبولحەسەن، مرد. دایکی شینی دەگێڕا و پرچی خۆی بڕی. شیبلی چوو گەرماو و قسڵی لە ڕووی هەڵسوو هەتا مووی ڕووی هەموو لێبۆوە.

دەهاتنە تازیەی و دەیانکوت " ئەمە چیە یا ئەبابەکر؟ "

کوتی " موافەقەتم دەگەڵ ئەهلی خۆم کرد. "

یەک لەوان کوتی " بڵێ کە چت کرد؟ "

کوتی " من زانیم کە دێنە تازیە و دەڵێن کە: خودا پاداشتت بداتەوە! من مووی ڕووی خۆم فەدا کرد هەتا بەو خەریک بن و باسی خودا بە غەڵەت بە زمانتان دا نەیە. " (ل ٤٢٥)

.١٤٣

جارێک شیبلی بانگی نوێژی دەدا کە گەیشتە شەهادەت، وەستا و کوتی "مەگەر نە ئەوەیکە خۆت فەرمووتە دەنا دەگەڵ تۆ هیچکەسم یاد نەدەکرد." (ل ٤٢٥)

.١٤٤
له شیبلییان پرسی " بۆچ بەو قەومە دەڵێن سۆفی؟ "
کوتی " چونکە لە نەفسیان هەندێک ماوە و ئەگەر نەمابا هیچ ناوێکیان لێنەدەنرا. " (ل ٤٧٣)

.١٤٥
جەعفەری نەسیر لە بەکرانی دینەوەریی پرسی - کە ئەو خزمەتی شیبلی کردبوو - کە " چت بینی لە شیبلی؟ "
کوتی " بە منی کوت کە: یەک درەم مەزلەمەم لە ئەستۆیە و هەزار درەمم بۆ سیاحەبەکەی بە سەدەقە داوە و دە دڵم دا هیچ لەوە گرانتر نییە. پاشان کوتی: تەهارەتم بدە! ئەوم تەهارەت دا و لە بیرم چوو ڕدێنی دابێنم. زمانی نەدەگەڕا، دەستی گەرتم و دە نێو ڕدێنی نا و گیانی دا. "
جەعفەر گریا و کوتی " چ دەکرێ بڵێین بە پیاوێک کە هاتا ئاخری عومری یەک لە ئادابی شەریعەتی لێ زایە نەبوو. " (ل ٥٣١)

.١٤٦
سەبارەت بە مەعرەفەت لە شیبلیان پرسی، کوتی " سەرەتاکەی خودایە و ئاخرەکەی نەهایەتی نیە. " (ل ٥٤٢)

.١٤٧
شیبلی کوتی " عارف ناڕوانێتە غەیری وی و نابیسی قسەی غەیری وی و نابینێ نیگەهبانێک بۆ خۆی جگە لەو. " (ل ٥٤٨)

.١٤٨
شیبلی دەڵێ " مەحەببەت بۆیە ناوی مەحەببەتیان داوەتێ کە هەرچی دە دڵ دابێ جگە لە مەحبووب مەحوی دەکا. " (ل ٥٦٠)

.١٤٩
شيبلی دەڵێ " موحيب ئەگەر بێدەنگ بێ دەفەوتێ و عارف ئەگەر قسە بکا دەفەوتێ. " (ل ٥٦٤)

.١٥٠
سەبارەت بە سەماع لە شيبليان پرسی، کوتی " زاهيری فيتنەيە و باتينی عيبرەت. هەرکەس ئيشارەت بناسێ، سەماعی عيبرەت لێی حەڵاڵە و ئەگەر دژی ئەمە بێ خۆی دە بەڵا و فينە هاويشتووە. " (ل ٦٠٢)

.١٥١
دەڵێن کەسێک هەرای دەکرد کە " خيار (هەڵبژاردە) دە بە دانگێک! " (الخيار عشر بدانق)
شيبلی بيستی و کوتی " کاتێک بژاردە دەی بە دانگێک بێ ئەدی خرابترين چۆن دەبێ؟ " (ل ٦١٧)

# تلبيس ابليس

.١٥٢دەگێڕنەوە کە:
تاقمێک سۆفی هاتنە لای شيبلی. کەسێکی ناردە لای دەوڵەمەندێک و شتێکی داوا کرد کە خەرجی سۆفيانی بکا. ئەو دەوڵەمەندە وڵامی داوە کە "شيبلی خۆی ناسياوی هەقە بۆ داوا لە هەق ناکا؟ "
شيبلی پەيامی ناردەوە کە " دونيا پەستە و لە پەستێکی وەک تۆ دەبێ داوای ماڵی دونيا بکەن، لە هەق داوای هەق دەکەين. "
ئەو پياوە سەد ديناری نارد. (ل ١٤٩)

.١٥٣
دەڵێن شیبلی بە بەر مزگەوتی جامیع دا دەڕۆیشت و تاقمێکی مەرقەعپۆش و فۆتەپۆش بینی، ئەو شێعرەی هێناوە:

اما الخیام فانها کخیامهم     وازی نساء الحی غیر نسائها
(خێوەت هەمان خێوەتە، بەڵام دانیشتوان ئەوان نین) (ل ١٥٢)

.١٥٤
ابن مجاهد مقری ڕۆژێک لای عیسا بنی عەلی وەزیر بوو شیبلی وە ژوور کەوت و شیبلی عادەتی وابوو هەرچی دە بەر کردبا شوێنێکی دەدڕی. ئیبنی موجاهید بۆ ئەوەی شیبلی ببەزێنێ کوتی " دە کوێی شەریعەت دا هاتووە کە شتێکی بە سوود زایە بکەی؟ "
شیبلی دەستبەجێ ئەو ئایەی خوێندەوە " فطفق مسحا بالسوق والا عناق " کە تەفسییرکەران نووسیویانە: ڕۆژێک سولەیمان پێی چەند ئەسپی قەڵەم کرد و ملی لێدان چونکە وەها خەریکی تەمەشای ئەوان ببوو کە نوێژی لە بیر کردبوو.
ئیبنی موجاهید بێدەنگ بوو.
وەزیر کوتی " تۆ دەتەویست ئەو ببەزێنی ئەو تۆی بێدەنگ کرد. "
ئەوسا شیبلی کوتی " تۆ قوریانخوێنی، بڵێ دە کوێی قورئان دا هاتووە کە حەبیب حەبیبەکەی عەزاب نادا؟ "
ئیبنی موجاهید نەیزانی چ بڵێ شبلی خۆی ئەو ئایەتەی خوێندەوە " و قالت الیهود و النصاری نحن ابناء الله و احباوه قل فلم یعذبکم بذنوبکم؟ " کە بە تەواوەتی مانای مەنزووری شیبلی دەگەیاند. ئیبنی موجاهید کوتی " دەڵێی ئەو ئایەم هەتاکوو ئێستا گوێ لێنەببوو. " (ل ١٥٨)

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -
**[سولەیمان] دەستی کرد بە بڕینەوەی پێ و ملی ئەسپەکان (سوورەی ص ئایەی ٣٣)**
**جوولەکەکان و فەلەکان کوتیان ئێمە کوڕان و دۆستانی خوداین بڵێ بەوان ئەی بۆ ئێوە عەزاب دەدا؟ (سوورەی مائدە ئایەی ١٨)**

.١٥٥

له شیبلی دەگێڕنەوە کە کوتی:

کەس دەناسم کە پێی دەو ڕێگایە نەنا هەتا هەرچی هەیبوو نەیدا بە ئینفاق و حەفتا کتێبدان کە بە خەتی خۆی نووسیبووی دە دیجلەی نەهاویشت کە لای فڵان و فڵان حەدیسی خوێندبوو و لەبەری کردبوو.

راوی دەڵێ: مەبەستی لە خۆی بووە. (ل ٢٢٨)

.١٥٦

حەسێن ئیبنی ئەحمەدی سەففار دەڵێ:

ڕۆژێک شیبلی دەواتی بە دەست منەوە بینی، کوتی " ئەو ڕەشاییە لە بەر چاوم دوور بخەوە کە ڕەشایی دڵم بۆ من بەسە. " (ل ٢٣٠)

.١٥٧

لە عەلی ئیبنی مەهدی دەگێڕنەوە کە:

لە بەغدا چوومە کۆڕی شیبلی و دەواتم پێبوو. شیبلی چاوی پێکەوت و ئەم شێعرەی خوێندەوە:

**اذا خاطبونی بعلم الورق　　برزت علیهم بعلم الخرق**

یانی: کاتێک دەگەڵ من بە عیلمی کتێب و وەرەق دوان، منیش عیلمی خەرقەی شڕ و دڵی پارە پارەم لێ ئاشکرا کردن. (ل ٢٣٠)

.١٥٨

شیبلی لە کەسێکی پرسی " ناوت چیە؟ "

کوتی " ئادەم! "

کوتی "وای لە تۆ! دەزانی ئادەم چی کرد؟ ئادەم خودای بە پاروویەک فرۆشت. "

شیبلی پاشان کوتی " پاکە ئەو خودایەی کە بە شێتایەتیی هەرچی بیڵێم مەعزوورم دەکا. " (ل ٢٣٦)

.١٥٩

لە کوڕی شیبلی دەگێڕنەوە کە:

شیبلی شەوێک پێیەکی لە سەر لێواری سەربان دانا و پێیەکەی دیکەی بەرەو حەوش ڕاگرت و کوتی " ئەی چاو ئەگەر ساتێک پێڵووت وێکبنێی خۆ دەخەمە خوارەوە! " بەمجۆرە هەتا بەیانی بە ئاگا بوو، بەیانی کوتی "دوێشەو زیکری خودام لە کەس نەبیست جگە لە کەڵەبابێکی دوو پووڵی!" (ل ٢٤٩)

.١٦٠

ئەبولعەباسی بەغدادیی کوتی:

ئێمە دەگەڵ ئەبولحەسەن کوڕی شیبلی دۆستایەتیمان هەبوو شەوێک بۆ میوانی بانگێشتنی کردین، کوتمان بە شەرتێک کە باوکت نەیەتە لامان. ئێمە چووینە ماڵە وی خەریک بووین نانمان دەخوارد کە شیبلی وە ژوور کەوت بە هەشت شەم دە مابەینی قامکەکانی هەر دوو دەستی دا، هات و لە نێوەڕاست جەمع دانیشت. ئێمە شەرممان لێدەکرد، کوتی " ئاغایان من بە شەم و لەگەنی شەم فەرز بکەن. " (ل ٢٤٩)

.١٦١

دەڵێن عەلی ناوێک کوڕی شیبلی مرد. ژنی شیبلی لە تازیەی پرچی بڕی، شیبلیش کە ڕدێنێکی چڕ و پڕی هەبوو هەمووی تاشی. هۆیەکەیان لێپرسی، کوتی " ئەو ژنە بۆ مەحبووبی مەفقوود پرچی بڕی چلۆن من بۆ حەبیبی مەوجوود ڕدێنم نەتاشم؟ " (ل ٢٥٠)

.١٦٢

لە سەرراج دەگێڕنەوە کە:

شیبلی ملکێکی فرۆشت و پووڵەکەی بە ئینفاق دا بە خەڵک و هیچی نەدا بە خاو و خێزانی خۆی. هەروەتر بیستی کە ئەو ئایەتە دەخوێنێتەوە: "اخسئوا فیها " کوتی: بریا منیش لەو کەسانە بام کە ئەو ئایە بەوان دەڵێ.

هەروەتر کوتویەتی " خودا بەندەی وای هەن کە ئەگەر تف بە جەهەننەم دا بکەن، دەکووژێتەوە. " ( ل ٢٥٠)

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**قال اخسوا فیها و لاتکلمون (خودا دەڵێ: دوور بنەوە و هیچ مەڵێن.) سوورەی مومنون ئایەی ١٠٨**

# اسرار التوحید

.١٦٣

شێخی ئێمە [ئەبوو سەعیدی ئەبولخەیر] کوتی:

شیبلی دەڵێ کە " دوو دۆست بوون کە ماوەیەک دەگەڵ یەک لە حەزەر و سەفەر هاودەم بوون. جارێک وەها بوو کە دەبا بە سەر دەریا دا بڕۆن، کاتێک کەشتی گەیشتە نێرینەی دەریا یەک لەوان چوو لێواری کەشتی و دە ئاو کەوت و نوقم بوو. دۆستەکەی دیکەش بە دوای دا خۆی دە ئاو هاویشت. لەنگەری کەشتیان خست و غەوواس چوونە نێو ئاو و ئەوانیان دەرکێشاوە بە سلامەت. دوای ماوەیەک کە حەسانەوە، یەکەم دۆست بە دۆستەکەی دیکەی کوت: دامنا کە من دە ئاو کەوتم، بەلام تۆ چی؟ کوتی: من دەگەڵ تۆ لە خۆم غایب بووم، وامزانی کە من تۆم. " (ل ٢٤٦)

.١٦٤

شێخی ئێمە [ئەبوو سەعیدی ئەبولخەیر] کوتی:

منداڵێک لە کۆڕی شیبلی وەستا، کوتی " یا ئەبابەکر! من لە خۆم بستێنە و من لە من غایب بکە، پاشان من بدەوە من هەتا من ئەو بم و ئەو من. "

شیبلی کوتی " تۆ ئەو قسەت لە کوێوە بۆ هات کە نابینا دەبی! "

غولام کوتی " من ئەوە چۆن دەست بخەم یا ئەبابەکر کە دەو دا نابینا بم."

جا لە لای شێخ ڕایکرد. ( ل ٢٤٧)

.١٦٥
شێخی ئێمە [ئەبوو سەعیدی ئەبولخەیر] کوتی:
دەروێشێک هاتە لای شیبلی و کوتی " یا شێخ! کەسێک کە دە خەو دابێ ڕێگاکەی بە ڕۆیشتن دەژمێردرێ؟ "
شیبلی کوتی " ئەگەر لە ژێر سیبەری ئیخلاس خەوتبێ خەوەکەی عەینی سەدری مەنزڵە. "
ئەوسا شێخی ئێمە [ئەبوو سەعیدی ئەبولخەیر] کوتی: قسەی شیبلی ئەوەیە کە ڕەسووڵ کوتی: نوم العالم عبادە (خەوی زانا عیبادەتە) ( ل ٢٦٠)

.١٦٦
شێخی ئێمە [ئەبوو سەعیدی ئەبولخەیر] کوتی: لە شێخ ابولحسن بن مثنی لە ئەستراباد بیستم کە دەیکوت:
ڕۆژی جومعە، لە جامیعی بەغدا لای شیبلی بووم، لەپڕ پرسیارکەرێک – کە جلی سۆفیانەی دە بەر دابوو – وەستا و کوتی " وەسڵ چیە؟ "
شیبلی ڕووی تێکرد و کوتی " ئەی ئەوکەسەی لە وەسڵ دەپرسی، دوو لایەن وەلابنێ و گەیشتووی. "
کوتی " ئەی ئەبووبەکر ئەو دوو لایەنە چیە؟ "
کوتی " لووتکەیەک لە بەرابەر تۆ وەستاوە کە حیجابی تۆ و خودایە. "
ئەو پرسیارکەرە کوتی " ئەی ئەبووبەکر من لە شەرحی قسەی خۆت لەمەڕ ئەو لووتکەیە ئاگادار بکە کە ئەو لووتکە چیە؟ "
شیبلی کوتی " دونیا و ئاخیرەت! وەهای کوتووە خوداوەندگاری ئێمە: هەندێک لە ئێوە دونیا دەخوازێ و هەندێک ئاخیرەت. کەوایە داخوازەری خودا کێیە؟ "
ئەوسا شیبلی کوتی " کاتێک کوتت: ئەڵڵا! ئەڵڵا ئەوە و کاتێک خامۆش بی ئەوە ئەڵڵا. ئەی ئەڵڵا ئەی ئەڵڵا ئەی کە ئەوە ئەو و جگە لەو کەس نەناسێ سوبحانە سوبحانە تاقانەی بێ هاوتا. "
ئەوسا شیبلی بێهۆش بوو و وەک مارانگەستە دەگەوزا، هەتا بردیانەوە ماڵ. ( ل ٢٦١)

# كشف المحجوب

١٦٧.

ابوبكر دلف بن جحدر الشبلی له گەورورەکان و ناودارانی مەشایخ بوو. ئەو له گەورەکانی قەومی ئەهل و ساداتی تەریقەت بوو. سەرەتا کوڕی حاجب الحجابی خەڵیفه بوو. له مەجلیسی خەیری نەسساج تۆبەی کرد و پەیوەندیی به جونەیدەوه گرت و گەلێک له مەشایخی بینیبوو.

١٦٨.

کاتێک شیبلی چوو لای جونەید کوتی " یا بابەکر تۆ فەخری ئەوەت ده سەر دایه که من کوڕی حاجب الاحجابی خەڵیفەم و ئەمیری سامره. تۆ هیچ کارێکت ناچێته پێش هەتا نەچیه بازاڕ و له هەرکەس که دەیبینی سواڵ نەکەی هەتا قیمەتی خۆت بزانی. "

وەهای کرد. هەر ڕۆژەی بازاڕی سستتر بوو هەتا سەری ساڵ گەیشته ڕادەیەک که له تەواوی بازاڕ گەڕا و هیچکەس هیچی نەدایه. به جونەیدی کوت. جونەید کوتی " یا بابەکر ئێستا قیمەتی خۆت زانی که لای خەڵک هیچ ناهێنی. دڵ بەوان مەسپێره و ئەوان به هیچ دامەنێ. " (ل ٤٦٩)

١٦٩.

شیبلی دەڵێ " الفقر بحر البلاء و بلاء کل عز. دەروێشیی دەریای بەڵایه و بەڵاکانی وی گشت عیزه. (ل ٣١)

١٧٠.

ئەبووبەکری شیبلی دەڵی " التصوف شرک لانه صیانه القلب عن رویه الغیر و لا غیر. تەسەووف شیرکه چونکه تەسەووف پاراستنی دڵه له دیتنی غەیر و خۆی غەیر نییه. " (ل ٤٣)

.١٧١
شیبلی دەڵێ " الصوفی لا یری فی الدارین مع الله غیر الله. سۆفی ئەوەیە کە دە دوو جەهان دا هیچ نەبینێ جگە لە خودا. (ل ٤٤)

١٧٢.لەو دەگێرنەوە کە:
ڕۆژێک وە بازاڕی بەغدا کەوت. قەومێک کوتیان " هذا مجنون! "
ئەو کوتی " من لای ئێوە شێتم و ئێوە لای من وشیار. شێتایەتی من لەبەر زۆریی مەحەببەتە و سیحەتی ئێوە لەبەر غایەتی غەفلەتە. کەوایە خودا شێتایەتی من زیاد بکا هەتا قوربم لە قورب زیادتر بێ و وشیاریی ئێوەش زیاد بکا هەتا بوعدتان لە بوعد پتر بێ. " (ل ١٩٦)

١٧٣.دەڵێن:
ڕۆژێک شیبلی تەهارەتی کرد بە تەمای ئەوە کە بچێتە مزگەوت. لە هاتفێکی بیست کە " زاهیرت شوشت، سەفای باتینت کوا؟ "
کوتی " گەڕامەوە و هەموو ملک و میراتم بەخشی و جگە لەو ئەندازە جلەی کە بۆ نوێژ کردن ڕەوا بێ، نەمپۆشی. ئەوسا چوومە لای جونەید و ئەو کوتی " یا ئەبابەکر! ئەوە گەلێک تەهارەتێکی بە سوود بوو کە کردت، خودا هەمیشە تاهیرت ڕابگرێ. "
کوتی " دوای ئەوە قەت بێ تەهارەت نەبووم. " (ل ٣٧٧)

.١٧٤
یەک لە عولەمای زاهیر بۆ تاقی کردنەوەی شێبلی لە سەر زەکات پرسی کە " چەند دەبێ بدەین؟ "
کوتی " چونکە بەرچاوتەنگیی هەیە و ماڵی کۆکراوە، لە هەر دووسەد درەم پێنج درەم دەبێ بدەن و لە بیست دینار نیو دینار بە مەزهەبی تۆ. بەڵام بە مەزهەبی من نابێ هیچ شتێک بکەیە ملک و ماڵ هەتا لە مەشغەڵەی زەکات ڕزگارییت بێ. " (ل ٤٠٦)

.١٧٥

شیبلی کوتی " خودایه! بەهەشت و دۆزەخ له شاراوگەی غەیبی خۆت بشارەوه و یادی وان له دڵی خەڵک بسڕەوه هەتا تۆ لەبەر ئەوه نەپەرستن." (ل ٤٢٩)

.١٧٦

له شێبلی دەگێڕنەوه که:

له مەجلیسی جونەید هەستا و به دەنگی بڵند کوتی " یا مرادی! " و ئیشارەی به هەق کرد.

جونەید کوتی " یا بابەکرا! ئەگەر مرادت هەقه ئەو ئیشارەت بۆچ کرد که ئەو نیازەی بەوه نییه و ئەگەر مرادت هەق نییه خەلاف بۆ دەڵێی که هەق به قەولی تۆ عەلیمه. "

شیبلی له قسەی خۆی ئیستغفاری کرد. (ل ٤٦٤)

.١٧٧

ڕۆژێک شیبلی له کەرخی بەغدا دەڕۆیشت، یەکێکی له مودەعیان بینی که دەیکوت " السکوت خیر من الکلام فقال سکوتک خیر من کلامک لان کلامک لغو و سکوتک هزل و کلامی خیر من سکوتی لان سکوتی حلم و کلامی حلم."

شیبلی کوتی " خامۆشیی تۆ باشتره له قسەی تۆ چونکه قسەی تۆ لەغو و باتڵه و خامۆشییت هەزل و گاڵته. [بەڵام] قسەی من باشتره له خامۆشیی من چونکه بێدەنگی من حیلمه و کەلامی من عیلمه. ئەگەر باسی عیلم نەکەم حیلمم هەیه و ئەگەر لێیبدوێم عیلمم هەیه. ئەگەر نەیلێم حەلیمم و ئەگەر بیلێم عەلیمم. " (ل ٤٦٥)

# حالات و سخنان ابوسعيد ابولخير

.١٧٨

ڕۆژێک شێخ شیبلی له بازاری بەغدا به بەر دوکانی قەسابێک دا تێپەڕی. چاوی له گوشت کرد. گۆشت قەڵەو و باش بوو.

قەسساب هەرای لێکرد " گۆشت بەرەوە! "

شێخ کوتی " پارەم نیه. "

قەسساب کوتی " مۆڵەتت دەدەم. "

شێخ تاوێک ڕاما و دەستی کرد به گریان، کوتی " ئەی نەفسی بەرماوخۆر! بێگانه مۆڵەت دەدا و تۆ نایدەی، تۆ بیدەی باشتره. "(ل ١٥٦)

# ئیبنی عەتا

**(٢٣٥ ی مانگیی ٨٤٩ زایینی / ٣٠٩ مانگیی ٩٢٢ زایینی)**

ئەو قوتبی عالەمی ڕووحانیی، ئەو مەعدەنی حیکمەتی ڕەببانیی، ئەو نیشتەجێی کەعبەی سوبحانیی، ئەو گەوهەری بەحری وەفا، ئیمامی مەشایخ **ئیبنی عەتا**، سوڵتانی ئەهلی تەحقیق بوو و بورهانی ئەهلی تەوحید... و لە مریدانی **جونەید** بوو.

دەگێڕنەوە کە:
تاقمێک چوونە سەومەعەکەی. تەواوی سەومەعەیان بینی کە تەڕ بووە، کوتیان " ئەوە چ حاڵەتێکە؟ "
کوتی " حاڵەتێکم تێدا پێکهات لە خەجاڵەتییان بە دەوری سەومەعە دا دەخولامەوە و ئاوم لە چاو دەڕژا. "
کوتیان " چ بووە؟ "
کوتی " بە منداڵی کۆتری کەسێکم گرت. وە بیرم هاتەوە. هەزار درەمی زێوم بۆ سەوابی خودا داوە هێشتا دڵم قەرار ناگرێ. دەگریم کە حاڵم دەبێ چۆن بێ؟ "

دەگێڕنەوە کە:
ئەو دە کوڕی هەبوو هەموو سیاحەبجەماڵ و دەگەڵ باوکیان دەچوونە سەفەرێک. لەپڕ دز کەوتنە سەریان و یەک یەکی کوڕەکانی ئەویان سەر بڕی و ئەو هیچی نەدەکوت. هەر کوڕێکیان کە دەکوشت ڕووی لە ئاسمان دەکرد و پێدەکەنی، هەتا ئەستۆی نۆ کوڕیان لێدا، کاتێک دەهەم کوڕیان بانگ کرد کە بیکووژن، ڕووی دە باوکی کرد و کوتی " تەح کە باوکێکی بێ شەفەقەتی، ئەستۆی نۆ کوڕیان لێدای و تۆ پێدەکەنی و هیچ ناڵێی. "
کوتی " گیانی باوک! ئەو کەسەی کە ئەمە دەکا، ناکرێ هیچی پێبڵێی؛ ئەو خۆی دەیبینێ و دەزانێ و دەتوانێ ئەگەر بیەوێ هەموویان ڕابگرێ. "
کاتێک دز ئەوەی گوێ لێبوو، حاڵەتێکی تێدا پێکهات، کوتی " ئەی پیر! ئەگەر ئەو قسەت دە پێشدا کوتبا، هیچ کوڕێکت نەدەکوژرا. "

دەگێڕنەوە کە:

ڕۆژێک بە **جونەیدی** کوت کە " دەوڵەمەند فازلترن لە فەقیر، چونکە لە قیامەت دەگەڵ دەوڵەمەندان حیساب دەکەن. و حیساب خوێندنەوە کەلامی بێواسیتەیە لەبری عیتاب، عیتابی دۆست فازلترە لە حیساب. "

**جونەید** کوتی " ئەگەر دەگەڵ دەوڵەمەندان حیساب بکەن لە دەروێشان داوای لێبوردن دەکەن و داوای لێبوردن فازلترە لە حیساب. "

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی کشف المحجوب دا وەها هاتووە:**

**ڕۆژێک جونەید و ئیبنی عەتا سەبارەت بەو مەسەلەیە قسەیان دەکرد. ئیبنی عەتا دەلیلی هێناوە لە سەر ئەوە کە دەوڵەمەند فازلترن چونکە لە قیامەت حیسابیان دەگەڵ دەکەن و حیساب خوێندنەوە کەلامی بێواسیتەیە لەبری عیتاب و دۆست لە دۆست توورە دەبێ. "**

**جونەید کوتی " ئەگەر دەگەڵ دەوڵەمەندان حیساب بکەن داوای لێبوردن لە دەروێشان دەکەن و داوای لێبوردن فازلترە لە توورەیی حیساب. " (ل ٢٧)**

**هەروەتر دە تفسیر کشف الاسرار دا وەها هاتووە:**

**جونەید دەروێشیی بە سەرتر لە دەوڵەمەندیی دانا و ئیبنی عەتا بە پێچەوانەی وی شەرەفی بە دەوڵەمەندیی دا لە ئاست دەروێشیی.**

**ڕۆژێک دە نێوان ئەو دوانە دا بەحس ساز بوو. جونەید دەلیلی هێناوە کە ڕەسووڵی خودا فەرموویەتی: فەقیرانی ئوممەتی من زووتر لە دەوڵەمەندان دەچنە بەهەشت و کەسێک کە زووتر بچێتە بەهەشت سەرترە لەوەی کە درەنگتر بچێ.**

**ئیبنی عەتا کوتی " چ باشتر، کە دەوڵەمەند ماوەیەک لە ژمار و ئینتزار دابێ! چونکە ئەوکەسی کە لە بەهەشتە لە لەززەتی نێعمەت دایە و ئەوەی کە لە ئیتزار و نۆرە دایە لە لەززەتی عیتابی هەق و دەگەڵ دۆست قسە کردن هەرچەند لە مەقامی عیتاب و خیتاب دابێ باشترە لەوەی کە لە مەقامی نێعمەت لە دۆستەوە، خەریکی غەیری دۆست بێ! چونکە لە بەڵای دۆست دابوون باشتر و خۆشترە لەوە کە لە نێعمەتی دۆست دابێ، بێ دۆست بوون."**

**جونەید کوتی " ئەگەر دەوڵەمەند لەززەتی عیتابی هەیە، دەرویش لەززەتی داوای لێبوردنی هەیە! خودا ڕۆژی قیامەت ڕوو دە دەروێشی خۆی دەکا، دەڵێ: من داوای لێبووردنت لێدەکەم و سوێند بە عیزەت و جەلالم، لەوە کە ڕووی دونیام لە تۆ نەکرد نە لەبەر سووکایەتیی بە تۆ بوو بەڵکە فەزیلەت و کەرامەتم کردە بەهرەی تۆ. ئێستا بڕوانە ئەو سەف و ڕیزەی خەڵک، هەرکەس لە دونیا چێشت یا جل یا جێگای داوە بە تۆ و مەبەستی خێر و یادی من بووە، دەستی بگرە و لە سەف دەرییبکێشە و من گوناهی وی بە تۆ دەبەخشم." (ب ٢ ل ٥٧)**

هەندێک لە موتەکەللیمان بە **ئیبنی عەتا**یان کوت " بۆچی ئێوە سۆفیەکان هەندێک لەفزتان ساز کردووە کە لە گوێی گوێگران غەریبە و زمانی باوتان وەلاناوە؟ ئەمە ... درۆی ڕازاوەیە و هەق درۆی ڕازاوەی بە کار نایە. "

**ئیبنی عەتا** کوتی " بۆیە وامانکردووە چونکە ئەو عەمەلەی ئێمە عیززەتێکی بۆ ئێمە هەیە و عەزیزە، نەمانەویست کە جگە لەم تایفەیە ئەمە بزانن و نەمانەویست لەفزی ئاسایی بە کار بێنین، لەفزی تایبەتمان پەیدا کرد. "

هەروەتر ئەو کەلیماتی عالی هەیە:

کوتی " باشترین عەمەل ئەوەیە کە کردوویانە و باشترین عیلم ئەوەیە کە کوتوویانە. "

هەروەتر:

کوتی " هەرکەس بە ئەدەبی سوننەت خۆی بڕازێنێتەوە، هەق ئەو بە نووری مەعرەفەت ڕازاوە و درەوشاوە دەکا. "

هەروەتر:

کوتی " سەرەتا لە مەیدانی عیلم لە مەرد دەگەڕێن پاشان لە مەیدانی حیکمەت دوایی لە مەیدانی تەوحید، ئەگەر لەو سێ مەیدانە نەبێ، هیوا لە دینی ئەو ببڕە. "

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی ترجمە رسالە قشیریە دا وەها هاتووە:**

**ئیبنی عەتا دەڵێ " سەبارەت بە هەرچی لێیانپرسی، لە مەیدانی عیلم لێیبگەڕێ و ئەگەر لەوێ نەتدیتەوە لە مەیدانی حیکمەت لێیبگەڕێ و ئەگەر نەتدیتەوە بە تەوحید هەڵیسەنگێنە و ئەگەر لەم سێ جێیە نەتدیتەوە بە ڕووی دێوی دادەوە. " (ل ٦٥)**

هەروەتر:

کوتی " هەر عیلمێک بەیانێکی هەیە و هەر بەیانێک زمانێک و هەر زمانێک عیبارەتێک و هەر عیبارەتێک تەریقەتێک و هەر تەریقەتەی جەمعێکی تایبەت. جا هەرکەس توانی ئەو ئەحواڵانە لێکبکاتەوە، ئەو بۆی هەیە کە قسە بکا. "

هەروەتر:

کوتی " ئەگەر کەسێک بیستساڵ بە شیوەی نیفاق هەنگاو هەڵێنێتەوە و دەو ماوەیە دا بۆ قازانجی برادەرێک یەک هەنگاو هەڵبگرێ فازلترە لەوەی کە شێست ساڵ عیبادەت بە ئیخلاسەوە بکا بۆ نەجات لە نەفسی خۆی. "

هەروەتر:

کوتی " باتین جێگەی نەزەری هەقە و زاهیر جێگەی نەزەری خەلک. جێگەی نەزەری هەق شیاوترە بۆ پاکیی هەتا جێگەی نەزەری خەڵک. "

هەروەتر:

کوتی " هەرچی بەندە لە ئاخیرەت بپارێزێ، دونیایە. بۆ هەندێک دونیا سەرایە و بۆ هەندێک تەجارەت و بۆ هەندێک عیزەت و غەڵەبە و بۆ هەندێک عیلم و شانازیی بە عیلم و بۆ هەندێک مەجلیس و بۆ هەندێک نەفس و شەهوەت. ڕادەی هیممەتی هەرکام لە خەڵک بەستە بەوەیە کە تێیدان. "

هەروەتر:

کوتی " هیممەت ئەوەیە کە دە دونیا دا نەبێ. "

هەروەتر:

کوتی " ژیانی موحیب بە دڵە، ژیانی موشتاق بە فرمێسک، ژیانی عارف بە زیکر، ژیانی مووەحید بە زمان، ژیانی سیاحەب تەعزیم بە نەفەس، ژیانی سیاحەب هیممەت بە بڕینی نەفەسە و ئەم ژیانە سووتان و نوقم بوونە."

– ئەگەر کەسێک بڵێ کە: ژیانی مووەحیدان بە زمان چلۆنە؟ دەڵێم: باتینی هەموو بۆتە تەوحید. یەک زەڕڕە خەبەری لە باتینی نیە، جگە لەوە کە زمانی دەجووڵێنێتەوە وەها کە ئەو گەورەپیاوە کوتی " سی ساڵە کە لە **بایەزید** دەگەڕێم. " ژیانی سیاحەب تەعزیم بە نەفەس وەهایە کە زمانی لە کار کەوتووە، ژیانی سیاحەب هیممەت و بڕانی نەفەس ئەوەیە کە ئەگەر دەو هەیبەتە دا نەفەس لێبدا، دەفەوتێ. کما قال " لی مع الله وقت کە نە من تێیدا دەگونجێم کە پێغەمبەری ناردراوم نە جبرەییل. –

هەروەتر:

کوتی " عیلم چوارە: عیلمی مەعرفەت و عیلمی عیبادەت و عیلمی عەبدایەتیی و عیلمی خزمەت. "

هەروەتر:

کوتی " هەقیقەت ناوی بەندەیە و هەر هەقەی هەقیقەتێکی هەیە و هەر هەقیقەتەی هەقێک و هەر هەقەی هەقێک. " – یانی هەر هەقیقەتێک کە تۆ دەیزانی ناوی بەندەیە و ئەو بێ نیشان و بێنەهایەتە و چونکە بێنەهایەتە هەر هەقەی هەقیقەتێکی هەیە.

هەروەتر:

کوتی " هەقیقەتی تەوحید فەرامۆشیی تەوحیدە. "

هەروەتر:

کوتی " ئەقڵ ئامرازی عەبدایەتییە نەک پێزانینی ڕەببایەتی. "

هەروەتر:

کوتی " ڕەزا، نەزەر کردنی دڵە بە ئیختیاری قەدیمی خودا لەوەی کە لە ئەزەلەوە ئیختیاری داوە بە بەندە ئەویش زاڵ بوونە بە سەر تووڕەیی دا. "

پرسیاریان کرد لە شەوق.

کوتی " سووتانی دڵە و لەت بوونی جگەر و بڵێسە دانی ئاگرە دەو دا. "

کوتیان " شەوق سەرترە یا مەحەببەت؟ "

کوتی " مەحەببەت. چونکە شەوق لەوەوە پەیدا دەبێ. "

هەروەتر:

کوتی " کاتێک ناوبانگی **وعصی آدم** سەری هەڵدا، هەموو شتەکان بۆ **ئادەم** گریان جگە لە زێڕ و زێو. هەق وەحی پێکردن کە " بۆچ بۆ **ئادەم** نەگریان؟"

کوتیان " ئێمە بۆ کەسێک کە لە تۆ عاسی بێ ناگرین. "

هەق فەرمووی " بە عیزەت و جەلالی من کە قیمەتی هەموو شت بە ئێوە ئاشکرا دەکەم و منداڵانی ئادەم دەکەمە خزمەتکاری ئێوە. "

دەگێڕنەوە کە:

یەکێک پییکوت " دەمەوێ دوورەپەرێزیی بکەم. "

کوتی " تێکەڵ بە کێ دەبی کە لە خەڵک خۆ هەڵبڕی؟ "

کوتی " ئەدی چ بکەم؟ "

کوتی " بە زاهیر دەگەڵ خەڵک بە و بە باتین دەگەڵ هەق. "

دەگێڕنەوە کە:

بە ئەسحابی خۆی کوت کە " بە چی بڵند دەبێ دەرەجەی پیاو؟ "

هەندێک کوتیان " بە ڕۆژوو. "

هەندێک کوتیان " بە درێژە دان بە ڕۆژوو. "

هەندێک کوتیان " بە موجاهیدە و موحاسیبە و بەخشینی ماڵ "

**ئیبنی عەتا** کوتی " بڵندیی دەست نەکەوت ئەوەی کە دەستی کەوت بە خوڵقی خۆش. "

دەگێڕنەوە کە:
جارێک لای ئەسحاب پێی درێژ کرد و کوتی " تەرکی ئەدەب لای ئەهلی ئەدەب، ئەدەبە. "

دەگێڕنەوە کە:
ئەویان بە زەندەقە مەنسووب کرد. **عەلی ئیبنی عیسا** کە وەزیری خەڵیفە بوو، ئەوی بانگ کرد و قسەی خراپی پێکوت و **ئیبنی عەتا** بە توندیی دەگەڵی دوا. وەزیر تووڕە بوو. فەرمووی پێڵاوی لە پێ داکەنن و ئەوەندەیان لە سەر کوتا هەتا مرد و دەو نێوانە دا کوتی: قطع الله یدیک و رجلیک – خودا دەست و پێت بە بڕین بدا. – "
پاشان خەڵیفە ڕقی لێهەڵگرت. فەرمووی دەست و پیی ببڕن.

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی شرح شطحیات دا هاتووە:**
**ئەبولعەباسی عەتایان بۆ خاتری حوسێنی مەنسوور پێڵاویان لە سەر کوتا و بەو کوشتیان. (ل ٣٢)... ئەو بە عیسای وەزیری کوت " بێدەنگ بە پیاو! چ دەڵێی سەبارەت بە حوسێنی مەنسووری حەللاج کە ئەو عالیمی ڕەببانییە. " پاش کوتنی ئەمە کوشتیان. (ل ٣٩)**
**دە کتێبی ترجمە رسالەی قشیریەش دا هاتووە:**
**دەڵێن هۆی مەرگی ئیبنی عەتا ئەوە بوو کە ئەویان بردە لای وەزیری بەغدا. وەزیر بە توندیی دەگەڵی دوا. ئیبنی عەتا بە وەزیری کوت " ئەوەی بە من دەڵێی ئەی پیاو! " فەرمووی هەتا پێڵاوی لە پێ داکەنن و ئەوەندەیان لە سەری کوتا هەتا مرد. (ل ٥٣٠)**
**دە کتێبی نفحات الانس دا هاتووە:**
**ئیبنی عەتایان لەبەر حەللاج کوشت لە ذوالقعدەساڵی ٣٠٩ لە سەردەمی خەلافەتی القاهر بالله. ئەو وەزیرەی کە حەللاجی کوشت، لە ئەبولعەباسی پرسی " دەڵێی چی سەبارەت بە حەللاج؟ " کوتی " تۆ خۆت هێندەت هەیە کە پێڕاناگەی، پارەی خەڵک بدەوە." وەزیر کوتی " هەڕەشەم لێدەکەی؟ " فەرمووی هەتا ددانەکانیان یەک یەک هەڵکەند و لە سەریان کوتا هەتا کوژرا. (ل ١٤٢)**
**هەروەتر عەتتار سەبارەت بەو قسەی ئیبنی عەتا کە بە خەڵیفە دەڵێ " دەست و پیت بە بڕین بچێ! " دەنووسێ: هەندێک لە مەشایخ لەم بارەوە مەنعی ئیبنی عەتا دەکەن، یانی وەختایەک کە دەکرێ دوعای چاک بۆ کەسێک بکەی، بۆ دوعای خراپ دەکەی؟ دەبا دوعای چاکی کردبا.**

# ترجمه رساله قشیریه

ابو العباس احمد بن محمد سهل بن عطا الادمی له گەوران و پیرانی ئەهلی تەسەووف بوو. خەرراز ئەوی بە گەورە داناوە و لە نزیکانی جونەید بووە.

ئیبنی عەتا دەڵێ " کاتێک خودا حرووفی خوڵقاند ئەوی شاردەوە. کاتێک ئادەمی خوڵقاند ئەو سیڕڕەی دەو نا و هیچکەس لە فریشتەکان لەو سیڕڕە خەبەریان نەبوو و ئەو سیڕڕە بە سەر زمانی ئادەم دا هات. لە هەر چەشنە وشەی جۆراوجۆری وی سوورەتەکانی خوڵقاند و ئاشکرا بوون." (ل ٢١)

ئیبنی عەتا دەڵێ " تەوازوع قەبووڵی هەقە لە هەرکەس کە بێ. " (ل ٢٢٠)

سەبارەت بە مەحەببەت لە ئیبنی عەتایان پرسی و کوتی " ڕیشەی درەخت و نەمامە کە دە دڵ دا دەینێژن و بە ئەندازەی ئەقڵەکان بەر دەدا." (ل ٥٦١)

# حەللاج

**(٢٤٤ ی مانگیی ٨٥٨ زایینی / ٣٠٩ مانگیی ٩٢٢ زایینی)**

**حوسێن ئیبنی مەنسووری حەللاج،** کاری ئەو کارێکی عەجیب بوو و واقعەی غەریب کە تایبەتی وی بوو، کە هەم لە غایەتی سۆز و ئیشتیاق دابوو و هەم لە گڕی ئاگری فیراق، مەست و بێقەرار و شەیدای ڕۆژگار بوو و ئاشق و سادق و گیانباز، جیدد و جەهدێکی عەزیمی هەبوو و ڕیازەت و کەرامەتی عەجیب. هەروەتر عالی هیممەت و عەزیم قەدر بوو. ئەو بە لەفزی گران لە هەقایق و ئەسرار و مەعارف و مەعانیی، تەسنیفی زۆرن، قسە و ڕاوێژ و بەیانێکی خۆش و ڕەوان، دەم و نەزەر و فەراستەیێکی هەبوو کە کەس نەیبوو. زۆربەی مەشایخ لە کاری ئەو ترسان و کوتیان " ئەو دە تەسەووف دا قەدەمێکی نیە. " مەگەر **ئەبوو عەبدوولڵای خەفیف** و **شیبلی و ئەبولقاسمی قوشەیریی** و تەواوی هاوچەرخان کە ئەویان قەبووڵ کرد. هەروەتر **ئەبووسەعید بنی ئەبولخەیر** و شیخ **ئەبولقاسمی کۆرەکانیی** و شێخ **ئەبووعەلی فارمەدیی** و ئیمام **یۆسفی هەمەدانیی** سەبارەت بەو بۆبچوونیان هەبووە و هەندێک لە کارەکەی تێماون. وەها کە ئوستاد **ئەبولقاسمی قوشەیریی** دە هەق ئەو دا کوتی "ئەگەر مەقبووڵ بێ بە ڕەددی خەڵک مەردوود نابێ و ئەگەر مەردوود بێ بە قەبووڵی خەڵک، مەقبوول نابێ."

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی کشف المحجوب دا وەها هاتووە:**

**ابوالمغیث الحسین بن منصور حلاج، لە مەستان و موشتاقانی ئەو تەریقەتە بوو و حاڵێکی قەوی و هیممەتێکی عالی هەبوو. مەشایخ سەبارەت بە شەئنی ئەو جیاوازن. لای جەماعەتێک مەردوودە و لای جەماعەتێک مەقبوول. وەک عەمرۆ بنی عەسمان و ئەبوو یاقووبی نەهرجووریی و ئەبوو یاقووبی ئەقتەع و عەلی بنی سەهلی ئیسباهانیی و جگە لەوانە جەماعەتێک ڕەددیان کردۆتەوە و هەروەتر ئیبنی عەتا و مەحەممەد بنی خەفیف و ئەبولقاسمی نەسرابادیی و تەواوی هاوچەرخان قەبووڵیان کردووە و جەماعەتیک تێیدا ماونەوە وەک جونەید و شیبلی و جورەیریی و حوسەیریی و جەماعەتێک بە سیحریان تاوانبار کردووە. بەڵام لە سەردەمی ئێمە شێخ ئەبووسەعید و شێخ ئەبولقاسمی کۆرەکانیی و شێخ ابوالعباس شقانیی دە حەدیسی دا سیرڕێکیان هەبووە و لای ئەوان گەورەیە. بەڵام ئوستاد ئەبولقاسمی قوشەیریی دەڵی کە " ئەگەر ئەو یەک لە ئەربابانی مەعانی و هەقیقەت بووبێ بە دەرکردنی ئەوان دەرناکردرێ و ئەگەر مەردووی هەق بووبێ و مەقبوولی خەڵک بووبێ، بە قەبووڵی خەڵک مەقبووڵی هەق نابێ. (ل ١٨٩)**

شێخ **ئەبوو عەبدوڵڵا ئیبنی خەفیف** کوتوویەتی کە " **حوسێن ئیبنی مەنسوور** عالەمی ڕەببانییە "

هەروەتر **شیبلی** کوتوویەتی کە " من و **حەللاج** لە یەک سەرچاوەین. بەڵام منیان بە شیت دانا خڵاسییم هات و **حوسێن** ئەقڵەکەی بە کوشتی دا. "

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی نفحات الانس دا هاتووە:**

**شیبلی کوتی " من هەر ئەوە دەڵێم کە ئەو دەیکوت بەڵام شیتایەتی منی ڕزگار کرد و ئەقڵ ئەوی بە کوشت دا. " ( ل ١٥١)**

سەرەتا چوو **تۆستەر** خزمەت **سەهل ئیبنی عەبدوڵڵا** و دوو ساڵ دە خزمەتی دابوو. پاشان تەمای **بەغدای** گرت و یەکەم سەفەری وی لە هەژدە ساڵەیی بوو. پاشان چوو **بەسرە** دەگەڵ **عەمرۆ بنی عوسمانی مەککی** بوو و هەژدە مانگان هاوسوحبەتی بوو... پاشان **عەمرۆبنی عوسمان** لێیڕەنجا. لەوێوە هاتە **بەغدا** بۆ لای **جونەید**. **جونەید** بێدەنگیی و خەلوەتی پێ فەرموو، ماوەیەک سەبری گرت. تەمای **حیجازی** گرت. یەک ساڵ لەوێ ماوە. دیسان گەڕاوە **بەغدا**. دەگەڵ دەستەیەک سۆفی هاتە لای **جونەید** و مەسەلەی لێپرسی. **جونەید** جوابی نەداوە و کوتی " هێشتا زوویە کە سەری کوتەدار سوور بکەی. "

**حوسێن** کوتی " ئەو ڕۆژە کە من سەری کوتەدار سوور بکەم تۆ جلی ئەهلی سوورەت دەبەر دەکەی "

وەها کە دەگێڕنەوە:

ئەو ڕۆژەی کە ئەئیمە فتوایان دا کە دەبێ بیکووژن، خەڵیفە فەرمووبووی "خەتتی **جونەید** پێویستە. " وەها کە دەستار و عەبای بە شان دادا و چوو مەدرەسە و جوابی فتوای نووسی کە " نحن نحکم بالظاهر " – یانی بە زاهیری حاڵ شیاوی کوشتنە و فتوا لە سەر زاهیرە بەڵام باتینی خودا دەزانێ.

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی نفحات الانس دا هاتووە:**

**کاتێک دەرگای ماڵی جونەیدی کوتا، کوتی " کێیە؟ "**

**کوتی " هەق! "**

**جونەید کوتی " نە هەقی بەڵام بە هەقی! ئەی خبشة تفسدها " - یانی کام دار و سێدارەیە کە بە تۆی چەور دەکەن. (ل ١٥١)**
**هەروەتر دە کتێبی تلبیس ابلیس دا نووسراوە:**
**عولەمای سەردەمی حەللاج فتوایان لە سەر خوێنی حەللاج نووسی و یەکەم کەس ئەبوو عەمرۆی قازیی بوو و عولەما هاوڕاییان دەگەڵ کرد. تەنیا ئەبولعەباسی سەریج بوو کە کوتی " من نازانم ئەو دەڵێ چی؟ " (ل ١٤٢)**

کاتێک **حوسێن** جوابی مەسەلەکانی لە **جونەید** نەبیست، گۆڕا و بێ ئیزنی وی چوو **تۆستەر** و یەک ساڵ لەوێ بوو. قەبووڵیییەکی عەزیمی بۆ پێکهات و ئەو قسەی ئەهلی زەمانەی بە پووشێک دانەدەنا هەتا ئێرەییان پێبرد و **عەمرۆبنی عوسمانی مەککی** چەند نامەی لە سەر نووسی بۆ **خوزستان** و ئەوی لە بەر چاوی ئەو قەومە خست. [حەللاج] جلی سۆفیایەتی داکەند و قەبای پۆشی... و پێنج ساڵان ون بوو. دەو ماوەیە دا هەندێک لە **خوراسان** و **ماوەراینەهر** بوو و ماوەیەک لە **سیستان**، دیسان هاتەوە **ئەهواز** و قسەی بۆ ئەهلی **ئەهواز** کرد و لای خاس و عام قەبووڵیی دەست کەوت و لە ئەسرار بۆ خەڵک دەدوا هەتا پێیانکوت: حلاج الاسرار.
جا مەرقەعی پۆشی و تەمای حەرەمی گرت و دەو سەفەرە دا کۆمەڵێک خەرقەپۆشی دەگەڵ بوون. کاتێک گەیشتە **مەککە**، **یاقووبی نەهرجووریی** بە سێحر تاوانباری کرد... لەوێوە چوو **بەسرە**، پاشان بۆ **ئەهواز**، پاشان **هیندووستان**، پاشان **ماوەراینەهر**، پاشان بۆ **چین** و **ماچین**... کاتێک گەڕاوە، حاڵی گۆڕا... کە خەڵکی بۆ مانا، بانگێشتن دەکرد کەس لەو تێنەدەگەیشت. وەها کە دەگێڕنەوە: لە پەنجا شار دەریان کرد و ڕۆژگارێکی بە سەر دا تێپەڕی کە لەوە سەیرتر نەبووە.

دەگێڕنەوە کە:
ڕۆژێک **[ئەبوو عەبدوڵڵای توروغبەدیی]** دەگەڵ ئەسحابی خۆی لە سەر سفرەیەک دانیشتبوون بۆ نان خواردن. **حوسێن ئیبنی مەنسوور** لە **کەشمیرەوە** دەهاتەوە. قەبایەکی ڕەشی دە بەر کردبوو و [قەڵادەی] دوو سەگی ڕەشی بە دەستەوە بوو.
شێخ بە ئەسحابی کوت " لاوێک بەو سفەتەوە، دێ. بەرەو پیری بچن کە کاری وی عەزیمە. "

ئەسحاب چوون و ئەویان بینی کە دێ. دوو سەگ بە دەستەوە، هەروا ڕووی لە شێخ کرد. کاتێک شیخ ئەوی بینی لە جێگەی خۆی دانا. وە ژوور کەوت و سەگەکانی دەگەڵ خۆی لە سەر سفرە دانیشاند. کاتێک ئەسحاب بینیان کە شیخ پێشوازیی لێکرد و جێگای خۆی دا بەو، نەیانتوانی هیچ بڵێن. شێخ چاوی لەو دەکرد. ئەوەی خۆی دەیخوارد دەیدا بە سەگەکانیش و ئەسحاب ئینکاریان دەکرد. کاتێک نانەکەی خوارد، ڕۆیشت. شێخ بۆ بەڕێ کردنی هەستا. جا کاتێک گەڕاوە، ئەسحاب کوتیان" یا شێخ! ئەوە چ حاڵەتێک بوو کە سەگت لە جێگەی خۆت دانا و ئیمەت بەرەو پیری وەها کەسێک نارد کە تەواوی سفرەی لە نوێژ برد؟ "

شێخ کوتی " ئادی! سەگەی ئەو، نەفسی ئەوە، بەندەی ئەوە و بە شوێنی دا ڕادەکا و لە دەرێ ماوەتەوە، بەڵام سەگی ئێمە دە دروون دا ماوەتەوە و ئێمە بە شوێنی دا ڕادەکەین. کەوایە فەرقە لە نێوان کەسێک کە پەیڕەوی سەگە و کەسێک کە سەگ پەیڕەوی وییە. سەگی ئەو بە زاهیر دەبینرێ و هی ئێوە شاراوەیە. ئەمە خرابتر لەوە هەزار جار. "

پاشان کوتی " هەر ئێستا، لە جەهان پادشا ئەوە، ئەگەر سەگی پێبێ یا پێنەبێ، کار ڕووی دەو کردووە. "

دەگێڕنەوە کە:

**حوسێن ئیبنی مەنسووری حەللاج** – یان بینی کە شتێک دەنووسێ.

کوتیان " چ دەنووسی؟ "

کوتی " شتێک دەنووسم کە بەربەرەکانی دەگەڵ **قورئان** بکەم. "

جا **عەمرۆ** دوعای خراپی بۆ کرد و لە لای خۆی دەر کرد.

پیران کوتیان " هەرچی بەڵا بە سەر **حوسێن** هات هەمووی لەبەر دوعای وی بوو. "

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی تلبیس ابلیس دا وەها هاتووە:**

**عەمرۆ مەککی کوتوویەتی دەگەڵ مەنسوور بە کۆڵانێکی مەککە دا دەڕۆیشتین و من قورئانم دەخوێندەوە، دەنگی بیستم و کوتی: منیش دەتوانم وەک ئەوە بڵێم! "**

**عەمرۆ کوتی " لەو جیا بوومەوە. "**

**دەگێڕنەوە کە:**

هەر ئەو عەمرۆیە حەللاجی بە لەعنەت دەکرد و دەیکوت " ئەگەر توانییام بۆ خۆم دەمکوشت. "
پرسیان " بۆچی؟ "
ولامی داوە " ئایەتێکی قورئانم دەخوێندەوە ئەو کوتی: منیش دەتوانم وەک ئەوە بڵێم! "
هەروەتر لە ئەبووبەکر بنی مەمشاد دەگێڕنەوە کە:
کەسێک لە دینەوەر هاتە لای ئێمە و خورجینێکی پێبوو کە شەو و ڕۆژ لە خۆی جیا نەدەکردەوە. ئەو خورجینەیان پشکنی و نامەیەکی حەللاجیان تێدا دیتەوە کە عینوانەکەی وەها بوو "من الرحمن الرحیم لە فلانەوە بۆ فلان... " نامەیان ناردە بەغدا و لەویٚ حەللاجیان بانگ کرد و نامەیان نیشان دا، کوتی " ئادی ئەوە خەتی منە و من نووسیومە!"
کوتیان " هەتا ئێستا داوای پەیام هێنەرییت دەکرد و نووکە داوای خودایەتی دەکەی؟ "
کوتی " ئەمە داوای خودایەتی نییە و ئەمە دە ئیستلاحی ئێمە دا عین الجمع - ی پێدەڵێن. مەگەر نە ئەوەکە نووسەری ئەسلی خودایە و دەستی ئێمە جگە لە ئامرازێک پتر نییە؟ "
پرسیان " ئایا کەسێکیش دەو داوایە دەگەڵ تۆ شەریکە؟ "
کوتی " ئادی ئیبنی عەتا، ئەبوو مەحەممەدی جورەیریی و شیبلی. بەلام ئەو دوانە تەقییەی دەکەن و ئەگەر کەسێک بە ئاشکرا دەگەلم هاوڕا بیٚ ئیبنی عەتایە. "
پاشان جورەیریی-یان بانگ کرد و لە سەر ئیدعای حەللاجیان پرسیار لێکرد، کوتی "هەرکەس وا بڵیٚ کافرە و شیاوی کوشتن. " و لە شیبلییان پرسی، کوتی " هەرکەس ئەو قسەی بکا دەبیٚ بەری بگرن " و لە ئیبنی عەتایان پرسی، ئەو ئەقیدەیەی تەئید کرد و هەر ئەوە بوو بە هۆی مەرگی. (ل ١٤٢)
هەروەتر دە کتێبی نفحات الانس دا هاتووە:
ئەوەی بە سەری هات لەبەر دوعای ئوستادەکەی بوو عەمرۆ بنی عوسمانی مەککی کە کتێبێکی نووسیبوو سەبارەت بە تەوحید و عیلمی سۆفیان و ئەو بە دزیی هەڵیگرت و ئاشکرای کرد و بە خەڵکی نواند. قسەکە ناسک بوو و تێینەگەیشتن و ئینکاریان کرد و دەریان کرد. ئەو حەللاجی نفرین کرد و کوتی " خودایە! کەسێکی لە سەر دابنیٚ کە دەست و پێی ببڕیٚ و چاوی هەڵبکەنیٚ و لە داری بدا. " و هەموو ئەوانە ڕوویان دا بە دوعای ئوستاد. (ل ١٥١)

هەروەتر:

بۆیە بەو دەڵێن **حەللاج** چونکە جارێک بە پەنا ئەنبارێکی لۆکە دا تێدەپەڕی. ئیشارەیەکی کرد دەستبەجیٚ لۆکە لە دان هاتنە دەریٚ و خەڵک حەیران بوون.

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

دە کتێبی نفحات الانس دا هاتووە:
ئەو حەللاج نەبووە، ڕۆژێک لە دوکانی حەللاجێک بوو کە دۆستی بوو. ئەوی بە شوێن کارێک دا نارد. کوتی " من ڕۆژگاریم بردووە. " بە ئەنگوست ئیشارەی کرد پەمۆ کەوتە لایەک و پەمۆدانە کەوتە لایەک، ناوی حەللاجیان لینا. (ل ١٥٠)

دەگێڕنەوە کە:

لە پەنجا ساڵەیی کوتی کە " هەتا ئێستا هیچ مەزهەبێکم هەڵنەبژاردووە بەڵام دە هەر مەزهەبێک دا ئەوەی کە دژوارترە بۆ نەفس، هەڵمبژاردووە. "

دەگێڕنەوە کە:

دووپشکێکیان بینی لە دەوری دەگەڕێ. ویستیان بیکووژن، کوتی " دەستی لێهەڵگرن کە دوازدە ساڵە نەدیمی ئێمەیە و لە دەور ئێمە دەگەڕێ. "

دەگێڕنەوە کە:

ڕۆژێک لە بادیە بە ئیبراهیمی خەوواسی کوت " خەریکی چی؟ "

کوتی " لە مەقامی تەوەککول هەنگاوم ڕاست دەکەمەوە. "

کوتی " هەموو عومر خەریکی عیمارەتی زگ بووی، کەی دە تەوحید دا فانی دەبی؟"

- یانی: ئەسڵی تەوەککول لە نەخواردن دایە و تۆ هەموو عومرت دە تەوەککولی زگ دادەبی، کەوایە کەی بە فەنا بوون دە تەوحید ڕادەگەی؟ -

-------------------------

**دە کتێبی ترجمە رسالە قشیریە دا وەها هاتووە:**

**حوسێنی مەنسوور بە ئیبراهیمی خەوواسی کوت " چت دەکرد لەو سەفەر و بیابانەی کە دەتبڕی؟ "**

**کوتی " دە تەوەککول دا بووم و خۆم بەو ڕاست دەکردەوە. "**

**کوتی " عومرت لە سەر ئاوەدان کردنەوەی دەروون داناوە، کەی دەگەی بە فەنا بوون دە تەوحید دا؟ " (ل ٢٤٩)**

پرسیان کە " عارف وەختی هەیە؟ "

کوتی " نا! چونکە وەخت سفەتی سیاحەب وەختە و هەرکەس دەگەڵ سفەتی خۆی قەرار بگرێ، عارف نییە. "

- ماناکەی ئەوەیە کە: لی مع الله وقت -

پرسیان کە " ڕێگای بەرەو خودا چلۆنە؟ "

کوتی " دوو هەنگاوە و دەگەیەی: یەک هەنگاو لە دونیا هەڵبگرە و یەک هەنگاو لە عوقبا، هەرئێستا گەیشتووی بە مەولا. "

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی تفسیر کشف الاسرار دا هاتووە:**

**بووبەکری شیبلی کوتی:**

**لە مەنسووری حەللاج -م پرسی " ئەو ڕێگایەی کە تۆ پێیدادەڕۆی من دەبێ چ بکەم هەتا بگەمەوە سەر تۆ؟ "**

**حوسێن کوتی " دوو هەنگاوە ئەو دوو هەنگاوە هەڵبگرە هەتا بگەیەوە سەر ئێمە. یەکەم هەنگاو: دونیا لای ئاشقانی خۆی ژنە و دەگەڵ مەعشووقەی وان کێشەی مەکە. هەنگاوی دووهەم: ئاخیرەت بە داواکارانی تەسلیم بکە و باس و قسەی خۆت لەوان دوور بخەوە! و بەندەی دەرگای عیزەت بە، بەبێ بە دەستەوە بوونی دونیا و ئاخیرەت! " (ب ٢ ل ٢٣٧)**

پرسیان لە سەر فەقر.

کوتی " فەقر ئەوەیە کە بێنیازە لە غەیری ئەڵڵا و نازرە بە ئەڵڵا. "

هەروەتر:

کوتی " مەعرەفەت بریتییە لە بینینی ئەشیا و فەوتانی هەموان دە مانا دا."

هەروەتر:

کوتی " خولقی عەزیم ئەوەیە کە جەفای خەڵک شوێنت نەخاتە سەر. جا ئەودەم خودات ناسیوە. "

هەروەتر:

کوتی " تەوەککول ئەوەیە کە هەتا بزانێ دە شار دا کەسێک هەیە واجبتر لە خۆی بۆ خواردن، نەخوا. "

هەروەتر:

کوتی " زمانی گۆیا فەوتێنەری دڵی خامۆشە. "

هەروەتر:

کوتی " وەختی پیاو سەدەفی دەریای سینەی پیاوە، سبەی ئەو سەدەفانە لە سەر خاکی قیامەت بە زەوی دادەدەن. "

هەروەتر:

کوتی " دونیا وەلانان زوهدی نەفسە و ئاخرەت وەلانان زوهدی دڵ و تەرکی خۆ کردن زوهدی گیان. "

دەگێرنەوە کە:

ڕۆژێک بە شیبلی کوت " یا بابەکر! دەست هەڵبگرە کە ئێمە بە تەمای کارێکی عەزیمین ... وەها کارێک کە خۆ بە کوشت دانمان لە پێشە. "

کاتێک خەڵک لە کارەکەی سەریان سوڕما، مونکیری زۆر و بێژمار پەیدا بوون و کاری عەجاییبیان لەو بینی و قسەی ئەویان بە خەڵیفە گەیاند و هەموو لە سەر کوشتنی هاوڕا بوون، چونکە دەیکوت " اناالحق "

کوتیان " بڵێ: هو الحق! "

کوتی " بەڵێ! هەموو هەر ئەوە. ئێوە دەڵێن کە: ون بووە. بەڵێ حوسێن ون بووە، [بەڵام] بەحری موحیت ون نابێ و کەم نابی. "

بە جونەیدیان کوت " ئەو قسەی حوسێنی مەنسوور لێکدانەوەیەکی هەیە؟"

کوتی " بڵا بیکووژن کە ڕۆژی لێکدانەوە نییە. "

جا جەماعەتێک لە ئەهلی عیلم لێی وە خۆکەوتن و قسە ئەویان لای موعتەسەم بە خراپ گێڕاوە و دڵی عەلی ئیبنی عیسایان لەو گۆڕی کە وەزیر بوو. خەڵیفە فەرمووی هەتا ئەویان بردە زیندان یەک ساڵ. بەڵام خەڵک دەچوون و مەسەلەیان لێدەپرسی. لە پاشان خەڵکیشیان مەنع کردن. ماوەی پێنج مانگان کەس نەچوو مەگەر جارێک ئیبنی

عەتا و جارێک ئەبوو عەبدوڵڵای خەفیف و جارێکی دیکەش ئیبنی عەتا کەسێکی نارد کە "ئەی شێخ! لەوەی کە کوتووتە داوای لێبوردن بکە هەتا خڵاسییت بێ! "

حەللاج کوتی " کەسێک کە کوتی بڵا داوای لێبوردن بکا. "

ئیبنی عەتا کاتێک ئەوەی بیست گریا و کوتی " ئێمە خۆمان یەک حوسێنی مەنسوورین. "

دەگێڕنەوە کە:

شەوی ئەووەڵ کە دە حەبسیان کرد، هاتن و ئەویان دە زیندان دا نەبینی و تەواوی زیندان گەڕان و کەسیان نەبینی. شەوی دووهەم نە ئەویان بینی و نە زیندان. شەوی سێهەم ئەویان دە زیندان دا بینی. کوتیان " شەوی ئەووەڵ لە کوێ بووی؟ و شەوی دووهەم تۆ و زیندان لە کوێ بوون؟ "

کوتی "شەوی ئەووەڵ من لای حەزرەت بووم بۆیە لێرە نەبووم و شەوی دووهەم حەزرەت لێرە بوو، بۆیە من و زیندان هەردوو غایب بووین و شەوی سێهەم منیان ناردەوە بۆ پاراستنی شەریعەت. وەرن و کاری خۆتان بەرنە سەر. "

دەگێڕنەوە کە:

سێسەد کەس دە زیندان دابوون. کاتێک شەو بە سەر داهات، کوتی " ئەی زیندانیان! ڕزگارتان بکەم؟"

کوتیان " بۆ خۆت ناکەی؟"

کوتی " من دە بەندی خودا دام و ئەگەر بمەوێ بە ئیشارەیەک هەموو بەندەکان دەکەمەوە. "

جا بە ئەنگوست ئیشارەی کرد. هەموو بەندەکان داکەوتن.

ئەوان کوتیان " ئێستا بۆ کوێ بچین؟ کە دەرگای زیندان داخراوە. "

ئیشارەیەکی کرد. [دیوار] درزی تێکەوت.

کوتی " ئێستا سەری خۆتان هەڵبگرن و بڕۆن. "

کوتیان " تۆ نایەی؟ "

کوتی " ئێمە سیرڕێکمان دەگەڵ ئەو هەیە کە جگە لە سەری دار ناکرێ دەریبڕم."

ڕۆژی دوایی کوتیان " زیندانیەکان چوونە کوێ؟ "
کوتی " ئازادم کردن. "
کوتیان " تۆ بۆ نەڕۆیشتی؟ "
کوتی "هەق عیتابێکی دەگەڵ من هەیە، نەڕۆیشتم."
ئەو خەبەرەیان دا بە خەلیفە.
کوتی "فیتنەیەک ساز دەکا، ئەو بکووژن یا دارکاریی بکەن هەتا لەو قسەی پاشگەز بێتەوە.
سێسەد داریان لێدا. بە ئاشکرا دەنگ دەهات کە: لا تخف یا بن منصور!
جا حوسێنیان برد هەتا بیکووژن.
سەدهەزار کەس کۆ ببوونەوە و ئەو چاوی بە سەریان دا دەگێڕا و دەیکوت " هەق، هەق، ئەنەلهەق! "
دەروێشێک دەو بەینە دا لێیپرسی کە " ئەشق چیە؟ "
کوتی " ئەورۆ دەیبینی و بەیانی و دووبەیانی. "
ئەو ڕۆژە کوشتیان و ڕۆژی دوایی سووتاندیان و سێهەم ڕۆژ بە بایان داکرد - یانی ئەشق ئەمەیە. -
دەو حاڵە دا خادم وەسیەتێکی لێخواست، کوتی " نەفس بە شتێکی کە شیاوی کردن بێ، خەریک بکە دەنا ئەو تۆ بە شتێکەوە خەریک دەکا کە نەکرابێ. "
کوڕەکەی کوتی " وەسیەتێکم بکە! "
کوتی " وەختایەک جەهانییان بۆ کردەوە و عەمەلیان تێدەکۆشن تۆ بۆ شتێک تێبکۆشە کە زەڕڕەیەک لەو، باشتر لە هەزار عەمەلی ئینس و جین بێ و ئەو جگە لە عیلمی هەقیقەت نییە. "
جا کە بە ڕێگە دا دەڕۆیشت دەسوەشان و عەییارانە دەڕۆیشت بە سێزدە بەندی گرانەوە.
کوتیان " ئەو کەشم و نەشم و خۆبادانت لە چیە؟ "
کوتی " چونکە دەچمە قوربانگا. "
نەعرەتەی لێدەدا و دەیکوت:

**ندیمی غیر منسوب الی شیء من الحیف**
**سقانی مثل مایشرب کفعل الضیف بالضیف**
**فلما دارت الکاس، دعا بالنطع و السیف**
**کذا من یشرب الراح مع التنین بالصیف**

(کوتی: حەریفی من مەنسووب نییە بە حەیف. شەرابێکی دامێ هەرئەوجۆرەی کە میوان دەیدا بە میوانی. کاتێک چەند دەوری گێرا داوای شەمشیر و سفرەی چەرمی [بۆ سەری تاوانبار لە سەر بڕین] کرد. وەهایە سزای کەسێک کە بە چلەی هاوین دەگەڵ ئەژدیها شەرابی کۆن بخواتەوە.)

کاتێک بردیانە ژێر تاق لە باب الطاق پێی لە سەر پەیژە دانا.
کوتیان " حاڵ چیە؟ "
کوتی " مێعراجی مەردان سەری دارە. "

جا شیبلی بەرەو ڕووی وەستا و دەنگی بەرز کردەوە کە " اولهم ننهک عن العالمین؟ "* و کوتی " ما التصوف یا حلاج؟ "
کوتی " کەمترین ئەوەیە کە دەیبینی. "
کوتی " بڵندترین کامەیە؟ "
کوتی " تۆ ڕێی تێنابەی. "

-------------------------

*** ئایا تۆمان لە حەمایەتی عالەمیان مەنع نەکرد؟ (سوورەتی حجر ئایەتی ٧٠)**
**دە کتێبی نفحات الانس دا وەها هاتووە:**
**شیخەلئیسلام کوتی کە " ئەویان لەبەر مەسەلەی ئیلهام کوشت و کوتیان: ئەوەی کە ئەو دەیڵێ پێغەمبەرە و واش نییە. شیبلی لە ژێر دارەکەی وەستا و کوتی: اولهم ننهک عن العالمین. ئەو قازییەی کە حوکمی کوشتنەکەی دابوو کوتی: ئەو ئیدعای پێغەمبەریی دەکرد و ئەمە ئیدعای خودایی دەکا." (ل ١٥١)**

جا هەرکەس بەردێکی پێدادا. شیبلی بۆ هاوڕایی گڵمەتێکی پێدادا. حوسێنی ئیبنی مەنسوور ئاخێکی کرد. کوتیان " لەو هەموو بەردە بۆ هیچ ئاخێکت نەکرد، لە گڵمەتێک ئاخ کردن چ سیڕڕێکە؟ "

کوتی " چونکە ئەوان نازانن، مەعزوورن بەڵام ئەوەم لەبەر گران دێ کە ئەو دەزانێ کە: نابێ بیکا. "

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**هەر ئەوجۆرەی دە پێشەکی ئەم کتێبە دا ئیشارەم پێکردووە دە زمانی فارسی دا وشەی گل بە دوو جۆر دەخوێندرێتەوە گڵ و گوڵ کە من گڵمەتم بۆ هەڵبژارد. شەمسی تەورێزیش دە کتێبی مەقالاتی شەمس دا بە وشەی گوڵی دادەنێ و ئەو باسە وەها دەگێڕێتەوە بەبێ ناو بردن لە شیبلی:**

**دەگێڕنەوە کە وەختایەک لە داریان دا، فەرمانی شەحنەکانی شەرع بوو کە دوای هەڵواسین هەرکام لە خەڵکی بەغدا بەردێکی پێدادەن. هەرکام بەردێکی زلیان پێدادا. دۆستانیشیان ناچار کرد. چارە نەبوو، چەپکە گوڵیان لەبری بەرد پێدادا. دەستبەجێ ناڵەی کرد. بە سەرسوڕمانەوە پرسیاریان دەست پێکرد کە " بەو هەموو بەردە نەناڵای، چەپکە گوڵیان پێدادای، ناڵاندت؟ "**

**کوتی " اما علمتم ان الجفاء من الحبیب شدید. " (ئایا نەتانزانیوە کە جەفای دۆست سەختترە؟ "**

جا دەستیان بڕییوە، قاقایەکی لێدا.

کوتیان " ئەو پێکەنینە چیە؟ "

کوتی " دەست لە پیاوێکی بەستراو جوێ کردنەوە هاسانە، مەرد ئەوەیە کە دەستی سیفات ببڕێ. "

جا پێیەکانیان بڕیوە. بزەیەکی هات و کوتی " بەم پێیانە سەفەری خاکم دەکرد. پێیەکی دیکەم هەیە کە هەرئێستا سەفەری هەردوو عالەم دەکا، ئەگەر دەتوانن ئەو پێیە ببڕن. "

جا دوو باسکی براوەی خوێناویی لە ڕوو هەڵسوو و ڕوو و باسکی خوێناویی کرد.

کوتیان " بۆ وات کرد؟ "

کوتی " خوێنێکی زۆرم لە بەر ڕۆیوە، دەزانم کە ڕووم زەرد بووە. ئێوە پێتانوایە کە زەردیی ڕووم لە ترسانە، خوێنم لە ڕوو هەڵسوو هەتا ڕووسوورم ببینن کە سوراوی مەردان خوێنەکەیانە. "

کوتیان " ئەگەر ڕووت بە خوێن سوور کرد، ئەدی باسکت بۆ خوێناویی کرد؟ "

کوتی " دەستنوێژ هەڵدەگرم. "

کوتیان " چ دەستنوێژێک؟ "

کوتی " رکعتان فی العشق، لایصح وضوء هما الا بالدم " دە ئەشق دا دوو رەکەعەت هەیە کە دەسنوێژەکەی دروست نییە ئیلا بە خوێن نەبێ.

جا چاویان کۆڵی.

قیامەتێک لە خەڵک هەستا و هەندێک دەگریان و هەندێک بەردیان پێدادەدا.

جا ویستیان زمانی ببڕن.

کوتی " ئەوەندە بوەستە هەتا قسەیەک بکەم. "

ڕووی دە ئاسمان کرد و کوتی " خودایە! لەو ڕەنجەی کە بۆ خاتری تۆ دەیبەن، مەحروومیان مەکە و لەو دەوڵەتەیان بێ نەسیب مەکە. ئەلحەملای کە دەست و پێی منیان بڕیوە و ئەگەر سەر لە لەشیش جیا بکەنەوە بۆ دیداری جەلالی تۆ بە سەر داریەوە دەکەن. "

جا گوێ و لووتیان بڕیوە و بەردیان پیدادا.

ئاخر قسەی حوسێن ئەمە بوو کە " حسب الواجد افراد الواحد لە " جا ئەو ئایەتەی خوێندەوە " یستعجل بها الذین لا یومنون بها و الذین آمنوا مشفقون منها و یعلمون انها الحق. "

جا زمانیان بڕی و نوێژی شیوان سەریان بڕی. بزەیەکی هاتێ و گیانی دا.

خەڵک خرۆشیان تێکەوت و حوسێن گۆی قەزای گەیاندە ئاخری مەیدانی ڕەزا و لە یەک یەک ئەندامەکانی دەنگ بەرز دەبۆوە کە " ئەنەلهەق "

ڕۆژی دیکە کوتیان " ئەم فیتنەیە پتر لەوەی دەبێ کە دە حەیاتی دا هەیبوو."

جا ئەویان سووتاند. لە خۆڵەمێشەکەی دەنگی " ئەنەلهەق " دەهات.

حوسێن ئیبنی مەنسوور بە خادمەکەی کوتبوو کە " کاتێک خۆڵەمێشی من بە دیجلە دابکەن، ئاو قەووەت دەگرێ ئەگەر ترسی ئەوە هەبوو کە بەغدا نوقم بکا خەرقەی من ببە بەر لێواری دیجلە هەتا ئاو ئارام بگرێ. "

جا ڕۆژی سێهەم خۆڵەمێشی حوسێنیان بە ئاو داکرد. هەروا دەنگی ئەنەلهەق دەهات و ئاو قەووەتی گرت. خادم خەرقەی شێخی بردە سەر ئاوی دیجلە. ئاو دیسان قەراری گرتەوە و خۆڵەمێش بێدەنگ بوو.

جا ئەو خۆڵەمێشەیان کۆ کردەوە و ناشتیان.

دەگێڕنەوە کە:
شیبلی کوتی:
ئەو شەوە چوومە سەر توربەتی وی و هەتا بەیانی نوێژم کرد. بەرەبەیان موناجاتم کرد کە " خودایە! ئەو بەندەی تۆ بوو، ئیماندار و عارف و یەکخواز، ئەو بەڵایە چ بوو بە سەرت هێنا؟ "
خەو بە سەرم دا زاڵ بوو. قیامەتم دە خەو دا بینی و خیتابم لە هەق بیست کە " ئەوەمان لەبەر ئەوە دەگەڵ وی کرد کە سیڕڕی ئێمەی لای غەیر درکاند. "

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**دە کتێبی نفحات الانس دا هاتووە:**

**ابوالفاتک... شاگردی حەللاج بوو. کوتی " ئەو شەوەی کە بە داریان داکرد، ئەڵڵام دە خەو دا بینی کوتم: خودایە! ئەوە چ بوو کە دەگەڵ حوسێن بەندەی خۆت کردت؟ کوتی: سیڕڕی خۆم لەو ئاشکرا کرد بە خەڵکی کوت. عەتایەکم پێبەخشی مەغروور بوو، بانگەوازی خەڵکی بەرەو خۆی کرد. (ل ١٥٢)**

دەگێڕنەوە کە:
شیبلی کوتی:
ئەوم دە خەو دا بینی، کوتم " خودا چی لەو قەومە کرد؟ "
کوتی " هەر دوو جەمعی بەخشی. ئەوەی کە شەفەقەتی بە من کرد، منی ناسی و بۆ خاتری هەق شەفەقەتی کرد و ئەوەی کە دوژمنایەتی کرد، منی نەناسی و بۆ خاتری هەق دوژمنایەتی کرد. هەر دوو قەومی ڕەحمەت کرد کە هەر دوو قەوم مەعزوور بوون. "

دەگێڕنەوە کە:

کاتێک بردیانە سەر دار، ئیبلیس هات و پێیکوت " ئەنا-یەک تۆ کوتت و یەک من. چۆنە کە هی تۆ ڕەحمەتی بەر دا و هی من لەعنەت؟ "

حوسێن کوتی " چونکە تۆ ئەنا - ت بردە نێو خۆتەوە و من لە خۆم دوور کردەوە. بۆ من ڕەحمەت هات و بۆ تۆ لەعنەت. هەتا بزانی کە منایەتی کردن باش نییە و منایەتی لە خۆ دوور کردنەوە بە غایەت باشە. "

# حەللاج دە کتێبەکانی دیکە دا

# ترجمه رساله قشيريه

حوسێن ئيبنی مەنسوور دەڵێ " هەرکەس ئازاديی دەوێ بڵا عەبدايەتيی بکا دايم. " (ل ٣٤٣)

حوسێنی مەنسوور دەڵێ " هەرکەس مەقامی بەندەيی بە جێ بێنێ بە تەواوەتی ئازاد دەبێ لە سفەتی عەبدايەتيی، بەندەيی بە جێ دێنێ بێ ڕەنج و زەحمەت و ئەمە مەقامی ئەنبيا و سەديقانە " (ل ٣٤٤)

ئوستاد ئيمام دەڵێ لای ئوستاد ئەبووعەلی دەققاق بووم باسی شێخ ئەبوو عەبدولرەحمانی سۆللەمی – يان دەکرد کە " ئەو دە سەماع دا هاوڕايی دەروێشان دەکا. "

ئەبوو عەلی کوتی " بۆ حاڵی ئەو سکوون باشترە. "

هەر دەو مەجليسە دا کوتی " هەستە بڕۆ لای ئەو. ئەو لە کتێبخانە دانيشتووە و لە سەر کتێبەکانی، پەڕتووکێکی پشت سووری داناوە، شێعرەکانی حوسێنی مەنسووری تێدايە، ئەو کتێبە بێنە و هيچ بەو مەڵێ. "

نيوەڕۆ بوو. من چووم و ئەو لە کتێبخانە بوو و ئەو کتێبەی هەر ئەوجۆرەی کە کوتبووی، داينابوو. کاتێک دانيشتم شێخ ئەبووعبدولرەحمان وە قسە هات، کوتی " هەندێک کەس ئينکاری عولەما دەکەن کە سەماع دەکەن. مەرويی – يان لە ماڵێکی چۆل بينی کە وەجدی هەيە و دەسووڕێتەوە. لێيانپرسی، کوتی: لە مەسەلەيەک موشکيلم هەبوو، کاتێک ماناکەيم زانی لە خۆشيان نەمتوانی خۆ رابگرم، هەستام و سووڕامەوە. "

بە منی کوت " حاڵی ئەوانيش وەهايە. "

من ئەو حاڵەم بينی کە ئوستاد ئەبووعەلی بە منی کوتبوو و وەسفی کردبوو، هەموو ئەو قسانە کە کردبووی، شێخ عەبدولرەحمان هەمووی باس

کرد. پێم سەیر بوو، کوتم " چ بکەم دە نێو ئەوان دا؟ " ئاخر بیرم کردەوە و کوتم " ئەوە هیچ ڕێگایەکی نیە جگە لە ڕاستی. " کوتم " ئوستاد ئەبووعەلی سفەتی ئەو کتێبەی کردبوو و کوتوویەتی: ئەو کتێبەم بۆ بێنە بێ ئەوە کە بە شێخ بلێی و من لە تۆ دەترسم و ناتوانی بە قسەی ئەویش نەکەم، چ دەفەرمووی؟ "

دەستەی جزووکانی دەرهێنا و دە نێویان دا نووسراوەیەک لە قسەکانی حوسێنی مەنسووری تێدابوو و ناوی کتێبەکە " الصیهور فی نقض الدهور " بوو و بە منی کوتی: ئەوە هەڵبگرە و بیبە لای ئەو و پێیبلێ من ئەو کتێبە چاو لێدەکەم هەتا چەند بەیتێک بۆ نووسراوەکانی خۆم هەڵبژێرم. "

هەستام هاتمە دەر. (ل ٣٧٦)

## نفحات الانس

حسین بن منصور الحلاج البیظاوی، کونیەی ابوالمغیث –ە، خەڵکی بەیزا بوو لە شارەکانی فارس.

لە واسیت و عێراق دەبوو و دەگەڵ جونەید و نووریی هاوسوحبەت بووە و شاگردی عەمرۆ بنی عوسمانی مەککی – یە. مەشایخ لە کاری دا هاوڕا نەبوون پتر ئەویان ڕەدد کردۆتەوە مەگەر چەندکەس وەک ئەبولعەباسی عەتا و شیبلی و شێخ ئەبوو عەبدوڵڵای خەفیف و شێخ ئەبولقاسمی نەسیرابادیی. ئەبولعەباسی سەریج ڕەزای بە کوشتنی نەدا و فتوای نەنووسی، کوتی "نازانم ئەو دەڵێ چی. "

شێخ ئەبووسەعیدی ئەبولخەیر فەرموویەتی کە " حوسێن مەنسووری حەللاج، پلەی بەرزی حاڵی هەیە، دە سەردەمی وی دا لە مەشریق و مەغریب کەس وەک وی نەبووە. "

شێخەلئیسلام کوتی کە " من ئەو قەبووڵ ناکەم بۆ هاوڕایی دەگەڵ مەشایخ و ڕەعایەتی شەرع و عیلم، هەروەتر ڕەددیشی ناکەمەوە. ئێوەش وەها بکەن لێیگەڕێن و ئەوکەسە کە ئەو قەبووڵ بکا پێمخۆشترە هەتا ڕەددی بکاتەوە.

شێخەلئیسلام کوتی کە:

عبدالملک اسکاف شاگردی مەنسووری حەللاجە. سەد و بیست ساڵ عومری کرد و دەگەڵ شەریف هەمزەی عەقیلی دەبوو. لە بەلخ ئەو و باوکی من و پیری فارسی و ئەبولحەسەنی تەبەریی و ئەبولقاسمی حەنانە هەموو یارانی شەریف هەمزە بوون... باوکی من کوتی کە: عبدالملک اسکاف کوتی کە: جارێک بە حەللاجم کوت کە: ئەی شێخ! عارف کێیە؟ کوتی: عارف ئەو کەسەیە کە ڕۆژی سێشەنبە شەش ڕۆژی مابێ لە مانگی ذوالقعدەی ساڵی ٣٠٩ ئەو دەبەنە باب الطاق لە بەغدا و دەست و پێی دەبڕن و چاوی دەردێنن و سەراونخوون بە داری دادەکەن و دەیسووتێنن و خاکی بە با دەدەن.

عبدالملک کوتی: چاوەڕوان بووم، ئەو خۆی بوو. هەموو ئەوانەی کە کوتبووی دەگەڵیان کرد. (ل ١٥٢)

ئەو شاگردێکی هەبوو بە ناوی هەیکەل. ئەویشیان دەگەڵ وی کوشت بەویان دەکوت: شاگرد الحسین و ئەبولعەباسی عەتاشیان لەبەر وی کوشت. (ل ١٥٢)

# تفسير كشف الاسرار

حوسێن مەنسووری حەللاج دەڵێ " دە سەری بەشەر دا نووری وەحی هەیە، لە نێوان دوو چاوی نووری موناجات، دە گوێی دا نووری یەقین، دە زمانی دا نووری بەیان و دە سینگی دا نووری ئیمان... هەرکات یەک لەو نوورانە گڕ بگرێ، بە سەر نوورەکانی دیکە دا زاڵ دەبێ و ئەوان دەخاتە ژیر دەستەڵاتی خۆی و کاتێک ئارام بگرێ، وەک خۆی لیدێتەوە... کەوایە ئەگەر هەموو نوورەکان وێکڕا گڕ بگرن ئەوسا نووری عەلا نوور دەبێ. " (ب ٢ ل ١٢٨)

حوسێن مەنسووری حەللاج دەڵێ " حیکمەت تیرە و دڵی موئمین ئامانج و خودا تیراوێژە و ئەم تیرە خەتا ناکا. " (ب ٢ ل ٢٣٣)

بە حوسێنی مەنسووریان کوت " دەستی دوعا درێژترە یا دەستی عیبادەت؟'

کوتی " نە ئەمە و نە ئەوە ! ئەگەر دەستی عیبادەتە هەتا داوێنی نەسیب پتر ناگا! و ئەوە شیرکی ڕێگای پیاوانە. ئەگەر دەستی عیبادەتە هەتا داوێنی تەکلیفی شەرعی پتر ناگا! و ئەوە دالانی سەرای ئیمانە. بەڵام دەستێک کە بە پتر لە خولقان دەگا دەستی سەعادەتە لە سەراپەردەی عینایەت شاراوە، هەتا کەی دەرکەوێ و دەست لە سەر کی دابنێ!؟ " (ب ٢ ل ٦٤٧)

# سەرچاوەکان


اسرار التوحید فی مقامات الشیخ ابی سعید، شفیعی کدکنی، انتشارات آگاه، چاپ دوم، ١٣٦٧

ترجمه رساله قشیریه، بدیع الزمان فروزانفر، مرکز انتشارات علمی و فرهنگی، ١٣٦١

تذکرة الاولیا، فریدالدین عطار نیشابوری، دکتر محمد استعلامی، چاپی هشتم، ١٣٧٤

تذکرة الاولیا، عطار نیشابوری، ا. توکلی، چاپ هفتم ١٣٨٧

تفسیر کشف الاسرار، خواجه عبدالله انصاری، حبیب الله آموزگار، چاپی یازدهم، ١٣٧٦

تلبیس ابلیس، ابوالفرج ابن جوزی، علیرضا ذکاوتی قراگزلو، نشر دانشگاهی، چاپ دوم، ١٣٨١

شرح شطحیات، روزبهان بقلی شیرازی، هانری کربین، کتابخانەی طهوری، ١٣٦٠

عوارف المعارف، شهاب الدین سهروردی، قاسم انصاری، انتشارات علمی و فرهنگی، ١٣٦٤

کشف المحجوب، هجویری، تصحیح ژوکوفسکی، چاپ دهم، ١٣٧٨

گزیده مقالات شمس تبریزی، محمد علی موحد، چاپخانه بهمن، ١٣٧٥

نفحات الانس، عبدالرحمن بن احمد جامی، مهدی توحیدی پور، انتشارات محمودی، تهران ١٣٣٧